یەکەمین گۆڤاری کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا
لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی

69
ساڵی شەشەم
ئازاری 2014

پەروەردەکردنی خود

لەگەڵ کامەران موکری شاعیردا

خاوەنی چ جۆرە زیرەکییەکیت؟



داتاکردنی دەروون

لە پێشوازی ڕۆژی "دایک"دا

کەی دێیتەوە؟

چارەسەری کەمخەویی

ئەوەی

خۆی بۆ کارێك ئامادە کردبێت..

لاوازترین هۆکاری بەسە!!

- ئیبن سینا



NO. 69

The first Magazine Specialized in Management and Human Development in Kurdistan

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

ساڵی شەشەم - ژمارە 69 - ئازاری 2014



کارگێڕیو بازاڕسازی

خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار: مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین

بەرزان ئەبوبەکر

دەستەی نووسەران

زاهیر زانا
بێگەرد فارس
محەممەد مێرگەیی
وەهاب حەسیب
محمد هاشم محمد
ئەسکەندەر ڕەحیم
گوڵان حەمە ئەمین
یەحیا محەممەد عەلی

ڕاوێژکاری یاسایی

پارێزەر: ئازاد محێدین

بەشی هونەریو دیزاین

قەیدار ڕەحیم
پشتیوان عبدالرحمن

ناونیشانی گۆڤار

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی- نهۆمی چوارەم- یەکەی -٤٠١-نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی پزیشکان -فولکەی مەلیك مەحمود - نهۆمی زەمینی مۆتێل میلانۆ

٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥ - ٠٧٥٠١٩٥٣٢٣٠

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠

E-mail: bryarmagazin@gmail.com

دابەشکردن: کۆمپانیای پەیك
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

چاپ: کۆمپانیای پیرەمێرد

نرخ 2500 دینار

فەرامۆشکردنێکی ترسناك!

یەکێك لە سیماکانی سەردەم سەرقاڵییەکی بێ ئەندازەو بێ ئەنجامە، هەرچی دەیبینی سەرقاڵەو نازانێت چۆن میلی کاتژمێرەکەی ڕادەکات!

ساڵ وەکو سەعات تێدەپەڕێو تەمەن بە خێرایی دەگوزەرێ..

ئەم سەرقاڵیو ڕاکردنە بێ ئەنجامە هەموو خۆشیو لەزەتێکی دزیوین! جگە لە کۆمەڵێك مادديیات هیچی دی بۆ دەستەبەر نەکردووین..

لەسەر گۆڕەپانی ژیانو خزمەتکردنی مرۆڤ بەردێکمان لەسەر بەردێك دانەناوە!

لە هەمووی ترسناکتر، بەهاترین گەنجینەی ئێستاو ئایندەی میللەتەکەمان فەرامۆشکردووە.. کە ئەویش منداڵو نەوەکانمانە!

ئەو منداڵە بەستەزمانانەی کە هەمیشە سەرزەنشتیان دەکەینو منەتی ئەوەیان بەسەردا دەکەین کە هەموو شتێکمان بۆ فەراهەم کردوونو لە هیچیان کەم نییەو ئێمە لە تەمەنی ئەواندا هیچمان نەبوو!

بەڵێ هەموو شتێکمان بۆ دەستەبەرکردوون، جگە لە پەروەردە!!

هەربۆیە ئەوان مەحرومن! هەموو ئەو شتانەش کە هەیانە زێتر تێکیان دەشکێنێو بە هەڵەیاندا دەبات، چونکە ئاڕاستەیەکی دروست ناکرێن!

ئەوان بێ باوکو بێ کەسن لە واقیعدا..!

ئەحمەد شەوقی دەڵێت:

واذا النساء نشأن فی امیه - رضع الرجال جهاله وخمولا
لیس الیتیم من انتهى ابواه من - هم الحیاة وخلفاه ذلیلا
ان الیتیم هو الذي تلقى له - اما تخلت او ابا مشغولا

شەوقی دەڵێت: ئەگەر ئافرەتانمان لە نەخوێندەواریو نەشارەزاییدا پێگەیاند، ئەوا پیاوان فیرچك بە نەزانیو زەبوونییەوە دەگرن!

هەتیوو بێ باوك، ئەو کەسە نییە دایكو باوکی مردوونو بە تەنیاو زەلیلی لەم دونیایەدا بەجێیان هێشتووە، بەڵکو هەتیوی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دایكو باوکێکی سەرقاڵیان هەیەو فەرامۆشیان کردووەو ئاگایان لە پەروەردەکردنی نییە!!

ئەم وتەیەی شەوقی تەزوو بە ناخی هەموو دایكو باوکێکی دڵسۆزدا دێنێ، بە تایبەت کەسانێك کە ڕێگایان داوە بە بەرچاوی خۆیانەوە منداڵەکانیان هەتیو بکەونو لە ئایندەشدا گیرۆدەی دەیان گرفتی کوشندەبن!

ئەگەر نەوەکانمان دایكو باوکیان هەبا، پەروەردەو فەرهەنگیان هەبا، خەمخۆرو گەورەیان هەبا. پارێزەرو پیاوی ژیرو ڕابەریان هەبا، لە سەرەتای خونچەی لاوێتیدا گیرۆدەی جگەرەکێشانو مەیو ماددەی هۆشبەرو ئیمۆو هەڵسوکەوتی خراپ نەدەبوون!

ئەوان جگە لە فەیسبوكو یوتوبو نێرگەلەو کۆڕی بەزمی شەوانە... دایكو باوکێکی دییان نییە!

تاوانباری سەرەکی ئێمەین، نەك ئەوان، دەوڵەتو دامو دەزگاکانییەتی، کە مرۆڤو بەهاکانی لە هیچ بەرنامەیەکیدا بوونی نییە!

ئێمەین کە وا دەزانین پەروەردە تەنها جلوبەرگی جوانو خواردنی خۆشو ڕابواردنە!

تکا دەکەم.. با چیتر جوانیو وزەو ژیریو مێشکی نەوەکانمان تیرۆر نەکەینو بێ نازیان نەکەینو بە دەستی خۆمان هەتیوو بێ باوکیان نەکەین!

چونکە گەر ئەوان بە ڕاستی بێ باوك بان، دەکرا خزمو دراوسێ چاوێکیان لێیان بوایە!!



کارگێڕی بە گوفتار

- هەروەکو چۆن پەڕ، تاووس دەڕازێنێتەوە، بە هەمان شێوە زانستو ڕۆشنبیری مرۆڤ دەڕازێنێتەوە!

پەندێکی ڕووسی

مرۆڤ نابێت بە زانا، تا نەبێت بە فێرخواز، هەرگیز بە زانستیش نابیت بە زانا، ئەگەر کار بە زانستەکەت نەکەیت!

سەلمانی فارسی

بۆق لەسەر تەختی ئاڵتون دابنێ..
هەر کات زەلکاوی بینی خۆی تێ فڕێ دەدات!

روزان


دادپەروەربە، پێش ئەوەی بەخشندە بیت..
چونکە پێویستییەکان، پێش جوانییەکانن!

شامفور

هەر کەس بەسەر هەواو ئارەزوویدا سەربکەوێت..
بەسەر هەموو جیهاندا سەردەکەوێت!

شکسپیر

پەروەردەکردنی خود



ڕۆژێکیان کابرایەك بە هاودەمی کوڕە سێ ساڵانەکەی بە شەقامێکی شاردا تێدەپەڕی، کوڕەکەی بە دەنگی بەرزو بێ هیچ هۆکارێك دەگریا، هەرچەندە باوکەکەی هەوڵی لەگەڵدا بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو!

لەناکاو باوکەکە دەستی کوڕەکەی خۆی گرتو بە هێمنی گوتی: "پێویستە ئارام بیت (بیلی)، پێویستە کۆنترۆڵی خۆت بکەیتو هەڵنەچیتو توڕە نەبیت.

لەو کاتەدا کابرایەك کە بەلایاندا تێدەپەڕیو گوێی لەم قسانە بوو، هاتە پێشەوەو گوتی: پێم خۆشە دەستخۆشیت لێ بکەم، بەرامبەر بەم پەیوەندییە ناوازەیەی کە دەتەوێت لەگەڵ کوڕەکەتدا دروستی بکەیت، تۆ وەکو پیاوێکی گەورە دەیدوێنیو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت.

باوکەکەش تەماشای کابرای کردو پێی گوت: "ئازیزم، ئەوە لەگەڵ خۆمدا قسەم دەکردو خودی خۆم دەدواند، من خۆم (بیلی)م"!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- دەبێت پەروەردەکردن سەرەتا لە خودی خۆمانەوە دەست پێ بکات.

٢- پێش ئەوەی بەرامبەر فێربکەین، دەبێت خۆمان لەسەر ئەو کارە ڕاهێنابێت.

٣- گوفتاری بێ کردار کاریگەری نابێت، ئامۆژگاری جوان هیچ ئەنجامێکی نابێت، ئەگەر سەرەتا لە خودی خۆماندا ڕەنگی نەدابێتەوە.

٤- دروستکردنی پەیوەندی لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە، کارێکی گرنگەو ئەنجامێکی باشی دەبێت بۆ داهاتووی نەوەکانمان.

٥- ئێمە ئاوێنەی نەوەکانی خۆمانین، لە ئێمەوە هەموو شتێك دەبیننو بێگومان کردارو گوفتاری ئێمە لە ژیانی ئەواندا ڕەنگ دەداتەوە.

تەنها بۆ سەرکردەکان

ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!

سەرکردەی لێهاتوو بە خزمەتکردنی دەوروبەری سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، نەك لەسەر حیساب و توانای دەوروبەری!

جاکسون براون

ئەو کەسەی دەیەوێت سەرکردایەتی ئۆرکسترا بکات، دەبێت پشت لە جەماوەر بکات!

جیمس کروك

جوانترین دەنگ و دەربڕین لە ژیاندا، دەنگ و دەربڕینی سوپاس و ستایشە!

زینفونون

سەرکردەی لێهاتوو بە توانا، ئەو کەسەیە کە خاوەنی هێزو تواناو جەماوەرەو هەرگیز ئەو دووانەش بە خراپ بەکارناهێنێت...!

هینری دوهیرتی

شکست بە ئەندازەی خۆی بریتییە لە سەرکەوتن.. ئەگەر توانیمان لێوەی فێربین!

مالوکولم فوربز



زاراوەی کارگێڕی

وەهاب حەسیب محەممەد

بەرنامەکان (البرنامج):

بریتییە لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە: ئامانجەکان، پلانەکان، بنەماکان، هەنگاوەکانی کارکردن، سەرچاوەکانی ماددی، مرۆیی، هۆکارو ڕەگەزەکان، بۆجێبەجێکردنی کارێك، یان پلانێکی دیاریکراو. بە واتایەکی تر دەتوانین پێناسەی ئامانجەکان بکەین بە: پلانە بۆ کارێکی بچوکی دیاریکراو، لە پلانی گشتی کارکردنەوە سەرچاوەدەگرێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەو شێوەیە بە پلانی (٥) ساڵە لای وەزارەتی گەیاندن ناودەبرێت، بەپێی بەرنامە پرۆژەکان فراوانتر دەبن، وەك زیادکردنی هێڵێکی بەرهەمهێنان لە ماوەی (٢) ساڵی ئایندەدا، هەروەها بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریو گەیاندنی کارەبا بۆ گوندنشینان. تێبینی دەکرێت بەرنامەی گەورە پێویستی بە بەرنامەی لاوەکی هەیە بۆ تەواوکردنو خزمەتکردنی بەرنامە گەورەکە بۆ نموونە کۆمپانیاکی فڕین (طیران) چەند فڕۆکەیەکی نوێ دەکڕێت، ئەمکارە ڕاستەوخۆ چەندین بەرنامەی لاوەکی لەسەر بنیاتدەنرێت لەوانە: بەرنامەی چاککردنەوەی فڕۆکەکان لەلایەن کۆمپانیاکەوە، بەمشێوە دەبینرێت کارکردن لە هەر بەرنامەیەك لە ڕێکخراوێکدا کارێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بریتییە لە کارێکی داتاشراو، یان لاوەکی بە مەبەستی بەدیهێنانی پلانێکی دیاریکراو، یان ئامانجێکی بانگەواز بۆکراو، پلان (پلانی ڕۆژانە و...) لە ڕاستیدا کۆمەڵێك بەرنامەی تەواوکارییە لە شێوەی ماوە، یان ماوەی دیاریکراو، کە خزمەت بە ئامانجێکی دیاریکراو دەکات لە مەودایەکی دووردا.

کەسێتی (الشخصیة):

کەسایەتی بەوە پێناسە دەکرێت کە پێکهاتەی کۆمەڵێك تایبەتمەندی ئاکاریو دەروونییە، تاکێك لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە، ئەم پێکهاتانە بۆماوەیین (واتە لە باوانەوە گەیشتوون بە نەوەکان) یان وەرگیراون، کەسەکان لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەکانی ژیان لە منداڵییەوە بەدەستیانهێناوە، ئەم تایبەتمەندییانە لە شێوەی ڕەوشتدا لە هەڵسوکەوتی تاکەکان لەگەڵ کەسانیتردا دەردەکەون، لە بارودۆخە جیاوازەکاندا ئەم هەڵسوکەوتانە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی ڕەوشتی ڕابردووی کەسەکانو دەرکردنی بڕیار لەسەر ڕەوشتی داهاتوویان.

کەسێتی ئیعتیباری(الشخصیه الإعتباریه):

بریتییە لە کەسایەتییەك، کە سیستەم (سیستەمی ڕامیاری) بڕیار لەسەر دامەزراوەیەکی ڕێکخراو دەدات بە سەربەخۆو ئازادی هەڵسوکەوت بکات بە تایبەت لە بواری داراییو بەڕێوەبردندا، هەروەها بە کەسایەتی مەعنەویش گوزارشتی لێدەکرێت. پێناسەی کەسێتی مەعنەوی بریتییە لە: ڕێکخستنی کۆمەڵێك خەڵك، یان دراو، کە لە ڕووی یاساییەوە دانپیادانراون. کەسایەتی جێباوەڕ سەرەتای بەدانپیانان لە ڕووی یاساییەوە دەستپێدەکات وەك ڕێگەپێدان بە کۆمپانیایەك، باوەڕکردن بە دەوڵەتێك بەشێوەیەکی فەرمی، یان مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك دیفاکتۆ، تۆمارکردنی دامەزراوەیەکی خێرخوازی تایبەت (وەك ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور).

جۆرەکانی کەسێتی ئیعتباری:

یەکەم: کەسایەتییە جێباوەڕییە گشتییەکان: وەك دەوڵەتو بەشەکانی، بە نموونە: هەرێمەکان، وەزارەتەکان، دامەزراوەکان، زانکۆکانو نەخۆشخانەکان.

دووەم: کەسێتی جێباوەڕییە تایبەتییەکان وەك: کۆمەڵێك خەڵك، یان کۆمپانیا بازرگانییەکان (گرێبەست لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر بۆ هاوبەشی لە پرۆژەیەکی دیاریکراو لەسەر بنەمای دابەشکردنی قازانجو زەرەر، ڕێکخراوەخێرخوازییەکان، کۆمەڵێك خەڵکی ئاسایین کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك کە خێرخوازییە. بڕێکی دراو، وەك پارەی وەقف (هەڵگرتنی بڕێکی دیاریکراو لە ماڵی خودا، بۆ قازانجی بەندەکانی خودا)، دامەزراوەیەکی خێرخوازی تایبەت وەك پاداشتی نۆبڵ. سەرەتای کەسایەتی ئیعتباری بە ڕێگەپێدانو باوەڕی فەرمی حکومەت دەستپێدەکات.

تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئیعتباری: ناوی بازرگانی کۆمپانیا، یان دامەزراوەکە، کەسایەتی ئیعتباری دەتوانێت سوود لە پاڵپشتی یاسایی وەربگرێت، پێناسی کەسی ئیعتباری جیاوازە لە پێناسی ئەندامەکانی، دیاریکردنی شوێنی کارکردن (دیاریکردنی جێگای سەرەکیو لاوەکی کارکردن)و ئەو بڕەپارەیەی وەك بارمتە دەکەوێتە ئەستۆی. بەشێوەیەك دەبێت ئەو بڕە دراوەی لە ئەستۆی کۆمپانیا، یان دامەزراوەکەیە سەربەخۆبێت لە گیرفانی ئەندامەکانی، توانای کارکردن سەرەتا بە تۆمارکرنو دانپیادانانی یاسایی دەستپێدەکات، پاشان ئەو ئەرکو مافانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیاکە.

ن: شیری بایکۆسفی..
و. بۆ عەرەبی: محمد عنان..
و. بۆ کوردی: زانکۆ قەرەداغی



500 بیرۆکەی قەشەنگ

بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێك...

٤٥٢- گەیشتن:

کاتێ دەگەیتە ئوتێل، بزانە چواردەورت کوێیە، شوێنی فرۆشگەیەکی گونجاو، دەرمانخانە، سەرتاشخانەو ئۆفیسێکی پۆستە دیاری بکە، داوای ڕێنمایی لە پرسگەی ئوتێلەکە بکە بۆ دەستکەوتنی نەخشەیەکی ناوچەکەو هەر ڕێنماییەکی بەسود بۆ گەیشتنە ئەو شوێنانەی پلانت داناوە سەردانیان بکەیت.

٤٥٣- دوای گەڕانەوەم:

لە دوا ڕۆژەکانی گەشتەکەتدا، لیستێك بە ناوی ئەو شتانە دروست بکە کە دوای گەڕانەوەت پێویستت پێدەبێت، چ شتی ماڵەوە، چ شتی ئیش‌و کار، پەیوەندی تەلەفۆنی، چاککردنەوەی هەندێ شت، نامەو ئەو شتانەش بنوسە کە دەتوانی دوایان بخەیت، بەڵام ترسی لە یاد چونیانت هەیە.

٤٥٤- یادنامەیەکی کاتی بۆ سەفەرەکەت:

ئەگەر زۆر پێویستت نەبوو، ئەجەنداکەت لەگەڵ خۆت مەبە، بەڵکو ئەجەندایەکی کاتی بۆ سەفەرەکەت بەکاربهێنە، ناوی خۆتو ڕێ ڕۆیشتنی سەفەرەکەتی تێدا بنوسە، لەگەڵ ژمارە تەلەفۆن بۆ پەیوەندیکردن پێتەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی ونبوونی ئەجەنداکەدا بتوانرێ پەیوەندیت پێوە بکرێت، ناونیشانی ئەو کەسانە بنووسە کە نامەیان لەگەڵدا ئاڵو گۆڕ دەکەیت، یا ئەجەندەی سەفەرەکەت لەو جۆرە بێت کە لە بەشی کۆتاییەکەیدا جێگەی هەڵگرتنی پول‌و کارتی پۆستی هەبێت، لەم جۆرە ئەجەندانە لە فرۆشگاکاندا دەست دەکەوێت.

٤٥٥- جانتای گەورە:

ڕەنگە لە سەفەرەکەتدا شتی زۆرت کڕیبێت، زیاتر لەوەی لە جانتاکەنتا جێگای بێتەوە، قورستر لەوەی بۆت بگاتە فڕۆکەخانە، بێتاقەت مەبە، بیر لەوە بکەرەوە بە ڕێگای ئاویدا بینێریتەوە، جانتایەکی گەورە پەیدا بکەو هەموو ئەو شتانەی تێدا کۆبکەرەوەو لە بەندەرێکەوە ڕەوانەیان بکەرەوە.

٤٥٦- کارتی ئیش‌وکاری زیاتر:

ئەگەر لە سەفەرێکی تایبەت بە ئیش‌و کاردا بوویت، لە جانتاکەتدا دەستەیەك کارتی ئیش (بطاقة العمل)ی زیادە دابنێ.

٤٥٧- خەرجییەکانی سەفەری کار:

لە کاتی سەفەرکردنت کە پەیوەندی بە کارەکەتەوە هەبوو، پارەکانت پێش سەفەر دیاری بکە، بەمەش دەتوانی حساب بە ڕێك‌وپێکی ڕابگریت، بەڵام خەرجی تایبەتی خۆت، ئەوا دەبێت لە حسابێکی جیادا ڕابگریت.

٤٥٨- کارتی بانك چاکترە:

لە کاتی سەفەری کاردا چاکتر وایە ئەوەندەی دەگونجێت کارتی بانك بەکاربهێنیت نەك پارە، چونکە بەکارهێنانی پارە زۆر شتی لاوەکی هەیە وەك: وەرگرتنی وەصل، نوسینی لە دەفتەردا، لە کاتێکدا کارتی بانك مانگانە ئاسانکاریت بۆ دەکات بۆ زانینی هەموو ئەو شتانە، ئەگەر لە ئەجەنداکەتدا تۆمارت کردبێت، یان نا!

٤٥٩- بەدواداچونی ئەلیکترۆنی:

بەدواداچونی خەرجییەکانی سەفەر لە سەفەری کاردا پێویستە، دەکرێت ئەو بەدواداچوونە لە ڕێی ئەم شتانەوە بکرێت: تۆمارکردنی شریتێك، نوسین لە ئەجەندایەکدا، یان هیچ نەبێت لەسەر پەڕەیەك، بەڵام ئەگەر سەفەری ئیشت زۆربوو، ئەوا پێویستت بەو ئامێرە ئەلەکترۆنییە هەیە کە زانیارییەکانتی تێدا تۆمار دەکەیت، ئەویش لەناوخۆیدا بەش بەشیان دەکاتو پۆلێنیان دەکات، دەتوانی ئەم ئامێرە بۆ شتی تریش بەکاربهێنیت.



بەشی دووەم

عەلی عەبدولا ئەحمەد

بەڕێوەبردنی قەیران چییە؟

تایبەتمەندییەکانی قەیران:

کرداری پێشبینیو بەرگریو ڕێگەگرتن لە ڕوودانی قەیرانو کاردانەوەو چاکسازی دوای ڕووداو بە قەیران دەناسرێت.

زانستێکی پراکتیکییە کە بە هۆی سەیرکردنو تێڕوانینی سیستماتێکی قەیرانەکانداو شیکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکان بۆ دۆزینەوەی داموو دەزگاو ئامراز گەلێك کە بتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕێگە لە ڕوودانی قەیرانەکان بگیرێت، یاخود لە دۆخی ڕوودانیدا سەبارەت بە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئامادەکاری باشو پێویست بۆ یارمەتیدانو فریاگوزاری خێراو باشترکردنی بارودۆخەکە هەنگاو بنێت.


لەم ڕۆژانەدا سەرەکیترین خاڵە لاوازەکانی بەڕێوەبردنی قەیران، نەبوونی هەماهەنگیو پەیوەندیو هاوکاری ئۆرگانەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکان، کەموو کوڕی لە پلانو یاسا گشتییەکانو پەرتو بڵاوەیی سەرچاوە داراییەکان بەربەستە. بەڵام خۆشبەختانە خاڵی بەهێزی زۆرو فراوان هەن کە ئەزمونو لێهاتوویيو شارەزایی بەسوودی لە خۆگرتووە لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکانو ڕۆحی هاوکاری مرۆڤانە لە کۆمەڵگاداو بەشداری باشو کاراو بەنرخی خەڵکیو هاوڵاتیانو ڕێکخراوەکانی (NGO)ی وەك مانگی سوور کە دەتوانرێ بە چارەسەرکردنو نەهێشتنی خاڵە لاوازەکانو گرنگیدانو جەختکردنی زیاتر لە سەر خاڵە بەهێزەکاندا ڕێگە هەموارو خۆش بکرێت بۆ کارامەیی باشترو زیاترو بەهێزتر لە بەڕێوەبردنی قەیراندا. دەبێ مەترسییەکانو هەلو دەرفەتەکان بە تەواوی بناسرێنو دیاری بکرێنو خۆمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانو هەڕەشەکانو سوودوەرگرتن لە هەلو دەرفەتەکاندا ئامادە بکەین.

مەترسییەکان:

بریتیین لە: کەمبوونەوە لە حەزو ئارەزوو باوەڕی هێزە خۆبەخشەکانو هاوڵاتیان لە هاوکاری پێویست لە خزمەتگوزارییەکانی پێویستدا، بەردەوامبوونی کۆمەڵێك لە کێشەکان، کەموو کوڕییەکان لە ئاسانکارییەکانو سەرچاوەکانی ئەو ئامێرو ئامرازانەی کە کاری فریاگوزاریو یارمەتیدانی شلو خاو دەکەن سەرەڕای زیادبوونی ڕێژەوی گشتی کۆمەڵگەدا.

هەل (دەرفەت)ەکان:

بریتین لە ڕێچکەو ڕێڕەوی ڕوو لە زیادبوونی گەیاندنی زانیاریو ئاگادارکردنو تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان، وەك ئینتەرنێتو سیستەمە پەیوەندیدارەکان بە سەتەلایتەوە، تەکنەلۆجیای جیهانی لە چوارچێوەی ئامێرە فریاگوزارییەکان، بەرزبوونەوەی بیروباوەڕی گشتی سەبارەت بە هەبوونی مەترسیو هەڕەشە بۆ وڵات کە لە هەموو کاتو ساتێکدا لە بەرزبوونەوەدایەو دۆخی ئێستای جیهانی مایەی گرنگی پێدانی زیاترو پشت بەستنی زیاتری خەڵکی بە ڕێکخراوەکانی (NGO) بووە. لە ڕاستیدا بەڕێوەبەری قەیران وەك کەسێك کە کاری هەماهەنگیو پەیوەندیو ڕێکخستنی هاوکاری لە نێوان ئۆرگانەکانی خزمەتگوزارو دیاریکەری نەخشە ڕێگای چالاکیەکانو دەبێ بە لایەنی کەم لە ناو خودی ئۆرگانو ڕێکخراوو بەڕێوەبەرایەتییەکەدا ئامادەباشی هەبێت، سیستەمە کارگێڕییەکان باشتر بکاتو چاکسازییان تێدا بکاتو لە بەکارهێنانی تاکتیکەکانی بەڕێوەبردندا، کارامەییو تواناو کاریگەری بەخشینی تاك بەرز بکاتەوەو گرنگیو ئاگاداری هۆکارە کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگییەکانی قەیران بێتو لە بەرچاویان بگرێت. بەڕێوەبەری قەیران دەبێت دابەشکردنی دەسەڵاتو دابەزینیو سپاردنی بۆ یەکەکانو کەسانی خوارووی خۆی لە بەرچاو بگرێت، واتە ئاستی دەسەڵاتی هەرکەسێك بە پێی پێویستییەکانی دیاری بکرێت، تاوەکو لە تێکەڵبوونو زیادەڕۆییو تاکڕەویو پاوانخوازی لە دەسەڵاتەکاندا ڕێگە بگیرێت. لە بەڕێوەبردنی قەیراندا زۆربەی کات چەند ڕێکخراوێك، یا هێزی جۆراوجۆر خەریکی ئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەرکو کار دەبنەوە کە دەبێ بە هەماهەنگی تەواو لەمەڕ ڕێگری لە ڕوودانی قەیران، کەمکردنەوەو دابەزاندنی کاریگەرییەکانیو ئامادەبوونی پێویست پێی هەڵسن. هەروەها ئەم ڕێکخراوو فەرمانگەو هێزانە بەشێوەیەکی باش ئامادەکاری بکەن سەبارەت بە ئەنجامدانی کارە سەرەتاییەکانو هەنگاوە سەرەکییەکان، هەروەها باشترکردنی کارەکانو بارودۆخی پاش ڕوودانی قەیرانەکە.



مامۆستا فازیل شەورۆ | بەشی چوارەم

دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت)سازیو (زانست)سازیی لە کوردستاندا

بۆچی وانەی تایبەت لە ڕۆژئاوادا زۆر باو نییەو ڕەواجی باشی نییە؟

گوتاری خوێندنی ئەوان لەسەر بنەمای (پێویستییو دابینکردنی پێویستییەکان) دارێژراوە، (کە ئەمەش چەمکێکی فەلسەفەیە نامەوێت لێرەدا باسی بکەم. مرۆڤ کە تینووی بوو، ئاو دەخواتەوە، چونکە تینوویەتییەکەت ناچارت دەکات ئاوی بۆ دابین بکەیت. بەڵام دوای تینووشکانەکە، مەیلی ئاو خواردنەوەت نامینێ. کەواتە کە ئەوان توانیان تینوویەتی خوێندکار لە زانستو ئەدەبو هونەردا بشکێننو ئاوی پاکو سافو زۆریان بۆ دابین بکەن، (خوێندکاران) چ پێویستیان بە زیادە ئاو هەیە.

چۆن ڕۆژئاوا توانیویەتی، خوێندکارەکانیان بگەیەننە ئەو پلە بەرزەو تینوویەتیان بشکێنن؟

هەر چەندە ئەمە خۆی باسێکی پەروەردەیی قووڵو فراون هەڵدەگرێ، بەڵام ئاماژە بە چەند سەرە قەڵەمێک دەکەم، چونکە پەروەردەکارانی خۆمان (لە باوانو مامۆستایان) سوودی لێ دەبینن:

مەڵبەندی خوێندن، لە لای ئەوان، لەماڵەوە دەستپێدەکات، تەنانەت کە منداڵەکە هاتە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، زۆر باش توانای نووسینو خوێندنەوەی هەیەو لە زانیارییە فرە بابەتەکاندا دەوڵەمەندە. سا سەرەڕای پۆلی بچوك بچوكو مامۆستای شارەزاو دڵسۆزو کارکەر، خوێندکار لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا پۆلی دوانزەهەمی بنەڕەتی (سێ) یارمەتیدەرو پاڵپشتی هەیە کە هەمیشە خەمخۆری ئەوانن:

یەکەم: ڕۆژانە کۆتا وانە، مامۆستاو خوێندکارەکان لە هۆڵێکی گەورە بە یەکەوە دادەنیشنو هەر خوێندکارێك ئەو ڕۆژە بابەتێك تێنەگەیشتبێ، یان پرسیارێکی هەبێ، ئەوا یارمەتی دەدرێو وانەکەی جارێکی دیکە بۆ ڕوون دەکرێتەوە.

دووەم: ئەگەر خوێندکارێك، بۆ نموونە لە دەرسی مامۆستای ئینگلیزی هەر بە خراپی مایەوە، ئەوا مامۆستای دووەم، کە ئەویش هەر بابەتی ئینگلیزی دەڵێتەوە، یارمەتی ئەو خوێندکارە دەدا، تا دێ لە سەر پای خۆی بوەستێ، ئەوسا تەسلیمی مامۆستاکەی خۆی دەکاتەوە، - بێگومان مامۆستای یەکەم ئەم کارەیان لەبەردڵگران نییەو ئەمە هیچ لە کەسایەتی مامۆستای یەکەم کەم ناکاتەوە، ئەوە چالاکییەکی پەروەردەیی سەرکەوتووە.

سێیەم: لە هەر خوێندنگەیەکدا مامۆستایەکی شارەزاو لێزانو بلیمەت هەیە، کە بە تەنیا لە ژووری خۆی دادەنیشێو هیچ دەرس ناڵێتەوە، هەمیشە دەرگاکەی کراوەیە بۆ خوێندکارو باوانیان بۆ لابردنی هەر کۆسپو تەگەرەیەك کە دێتە سەر ڕێگایان، جا کێشەکە دەرسو دەوور بێ، یان گرفتو تەنگو چەڵەمەی تاکەکەسی، یان خێزانی بێت، ئەو مامۆستایە پێی دەگوترێت (ڕابەرو ڕێنیشاندەر)، دڵسوزانە کێشەکان وەردەگرێو چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە. بە کوردیو بە کورتی، کە خوێندکار دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پشتی لێدەکاتەوە، باری دەروونیو جەستەیی تەندروستو ساغە، وانەکان تێگەیشتووە، پەیوەندییەکان خۆش مەشرەبن، ئەرکو واجیبی ئەو تۆی نییە لێی بترسێو پێی نەوێرێ نارەحەتی بکات. کەواتە مامۆستای خسوسی بۆچییە.؟؟ ئەو وەك گوتم تەنیا ئەو وەختە پەنا بۆ مامۆستای خسوسی دەبات کە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزی لێ یاخی ببێ.

وانەی تایبەت لە کوردستانی خۆماندا:

لەبەر کەمی، یان نەبوونی سەرچاوەو توێژینەوەی زانستی لە مەڕ وانەی تایبەت لە کوردستاندا، ناچارم هانا بۆ ئەزموونی سیو پێنج ساڵەی خۆم بەرم -وەکو مامۆستایەك کە وانەی هەموو قۆناغەکانی گووتبێتەوە، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی تا چواری کۆلێژی زمان، لە کوردستانو وڵاتی لیبیاو ئێرلەندا-چاو خشانێکی خێرا بەسەر ئەتلەسی خوێندن لە کوردستان، ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێ، کە تاکی کورد، زۆر حەزی لە خوێندنو خوێندەوارییە، سەرەڕای ئەو هەموو نەگبەتیو ماڵوێرانیو بارە سەختەی بەسەری هاتووە لە مێژووی پڕ کارەساتی گەورەیدا، هەرگیز خوێندنی فەرامۆش نەکردووە. هەر بۆ نموونە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو شارو گوندو لادێ نەبووە خوێندەواری تێدا نەبووبێت، ئەوە سەرەڕای بروانامە بەرزەکانی هێندێ لە کوردانی ناوەوەو دەرەوەدا وەدەستیان هێنا بوو، ئەوە لە کاتێکدا، لە هەمان سەردەمدا، لە وڵاتێکی وەك لیبیای ژێر حوکمی ئیتالیا، ڕێژەی خوێندەواری لە سەدا یەك بووە، واتا لە سەدا نەوەدو نۆی خەڵکی لیبیا نەخوێندەوار بووە. ئەستێرەی گەشی ئەو کاروانە، لە کوردستان، مامۆستای ئاینیو مامۆستای خوێندنگەکانو ڕۆشنبیرو شاعیرو ئەدیبەکان بوون. بە هەزارەها نموونە هەن کە خۆبەخشیو گیانفیدایی ئەوان لەم مەیدانەدا زیندوو ڕادەگرن. هەروەك میسالێك، شاعیرێکی وەکو (ڕۆستەم حەوێزی) بە دەستی خۆی پۆستەری دەنووسیو بە سواری وڵاغ لە کۆیە دەیبردە پشدەرو قەڵادزێ، لەوێ بڵاویدەکردەوە، چونکە ئاستی خوێندەواری لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەو ناوەدا زۆر گەشو بەرچاو نە بووە. مامۆسایان بە درێژایی مێژوویان، لەسەر ئەو ڕێچکە ڕۆیشتوون، هەوڵدانی بێ ماندووبوون بۆ بەرەو پێشبردنی ئاستی خوێندەواری بە شێوەیەکی خۆبەخشانەو بێ بەرامبەر، هەموومان هەڵوێستی مامۆستایانی ساڵانی ١٩٩٠ مان لە بیرە کە دروشمی (سەری بەرز بۆ مووچە دانانەوێنین) بوو. کەواتە وانەی تایبەت لە کولتووری کوردەواریدا جێ پەنجەی دیار نییە. هەموو مێژووی وانەی تایبەت لە کوردستاندا، لە پەنجا ساڵ تێپەڕ ناکات، ئەوا لە کاتێکدا لە شارێکی وەکو بەغدا بە حوکمی ناوەندو گایەی خوێندنو بازرگانیو ئەدەب، پێش ئەم فەترەیە وانەی تایبەتی تێیدا گوتراوەتەوە. لە شارێکی وەکو هەولێر، کە قەرەڵەباڵغترین شاری کورد بووە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هەر بابەتێکی زانستی پتر لە یەك، یان دوو مامۆستای خسوسی نەبوو، - نامەوێت ئاماژە بە ناوەکانیان بکەم، بە هەمان شێوە شارەکانی سلێمانیو دهۆك، ئاشنای ئەم جۆرە وانەیە نەبوون. ئەوا لە کاتێکدا لە شارێکی وەکو کۆیە، یان ڕانییەو زاخۆو ئامێدی، هەر عەیبو شورەیی بووە، مامۆستا بە پارە وانە بڵێتەوە. ئەوان بە دوو شێوە دەستی خوێندکارەکانیان دەگرت، زۆربەی جار دوای دەوام، یان لە ڕۆژانی هەینیو پشووەکاندا، خوێندکارەکانیان دەهێنایەوە قوتابخانەو وانەی ئیزافیان بۆ دەگووتنەوە، یان تاك تاك خوێندکارەکە دەهاتە ماڵی مامۆستاو دەرسی دەخوێند بێ بەرامبەر. لەم چالاکییە، ئامانجی مامۆستاکان، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنو پلەوپایەی خوێندکارەکان بوو.

بەرە بەرە، دوای بووژانەوەی باری ئابووری خێزانەکانو پەیڕەوکردنی نمرەی بەرز بۆ کۆلێژە بەرزەکان لە ڕێگای قبوڵی مەرکەزییەو دابەزینی ئاستی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی، وانەی تایبەت هات بازاڕێکی سەرەتای بۆ خۆی پەیدا بکات. دەتوانم هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەك سەرەتایەك دەستنیشان بکەم. کورە دەوڵەمەندو خوا پێداوەکان ڕوویان لە گرتنی مامۆستای خسوسی کرد. لەبەرئەوەی وانەی تایبەت لەو ڕۆژگارەوە تا ئەمڕۆ یەك ئامانجی هەبووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زێتر ڕووە بازرگانییەکەی وەرگرت، نەك ڕووخسارە زانستییەکە. ئامانجی ئەم چالاکییە تەنیا بەدەستهێنانی (نمرەی بەرز) بووە. کە ئەمەش گەورەترین کارەساتە لە پەروەردەو خوێندنی کوردیدا. بەدەستهێنانی (پلەی بەرز)، ڕێڕەوی خوێندنو ئاستی خوێندنی بەرەو خەرەندێکی زۆر دژوارە ترسناك بردووە. ئێستا، کە وانەی تایبەت بۆتە چالاکییەکی بازرگانیو قازانجو زەرەر بۆتە مەحەکی بازارەکە، دوو دیاردەی ترسناك سەری هەڵداوە: یەکەم:- خوێندکار چاوی لە نمرەیە، نەك زانستو زانیاری، چونکە پێویستییەکەی ئەو نمرەیە. دووەم:- مامۆستا هەموو هەوڵی ئەوەیە نمرەکە بۆ خوێندکار وەدەستبێنێ، چونکە خوێندکار هەر ئەوەی لێ داوکراوە- لەو نێوانەدا بەرە بەرە ڕووخسارو ناوەرۆکە زانستییەکەی خوێندن دادەبەزێو بەرەو لێژی دەڕوات. تا ژمارەی داخوازی لەسەر نمرە زێتر بوو، مامۆستا زێتر لە پایە زانستییەکە هاتە خوارێ، بووە سەپانی نمرە وەدەستهێنان.

باوانی خوێندکارانو سیستمی وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژەکان لەسەر بنەمای نمرەیە، ئەمەش زێتر ئاگری ئەو بازاڕەیان خۆشکرد. دایكو باوك نمرەی دەوێ، سیستمی ناوەندی وەرگرتن نمرەی دەوێ، کەواتە مامۆستای باش ئەو مامۆستایەیە کە نمرەی باش وەدەستبێنێ نەك زانستی باش. زانست پێوەر نییە لە دەستنیشانکردنی دوا ڕۆژی خوێندکاردا.

چەند نموونەیەکی ڕاستەقینە دەهێنمەوە، تا خوێنەر بزانێ، کە وانەی تایبەت چۆن بۆتە ئافاتێکی زانستیو ئابووریو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی لە ناو کوردەواریدا.

هەموو شتێك نرخی خۆی هەیە

و: محەمەد مێرگەیی

گورگێك بە دەســت برسێتییەوە دەیناڵاند، بۆیە زۆر بێهێز ببوو، لەو کاتەدا کە برســیو بێهێز بوو، سەگێکی زلی بەهێزو قەڵەوی، لە سەگەکانی پاسەوانیی دیت.. گورگەکە هەر زوو زانی ئەم ســەگە ناتوانێت بەرەنــگاری بێتەوە، بۆیە بە خەندەیەکی فێڵبازانــە لێــی نزیك بووەوەو پێی گوت: ئەی ســەگی برام تۆ چەند گەورەو قەڵەوو بەهێزی!!

ســەگەکە وەڵامیدایەوە: بەڵێ دەزانم برای گورگم.. تۆش گەر بتەوێــت وەکــو من بەهێزو قەڵەو دەبیت.. تۆ جێگاکەت ســاردو شــێدارە، ئاگری تێدا نییــە گەرمت بکاتەوە، هەمــوو ڕۆژەکانی ژیانــت بە ململانێو هەوڵدان بۆ پەیداکردنی خواردنێکی ســادە بەسەردەبەیت، بۆیە لەگەڵ من وەرە، کارێکت بۆ دەدۆزمەوە، تاکو من چیم دەستدەکەوێت تۆش بە هەمان شێوە بەدەستی بهێنیت.

گورگەکە گوتی: لە بەرامبەر ئەمەدا دەبێت من چی بکەم؟

ســەگەکە وەڵامیدایەوە: هیچت لەســەر نییــە، تەنها ئەوە نەبێت پشــیلەو سوالکەران بترسێنیت، شانازی بە خاوەنەکەتو خێزانەکــەی بکەیــت، کلکــت بۆیــان بجوڵێنی. لــە بەرامبەر ئەمەشدا خواردنێکی زۆرو بەتاموچێژ بەدەستدەهێنی، هەروەها بایەخێکی باشیشت پێدەدرێت.

گورگەکە کە گوێی لەم قسانەی سەگەکە بوو، خەریکبوو لە خۆشــیاندا باڵی دەگرت، ئیتر بــە خێرایی کەوتە دوای هاوڕێ تازەکەی.

لە ڕێگادا گورگەکە تێبینی شــوێنەوارێکی لە ملی سەگەکە بەدی کرد، بۆیە لێی پرسی: ئەی ئەوە چییە بە ملتەوە؟

ســەگەکەش وەڵامیدایــەوە: هیــچ نییــە، بــەڵام گورگەکە پێداگری کرد لەسەر پرسیارەکەیو دووبارە گوتی:

-ئەوە چییە بە ملتەوە؟

سەگەکە گوتی: لەوانەیە شوێنەواری ئەڵقەو زنجیر بێت.

گورگە لەڕو لاوازەکە گوتی: ئەڵقە؟؟!!

کەواتە تۆ سەربەســت نیتو ناتوانیــت بە ئارەزووی خۆت بجوڵێیتەوە، ئەمە بۆ من دەست نادات.

تۆ تاموچێژ لە ژیانی خۆشی خۆت وەرگرە، منیش چێژ لە سەربەستی خۆم وەردەگرم، ئیتر گورگەکە بە غاردان گەڕایەوە شوێنە دێرینەکەی خۆی لە نێو دارستاندا.

لە ڕێگاشــدا لەبــەر خۆیەوە هــەر دەیگــوتو دەیگوتەوە: (هەموو شتێك نرخی خۆی هەیە).

سەرچاوە: گۆڤاری (مجلتی)



کۆمپانیای **عقـارات** شرکة

حاجی سـلام

HAJI SALAM REAL ESTATE CO.

بۆ کرین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو و زەوی و شوقە

لبیع و شراء وایجار فلل وشقق

FOR SELING BUYING AND RENTING APARTENT AND HOUSE

کۆمپانیاکەمان یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی عەقارات لە شاری هەولێر و دەوروبەری

• **پێك هاتەی کۆمپانیا:**

کۆمپانیا پێك دێت لە 10 لق کە دابەش بووە لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری

• **کارکردن:**

نزیکەی 30 فەرمانبەری لێ هاتوو و بە توانا و دەست پاك و دلسۆز لە لقەکانمان کاردەکەن بەوپەری توانایی

• **بواری کارەکان**

کارەکان بریتین لە)کرین-فرۆشتن-بە کرێدان-لەم جۆرانە ()خانوو-باڵەخانە-کۆگا- پێشانگا-زەوی بەتاڵ-زەوی کشتوکاڵی-مساطحة-وە هەر کارێك پەیوەندی بە عەقاراتەوە هەبێت

• **ئامانجەکانی کۆمپانیا**

1. راستگۆیی-دلسوزی-دەست پاکی-راکێشانی متمانەی خەڵك -وەڵام دانەوە بە شێوەیەکی جوان و زمانێکی شیرین و بۆ هەر پرسیارێك
2. راوێژکاری بێ بەرامبەر بەوپەری دڵسۆزیەوە
3. خەملاندن بە شێوەیەکی راست و دروست
4. -رێ نیشاندانی خەڵك بۆ وەبەرهێنان) استثمار(بۆ هەڵبژاردنی باشترین شوێن
5. ئەنجامدانی کارەکان بە دلسوزی هەروەك بۆخۆمان بێت ئاواش بۆ خەڵکی
6. خستنەگەری سەرمایەی خەڵکی لەو بوارانەی کە قازانجی لێ دەکەن بەوپەری متمانە پێ کردن
7. دامەزراندنی کەسانی بە تواناو لێ هاتوو بە پێی مەرجەکانی کۆمپانیا بۆ فەرمانبەران لە لقەکانمان
8. ژمارەی تەلەفۆنەکانمان کراوەیە بە بەردەوامی بۆ خزمەت کردنی هاوڵاتیان

لە کۆتایی دا هیوامان خزمەت کردنی خەڵکی کوردستانە و بە دیهێنانی داواکاریەکان و بە دەست هێنانی متمانەیە

گوندی ئینگلیزی English Village Office 258	گوندی ڤیتاڵ Vital Village Office 11 شوقەکانی MRF 5, 4, 2 تاوەر	شاری ئیتاڵی 1_2 Italian City Office 19	شاری خەونەکان Drem City Office 197
0750 887 1152 0750 899 1152 0750 445 1152	0770 445 1152 0750 357 1152 0750 157 1152	0770 445 1154 0750 752 1152 0750 752 1151	0750 345 1152 0750 887 1154 0750 445 1152
گوندی منارە (یەك نهۆمی) Mnara Village Office A90	شاری باجگر Bajgr City Office 184	32 پارك / سەربەستی 32 Park Office	شاری ئاشتی Ashti City Office D 290
0750 675 0226 0750 675 0227	0750 817 4872 0750 817 4873	0750 862 4216 0750862 4217	0750 817 1901 0750 817 1902 0750 731 3729
تجاری Commercial	بۆرسەی عقاری بازار Erbil Bazaar	شاری زیتون Zaiton City Office 329	گوندی منارە (دوو نهۆمی) Mnara Village 2 Office 237B
0750 445 1152 0750 188 4173	0750 445 1154 0750 403 4260	0750 188 4173 0750 188 4174	0750 831 1014 0750 831 1015

E-mail:hajisalam.realestate@yahoo.com

www.hajisalam.com

هەموومان دەتوانین ببین بە هاوڕێ

ن: Mariko Asano
و: لەئینگلیزییەوە: بەکر ئیسماعیل گەردی

هابیتات ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مرۆیی بواری نیشتەجێبوونە، واتە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە بۆ یارمەتیدانی خەڵك و سوودی گشتی دروستبووە، بۆ ئەوانەی پێویستییان بە شوێنی نیشتەجێبوون هەیە، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٧٦) دەستی بە کارەکانی کردووە، ئەو ڕێکخراوە تا ئێستا بە کارمەندە خۆبەخشەکانی بواری نیشتەجێبوون زیاتر لە (١٠٠,٠٠٠) خانوویان لە سەرانسەری جیهان دروستکردووە. بەڵام لە ئێستادا زیاتر لە ملیارو نیوێك مرۆڤ لە تەواوی جیهاندا بێ شوێنی نیشتەجێبوونی شایستەن.

لەم بابەتەی خوارەوە ماریکۆ ئەسانۆ وەکو خۆبەخشێك باس لە شارەزاییەکانی خۆی لەم بوارەدا دەکات، ماریکۆ سێ جار گەشتی بۆ فلیپین کردووە، بۆ مەبەستی یارمەتیدانو دروستکردنی خانوو بۆ ئەو خەڵکانەی پێویستیان پێیەتی.

ماریکۆ: من لە نیشینۆمیا لە وڵاتی یابان گەورە بووم، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، وەکو خۆبەخشێکی بواری نیشتەجێبوون سەردانی دوورگەی نیگرۆسم لە فلیپین کرد، ئەوە یەکەمین گەشتم بوو لەو سێ گەشتەی وەك خۆبەخشێك بۆ فلیپین ئەنجامم دا. بیرۆکەی دروستکردنی خانوو بۆ خەڵك لە دەرەوەی وڵات جێگای دڵخۆشی من بوو، ساڵی دواتر وەکو خۆبەخشێك گەڕامەوە بۆ دوورگەی نیگرۆسو سەرۆکایەتی گروپێکی (٢٨) خوێندکاری هاوپۆلم دەکرد لە زانکۆی کیۆتۆ بۆ خوێندنی پەیوەندی نێودەوڵەتی.

هەر یەك لە خۆبەخشو خێزانانی دوورگەی نیگرۆس بوونە هاوڕێی نزیکی یەکتری، لەو گروپەی کە من سەرپەرشتیم دەکرد، بینینی ئەو خەڵکانە جێگای دڵخۆشیبوو بۆ هەریەك لە ئێمە، شێوازی ژیانی ئەوان ماناو بەهای چەندان شتی گرنگی بەبیر ئێمە هێنایەوە لە ژیاندا، خەڵکی ئەوێ یارمەتی ئێمەیان دا، لە هەمانکاتدا ڕێزی زۆریان بۆ شتە بەهادارەکانی ژیان دادەنا، وەکو بەسەربردنی کات لەگەڵ خێزان، هاوڕێو دراوسێکانیان، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندی خزمایەتی، یارمەتیدانی یەکتریو ڕێزدانان بۆ ئەو شتانەی خاوەنیانی لە ژیاندا، ئەو شتانە زۆرجاران لە بیرکراون لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەکو یابان.

ئێمە وابیرمان دەکردەوە، کە هاتووین بۆ فلیپین بۆ یارمەتیدانی خەڵکی فلیپین، بەڵام ئەوان یارمەتی ئێمەیان دا، بۆ بینینی چەندان شتی بەهادار، ئەوان زۆر بە بەخشندەییەوە خواردنو شوێنو سۆزیان پێشکەش کردین. کە ئێمە ڕانەهاتبووین بەوەی (حەز بکەین شوێنی نووستنمان بدەین بە کەسانی نامۆو خۆمان لەسەر زەوی بنووین لە ماڵی خۆمان).

کاتێك سێیەمین گەشتم وەکو خۆبەخشێکی هابیتات بۆ فلیپین ئەنجام دا، ئەرکەکانم لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی گەنج لە سەرانسەری جیهان ئەنجامدا، لەوانە فلیپینی، ئەمریکی، هیندی، کۆری‌و یابانی بوون.. لە کۆتارۆژدا هەمووومان بە یەکەوە لە خانوویەك کە بە ماوەی تەنها هەفتەیەك دروستمان کرد، کاتێ کە تەواوبووین هەستێکی خۆشمان هەبوو بە تەواوبوونی.

پەیوەندی هاوڕێیەتی لە سەرانسەری جیهان تاکو ئێستا لە نێوانماندا هەیە، بەشێك لە ئێمە بە شێوەیەکی چالاك بەشدارن لە دروستکردنی خانوو لە چەندان وڵاتی جیاواز. هابیتات خەڵکی کۆدەکاتەوەو هاریکاریی ئێمە دەکات، بە جۆرێك لە تەواوی جیهان ئاگاداری یەکترین، هابیتات هەڵگری پەیامێکی گرنگە، «هەمووومان دەتوانین ببین بە هاوڕێ»، هابیتات بۆ هاریکاریی مرۆیی ژیانی ئێمە دەگۆڕێ، من ئەوە فێربووم کە دەتوانین جیهانێکی نوێو جیاواز دروست بکەین بەکاری خۆبەخشیو یارمەتیدانی ئەوانی تر بێ هیچ بەرامبەرێك، ئەمەش یەکێکە لە ڕێگاکانی گەیشتن بە بەختەوەری.





بەم زووانە ئەم بەرهەمە نوێیانەی

بڕیار

دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران









بەم زووانە چاپی نوێی ئەم بەرهەمانە

دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران



چاپی دووەم



چاپی دووەم




چاپی سێیەم

گەشەپێدان




19



25



30



32

ئاماژەی جەستەیی بە یەکێك لە گرنگترین بەشی زانستی (زمانی جەستە) دادەنرێت، چەند جوڵەو ئاماژەیەکی تایبەت لە خۆدەگرێت بە مەبەستی گەیاندنی مەبەستێك، یاخود خواستێك (فەرمانکردن بێت بۆ کردنی شتێك، یاخود نەکردنی).

ئاماژەکان	جوڵە جەستەییەکان
١- تەنها لە ڕێی جوڵەکەوە ماناکە دەگەیەنێت، بە بێ دەربڕینی هیچ وشەیەك.	١- جوڵەکە وەك یارمەتیدەرێك بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی وتەکەی کە دەیڵێت.
٢- دەکرێت لە هەندێك ناوچە ئەو جۆرە جوڵەیە ئاماژەیەکی نەرێنی بگەیەنێت.	٢- بە گشتی یەکسانە، زۆربەی جوڵەی زگماکین و هەندێکیشیان بەدەستدێن.
٣- مەترسیدارەو دەیەوێت لەو ڕێیەوە مەبەستەکە بە بەرامبەر بگەیەنێت.	٣- بێ مەبەستەو تەماشاکەر هەوڵی لێکدانەوەی جوڵەی بەرامبەرەکەی دەدات.
٤- ڕەنگە دژی ئەو وتانە بێت کە قسەکەر دەیانکات لە کاتی سەرقاڵبوونی بە شتانێکی ترەوە.	٤- لێی لانادات.

گرنگی ئاماژەکان:

گرنگی زۆرەو دەکرێت لەم بارانەدا بەکاربێت:

١- دەربڕینی مانایەك کە بە وتە زۆر گرانە دەربڕینی.

٢- کاتی سەرقاڵی.

٣- لەو کاتانەی دەربڕینی زمانەوانی زۆر گرانە لەوانە: کەسانی ناوبژیوانو پۆلیسی هاتوچۆ، یان بواری هێڵی فڕین.

بۆ نمونە:

- لە سۆپەرمارکێتیو تەلەفۆنەکەشت بە دەستەوەیەو تەلەفۆن دەکەیت، هەر لەو کاتەدا بە جوڵەیەك ئەوە لە فرۆشیارەکە دەگەیەنیت کە نرخی کاڵاکە بە چەندە؟

- مامۆستایەك وانە دەڵێتەوەو یەکێك لە خوێندکارەکانی ئاماژە بەوە دەکات دەیەوێت بچێتە دەرەوە، هەر لەو کاتەدا مامۆستاکە دەکرێت تەنها بە جوڵەیەك لە خوێندکارەکە بگەیەنێت کە ئایا ڕازییە، یاخود نا؟ بەبێئەوەی بابەتەکەشی بپچڕێنێت.

- میوانێك خۆی دەکات بە ئۆفیسەکەتداو لەو کاتەدا تەلەفۆنێکت لەگەڵدایە، بە دەست ئاماژەی بۆ دەکەیت کە دابنیشێت.

- لە کاتی نوێژدا کەسێك سەلامت لێدەکاتو لەو کاتەدا نابێت بە وتە وەڵامی بدەیتەوە، بەڵکو لەو کاتەدا دەبێت تەنها دەستت بەرز بکەیتەوە.

ئاماژەکان لە دابو نەریتە جیاوازەکاندا:

زۆرێك لە ئاماژەکان دەربڕینێکی جیاواز دەبەخشێت لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، بۆ نمونە: بەرزکردنەوەی پەنجە گەورە بۆ سەرەوە، جۆڵەیەکی پۆزەتیڤەو مانای ڕێکەوتنو قبوڵکردن دەگەیەنێت، بەڵام لە ناوچەی (بەنگلادیش) جوڵەیەکی نەشیاوە، یاخود لە ناوچەی (خلیج) شتێکی زۆر ئاساییە کە کەسێك دەستی هاوڕێکەی بگرێت لە کاتی ڕێ ڕۆیشتندا، وەك ئاماژەیەك بۆ هەستی هاوڕێیەتی، بەڵام ڕێ پێنەدراوە لە زۆرێك لە ناوچەکاندا. بۆیە زۆر گرنگە لە پێش سەردانکردنمان بۆ هەر ناوچەیەك، لە پێشدا لە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچەیە شارەزا بین.

لە ئاماژە نامۆو سەیرەکان:

- دانیشتوانی هەرێمی (تبت)، زمانیان دەردەهێنن وەك گوزارشتێك لە سڵاوکردنو بەخێرهاتن کردن، بۆیە لات سەیر نەبێت ئەگەر چوویتە ئەو هەرێمەو زمانیان دەرهێنا.

- لە کۆمەڵگای (بەریتانیا، ئەمریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، یابان، ئوستورالیا، نیوزلەندا، ئەستۆنیا، پورتوگال، ئەسکەندەنافیا) دەست لێدان نەگونجاوەو قبوڵ نەکراوە.



دەربڕینەکان لە ڕێی جەستەوە.. (ئاماژەی جەستەیی)

بەشی سیانزەیەم



ڕۆشنبیری تەندروستی!

ن: د.حسان شمسی پاشا

و: یەحیا محەممەد عەلی

چارەسەری کەمخەویی

- زۆرێك لە ئینگلیزەكان سەدان ساڵە خویان گرتووە بە ژماردنو خەیاڵكردنی ڕانەمەڕێك، چۆن دانە دانەی مەڕەكان بەسەر بەربەستێكی بچوكدا باز دەدەنو دەپەڕنەوە...!

ئەمەیان لە پێش نوستندا دەكرد بۆ ڕزگاربوون لە كەمخەویی‌و وردە وردە دەچونە باوەشی خەوێكی قوڵەوە.

- ئێمەش بەمجۆرە كەسانە دەڵێین: یادكردنی خودا زۆر لەم ڕێگایە باشترو بەسودترە، مرۆڤی باوەڕدار بیستویەتی لە پێغەمبەرەكەیەوە "درودی خوای لێبێت" كە فەرمویەتی: "پەروەردگاری جیهان سێیەكی كۆتایی هەموو شەوێ تەشریف دەهێنێتە ئاسمانی دونیاو دەفەرموێت: منم پاشای پاشایان، كێ هەیە لەم كاتەدا ڕازو نیازێكی هەبێ تاكو وەڵامی بدەمەوە؟ كێ داواكارییەكی هەیە، پێی ببەخشم؟ كێ دەیەوێت كۆڵی قورسی تاوانی دابنێ‌و داوای لێخۆشبوونم لێدەكات، تاكو لێی خۆشبم؟ بەمشێوەیە هەتاكو بانگی بەیانی...

- پەیامبەرەكەمان "سەلامی خودای لێبێت" ئامۆژگاریمان دەكات بەوەی لە پێش نوستندا یادی خودا بكەین، چاومان ڕۆشن بكەینەوە بە خوێندنەوەی كتێبە پیرۆزەكەی خودا، چێژ لە زیكرەكانی نوستن وەربگرین، نەك كات بكوژین بە ژماردنی ڕانە مەڕەوە!

ئایا كامیان جوانترو سەنگینترە؟ ئەوەی كە زارت تەڕو پاراو بكەیت بە یادی پەروەردگار، تاكو خەو پێڵوەكانی چاوت دادەخاتو دەچیتە قوڵایی خەوێكی ئارامەوە، یان دانە دانە ماڵات بژمێری بە شوێنی یەكدیدا؟!

«١٠» ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە كەمخەویی:-

١- لە ماوەی ڕۆژدا چالاكییەك ئەنجام بدە (وەك ڕۆیشتن) بە جۆرێك لە كاتی نوستندا هەست بە ماندوێتی بكەیت، پیاسەكردنێك پێش نوستن، دەكرێت یارمەتیدەر بێت بۆ زوو خەولێكەوتن.

٢- ئێواران چاو قاوە مەخۆرەوە، بەڵكو شیرێكی كوڵاو بخۆ، شیر ماددەیەكی تێدایە یارمەتی نوستن دەدات.

٣- ژەمی ئێوارە لە كاتێكی درەنگدا مەخۆ، بەڵكو هەوڵبدە بە لایەنی كەمەوە ٣ كاژێر پێش كاتی نوستن نانبخۆیت، خۆت بە دوور بگرە لەو خواردنە چەورو قورسانەی كە پێویستی بە كاتێكی زۆرە بۆ هەرسكردن.

٤- پێش نوستن بچۆرە گەرماو، بە تایبەت ئەگەر حەوزێك بێت، ئەوا ماسولكەكانت خاو دەكاتەوەو پشێویت لەسەر لادەبات.

٥- پێش نوستن كورتە بابەتێكی ئاسانو خۆش بخوێنەرەوە وەك كورتە چیرۆك.

٦- پلانێكی ڕێكو پێكی نوستن پەیڕەو بكەو بەیانیان زوو بێداربەرەوە.

٧- پلەی گەرمی ژووری نوستنەكەت زۆر سارد، یان زۆر گەرم نەبێت، بەڵكو هەوڵبدە پلەیەكی گەرمی مامناوەند هەڵبژێری.

٨- ئەگەر شەو لە خەو بێداربوویتەوە، ئەوا خۆت سەرقاڵ بكە بە یادی پەروەردگارتەوەو بەشێك لە قورئان بخوێنە كە لە سنگتدایەو لەبەرتە، بزانە چەندە سوودمەند دەبیت!

٩- پێش نوستن جگەرە مەكێشە.

١٠- هەوڵبدە توشی دڵەڕاوكێ‌و پشێوی نەبیت، ئەگەر زوو خەوت لێنەكەوت، بەڵكو لە سەرەتاوە ئامانجت هەر پشودانو حەسانەوە بێت، ئەوا وردە وردە خەویش دەبێتە میوانی چاوەكانت.



درەخشان بەهادین

لە پێشوازی ڕۆژی "دایک"دا

«خۆشویستن» بنەمای ژیانە، ئەگەر نەبێت ئەوا هیچ بوونەوەرێک بەرگە ناگرێتو زیندوو نامێنێت، موحیبەت، بەهێزترین خرۆشی ڕۆحو کاردانەوەی هەستو ئاکارە. هەموو هەستەکانی تر دەکوژێنێتەوە، سۆزو ئەوینی مرۆڤ بنیاتنراوە لە سەر چۆنییەتی ئاشنابوونو تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودی خۆی. چونکە کاتێک مرۆڤ خۆی خۆشدەوێت، ئەو ئەوینە ناچاری دەکات کە بەرەو تەواویو کامڵبوون بجوڵێتو کەموکوڕییەکانی پڕ بکاتەوە. دەروونناس "جان بی کایزل" لە بارەی عەشقو موحیببەتەوە دەڵێت: نیازمەندی بە ئەوینو خۆشویستن لەگەڵ لە دایکبوونی هەر منداڵێک دێتە دونیاوە. بە ڕواڵەت منداڵ، سەرەتا خۆراکو ئارامی دەوێت، بەڵام چەند هەفتەیەک تێناپەڕێت کە هۆگری دایکی دەبێتو بۆی پێدەکەنێتو داوای خۆشەویستی دەکات.. کەواتە ئەوەی بۆ پاراستنی ژیانو مانەوە پێویستە، یەکەمین نیازی منداڵە، خۆشویستنو خۆشەویست بوونێتی.

باشترین کەسانێک کە دەتوانن سەرەتایەکی باش بۆ ئەم خۆراکی ڕۆحو پێویستییە گشتییە بهێننە کایەوەو فەراهەمی بهێنن، دایکو باوکانن، بە تایبەت دایک، منداڵ لە باوەشی گەرمی دایکدا ئارامو ئۆقرەی گرتووەو لە ڕێگای نیگا میهرەبانەکانیو نازکێشانو ماچکردنی ئەوەوە، هەستی بە خۆشەویستبوونی کردووە.

یەکێک لە گرنگترین ئەرکی خێزان پەروەردەکردنی لایەنی سۆزداری منداڵەکانیانە کە هیچ شوێنگرەوەیەکی تری نییە، بوونی دایک لەناو خێزاندا وەک چرایەکی گەشو ڕۆشنە کە نورو ڕووناکیو سۆزو خۆشەویستی لە نێو ماڵدا بڵاودەکاتەوە. ژینگەی خێزان لە لایەنی سۆزو خۆشەویستییەوە زیاتر دەوڵەمەندتر دەکات، سۆزی دایک لوتکەی خۆشەویستیو ئەوینی مرۆڤە، کە هاوشێوەیەکی وەک ئەو دەستناکەوێت، بێگومان دایک بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی سەرچاوەی سۆزو لایەنێکی مەعنەوی بەبەهاو سەنگینە، ئەگەر کۆمەڵگا لە ئاڕاستەی گەشەو بەرەوپێشچوونی خۆیدا لەم سەرچاوەی سۆزو ئەوینە کەڵکی شایستە وەرنەگرێت، ئەوا بە هۆی هەژاریو بەدخۆراکی لایەنی مەعنەویو سۆزدارییەوە، لە بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دوور دەکەوێتەوە. دەبێت سۆزو خۆشەویستی بە سەرمایەی لایەنی مەعنەوی مرۆڤەکان ناوبنرێت، کە نەتەنها تاک، بەڵکو کۆمەڵگاش بۆ گەیشتنو فەراهەمکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی تەندروستو بەختەوەر پێویستی پێیەتی.. ئەمڕۆ یەکێک لە دەرخستەو سیماکانی گەشەکردنو بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا، ئەندازەی ئامادەبوونی ژنو شێوەی ڕۆڵگێرانی ئەوانە لە لایەنو بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە دەست بەکاربوونو هەنگاو هەڵگرتنی زیاتر بۆ بەرەو پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵگا، چونکە ژنان سەرەڕای بوونی ئەرکی هاوسەریو دایکبوونیان دەتوانن لە چارەسەربوونی گرفتو کێشە کۆمەڵایەتییەکانو کێشەکانی تر ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن. بەڵام لە ئێستادا زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانو زۆربوونی قەیرانەکانی کۆمەڵگا، بڵاوبوونەوەی زۆرێک لە نەخۆشییە کوشندەکانو زۆر گرفتی تریش لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە کە کۆمەڵگا لە سەدەی نوێدا بەو جۆرەی کە دەبێتو دەکرێت گرنگی بە ڕۆڵی ژن نەداوە، گەشە نەکردنی پێویستی لایەنی هزریو فەرهەنگی لە نێویاندا ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێت. کەواتە بۆ لە ڕەگەوە چارەسەرکردنی زۆرێک لە قەیرانو ناهەموارییەکان لە ئەمڕۆو لە ئەم سەدەیەدا دەبێت لەم بابەتەدا بەدوایدا بگەڕێینو لە بیری چارەسەرکردنیدا بین.

دایکم، تامی شیرینی بەختەوەرییە..

چ کەسێک دەڵێت کە بەختەوەری جگە لە"نیگای میهرەبان"و "زەردەخەنەی " دایک شتێکی ترە؟

دایک، تەنها کەسێکە کە دەتوانین باوەڕ بە خۆشەویستییەکەی بکەین، تەنانەت ئەگەر بە زمان دەریشی نەبڕێت!!

دایک، واتە ئارامگرتن بە ئەندازەی هەموو ڕۆژەکانی ڕابردووی تۆ!

دایک، واتە نیگەرانی بە ئەندازەی هەموو ڕۆژەکانی داهاتووی تۆ !

دایک، واتە شەونخونیو بێداری، بە ئەندازەی هەموو خەوە ئارامەکانی منداڵی تۆ!

مرۆڤەکان کاتێک کە منداڵن حەز دەکەن بۆ دایکیان دیاری بکرن، بەڵام پارەیان نییە، کاتێک گەورە دەبن، پارەیان هەیە، بەڵام کاتیان نییە! کاتێکیش پیر دەبن، پارەشیان هەیەو کاتیشیان هەیە، بەڵام... ئەو کات دایکیان نییە!

مرۆڤ کاتێک پیر دەبێت کە بانگی دایکی بکات، بەڵام وەڵامێک نەبیستێت!!

چۆن کات بەڕێوە ببەم، نەك كات بەڕێوەم ببات!!

و: کیژان فەرەج

وا گومـــان مەبە کــە پلاندارکردنـــی کات، داپڵۆســـینی ژیانو زەوتکردنی ئازادییەکانە، بە پێچەوانەوە زۆرترینی ئەو کەســـانەی تامی پشـــوەکانیان دەکەنو لە ژیانیاندا سەرکەوتوون، ئەوانەن کە دەزانـــن چۆن پلان بۆ کاتەکانیان دابنێن، بەڵام ئەو کەســـانەی لە شپرزەیو پشێوییەکی بەردەوامدان، ئەوانەن خۆیان داوەتە دەست بارودۆخەکان، چۆن بۆی هاتە پێش وا دەکات.

-ژیانی هەر یەکێکیان لەم (چوار سێگۆشە)یەدا دەسوڕێتەوە، ژیر ئەو کەسەیە بزانێت لوتکەی سێگۆشەکەی بۆچی داناوە؟

مرۆڤی ژیر پێویســـتە هۆشو بیری چڕبکاتەوە لەســـەر ئەو کارانەی کە پەلە نییەو گرنگیشـــە، (لەســـەر لوتکەی سێگۆشـــەکە دایبنـــێو خۆت بـــەرەو ئەنجامدانی ئاڕاســـتە بکـــە)، چونکە لەم سێگۆشەیەدا مرۆڤ دەتوانێت بیربکاتەوەو پلان دابنێ، چونکە لە پەســـتانی دەروونی بەدوورەو هەست بە ئازادییەکی تەواو دەکات، لە کۆتاییدا مەترسی کارە (گرنگو بەپەلەکان) کەمدەکاتەوە..

مەبەست لە کاری گرنگو بەپەلە چییە؟

هەندێـــك کار لە ژیانی هەر یەکێکماندا هەیە کە زۆر گرنگەو بەپەلەشـــەو دەبێت بە زووترین کات ئەنجامی بدەین، کە بارێکی نائـــارامو چێـــژ نەبینیـــن لە کارەکەمـــان پێدەبەخشـــێت، چونکە ناچارمـــان دەکات بیگوازینـــەوە بـــۆ ژووری فریاکەوتنـــی خێراو چارەســـەری بکەین، هەر ئەمەشـــە زۆرکات شەوو ڕۆژو هەفتەمان بـــۆ قلّپ دەکاتەوەو ڕەنگە لە کۆتایشـــدا ناچاربیـــن دوای بخەین.. (ئەمەش خۆڵەکە زیاتر تەڕدەکات)

«ئاگاداری لوتکەی سێگۆشـــەکە بە، سێگۆشەکانی تر دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵتەوە»..

ببە بە دۆزەرەوە:

*زۆر گرنگـــە (دۆزەرەوەیەکی بلیمەت) بیت، بۆ خودی خۆت ئەو شتانە بدۆزیتەوە کە زۆرترینی کاتەکانتی داگیرکردووە.

*بـــەراوردی بکـــە، ئایا ئـــەو کارانەی زۆرترینـــی کاتەکانمی بـــردووە، ئەوەیە کە دەمەوێت؟ ئەوەیە لـــە ڕێیەوە پێی بگەم بە ئامانجەکەم؟!

*دوای ئـــەوەی زانیـــت کام کارە بـــۆ ئامانجەکـــەت گرنگـــەو دەتەوێـــت لـــە داهاتـــوودا پێی بگەیت، ئـــەو کارە بکە پێشـــەنگی کارەکانی ترتو ئەوانەی ناگرنگن لە خزمەتی ئەودا بەکاری بهێنە.

بووەســـتە: ئێســـتا دەزانیت تۆ لـــە لوتکەی سێگۆشـــەکەدایت، چونکـــە واخەریکیت پلان دادەنێیت بەو مەرجەی لەگەڵمان بیتو دەســـتبکەیت بـــە دیاریکردنی ئـــەو کارانەی کە گرنگـــن لە لاتو زۆریش پەلە نییە، بیانخەرە لوتکەی سێگۆشەکەو بە هەمان شێوە بۆ کارەکانی تری ڕۆژانەشت.

ئێســـتا پەلە بکەو ئەو کارانەی کە گرنگ نییەو پەلەش نییە بۆ نمونە (ســـەیرکردنی تیڤی) گەر لە لوتکەی سێگۆشەکە داتناوە بیهێنـــە خوارەوە، تاکوجێ بۆ (پەلـــە نییەو گرنگە) چۆڵ بکەیت، گەر وانەکەیت دۆڕاو دەبیت!!

ئاگاداری ئەم کاتانە بە!

-پێغەمبەر(ســـەلامی خودای لێبێـــت) دەفەرموێت: (خودایە بەرەکەت بخەیتە بەیانیانی ئومەتەکەمەوە) بۆ دەبێت سەرووەرمان ئەم نزایەی کردبێت؟ ئایا دەکرێت بێ حیکمەت بێت؟

-هنری وارد بیشر: وای دەبینێت کە کاژێری یەکەم لە ڕۆژدا بریتییە لەو کاژێرەی کۆنترۆڵی هەموو ڕۆژەکەت دەکات!!

-دەکرێـــت ســـود لە کاتـــە کەمەکانت ببینیت کـــە ناچاریت بەســـەریان ببەیت بـــە هـــۆی پێداویســـتییەکانی ڕۆژانەتەوە، بۆ نموونـــە (ئوتوکـــردن، وەســـتان لە نـــاو پاســـدا، چاوەڕێکردن لە نەخۆشـــخانەکاندا..هتد)، بە ســـود بینین لە گوێگرتن لە شتانێکی بەسود، یاخود خوێندنەوەی گۆڤارو کتێب...هتد.

لە کۆتاییدا:

گەر تا ئێســـتا نەتزانیوە ژیانت بەڕێـــوە ببەیت (کات بەڕێوە ببەیت)، ئەوا دڵنیابە تا ئێســـتا ژیان تۆی بەڕێوە بردووە، دەســـت پێبکـــەو ژیانـــت بەڕێوەببە، ئـــەوکات دەزانیت ژیـــان چ چێژێکی جیاوازی لە چاو جارانتدا هەیە!





خۆناسینێکی زیاتر

ن: د. عبدالكريم بكار
و: ئاسیا صەلاح

خاڵی دەسپێك بۆ ڕاپەڕینی خوودو هەڵسانەوەی پەیوەستە بە ئاشنابوون بە خاڵە بەهێزو لاوازەکانیو ئەرێنیو نەرێنییەکانیو دەستکەوتو شکستەکانی.. کوڕو کچەکانم بە بڕوای من ئاستی هۆشیاری چینی ئێوە باشترە لە هۆشیاری چینی ئێمەو چینەکانی پێشتریش، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی پەروەردەو فێرکردنو هەروەها بە هۆی شۆڕشی پەخشی ئاسمانی، بەڵام پێویستە بڵێین: خۆناسین بە شێوازێکی ورد کارێکی گرانە، ئەمەش زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە نامەوێت سەرقاڵتان بکەم پێوەی لە ئێستادا، تەنها ئەوەندە دەڵێم: گەر کەسێك لە ئێمە بیەوێت پێنج خاڵی بەهێزو پێنج خاڵی لاواز لە کەسایەتی خۆیدا بژمێرێت، بۆی دەردەکەوێت ئەوەی دەیڵێت ڕوون نییەو تەواو نییە، لەوانەیە مشتو مڕو ڕەتکردنەوەشی لێ بکەوێتەوە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە: گەر ئاسینی خود بەم وێنەیە ئاڵۆز بێت، چی هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: چەندەها شتی باشمان لەبەردەستدایە، لەوانە:

١- پرسیار لە هاوڕێیەکی ژیرو ئامۆژگار بکە، پرسیار لە هاوڕێیەکی زیرەکو ڕاستگۆش بکە دەربارەی ئەو شتە باشانەی لە کەسایەتیتدا بوونیان هەیەو ئەو شتانەشی کە شایەنی تێبینیی کردنن، بەڵام با هەر یەکتان پابەند بێت بە ڕاستگۆییو ڕاشکاوییەوە، هەستن بە تۆمارکردنی ئەو تێبینیانەو تێی ڕابمێنن، بەڵام ئەوەش لە یادنەکەن کە وتەکانی هاوڕێکانمان دەربارەمان ڕایەکی چەسپاو نییە، بەڵکو دەکرێت ڕاست بێت، دەشکرێت وا نەبێت.

٢- ڕۆڵەکانم هەوڵبدەن هەستو سۆزو بیرۆکەکانتان بگۆڕن بە شتانێك کە وتووێژ بگرێتە خۆ، ئەمەش لە ڕێگەی دەربڕینیانەوە بە ڕستەو دەستەواژەی ڕوونو ئاشکرا، بۆ نموونە وەك: من توانایەکی بەرچاوم هەیە لە خەیاڵکردن، هەروەها توانایەکی باشم هەیە لە سەرنجڕاکێشانی خەڵکی، هیچ کام لە ئەرکەکان لەدەست نادەم، بە هەمان شێوە خاوەن ڕاشکاوییەکی بەرەوشتانەو زیرەکانەم... هاوشێوەی ئەم دەربڕینانە بۆ خاڵە نەرێنییەکان: کێشەم هەیە لە بە ئەنجامگەیاندنی کارەکان، کەمتەرخەمی دەکەم، پەیوەندیشم لەگەڵ دایکم بە پێی پێویست گەرموگوڕ نییە، بەڕوونی هەست بەوە دەکەم کە هاوڕێو هاوپۆلەکانم حەز بە بەشداری کردنم ناکەن لە یارییەکاندا.

ئەم ڕوونکردنەوە کەسییە ڕونکردنەوەی یەکەمە، پێویستی بە بەرەوپێشبردنی بەردەوامە.

٣- لە ڕەوشتی ڕۆژانەت ڕابمێنە: ئایا لە بەجێگەیاندنی فەرزەکاندا کەمتەرخەمی دەکەیت؟ ئایا تاوانی گەورە ئەنجام دەدەیت؟ گەر شتێکت لەمانە بەدی کرد، ڕاستەوخۆ بووەستە، پەشیمانی ڕابگەیەنە، بە ڕووی خۆتدا هاوار بکە هاوارێکی بەهێزو زەمین لەرزێن.. گەر بۆت دەرکەوت دوورە لەوە، نەگەیشتووە بە ئاستی کەوتن، سوپاسی خودا بکە، شتێك بکە لە پێناو بەرەوپێشچوونو چاکسازی....

٤- بەراوردکردن: هۆکارێکی باشە بۆ زیادکردنی هۆشیاری کەسی، بۆیە با هەر یەکێکتان هەوڵبدات لە هاوڕێو هاوپۆلەکانی ڕابمێنێت. هەوڵبدات لەو هاوڕێو هاوپۆلانەی بڕوانێت کە لە بارودۆخێکدا دەژین هەمان شێوەی بارودۆخی ئێوە، هەمان شتانی بەردەستی ئێوەیان لەبەردەستە، با سەیر بکات بزانێت خاوەنی چی دەستکەوتێکن، لەسەر چی خێرو چاکەیەکن، لە چی بارودۆخێکدان، بەراورد بکات لە نێوانیاندا تا پلەی خۆی بزانێت لە ئاست هاوتەمەنەکانیدا: ئایا باشترە، یاخود خراپتر؟

ئەمە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟

١- با هیچ یەکێك لە ئێوە لە خۆباییبوونو بەخۆ سەرسامبوون، نەبێتە ڕێگر لەبەرامبەر ئەوەی کە خودی خۆی شتێکی نادیارە، پێویستی بە دۆزینەوەیە.

٢- بەخودی خۆتان ئاشنابن لە پێناو پەرەپێدانیدا، نەوەك سزای خۆتان بدەنو کەموکورتییەکانی بدەنە پاڵ.

٣- مرۆڤ لە تێڕوانینی ئیسلامدا چەقی گەردوونە، بۆیە تێگەیشتنی خەڵکی لە خودی خۆیان دەروازەی ڕاستەقینەیە بۆ تێگەیشتن لە گەردوون.

لە توڕەبونەکەت تێبگە، بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەریدا..

ن: عەبدولا عوسمان
و: خالید محەمەد

بەشی پێنجەم

وێنەی توڕەیی..

توڕەیــی چەند وێنەیەکی هەیە، مــەرج نییە وێنەکانی تەنها بریتــی بێت لە هاوارو لێدانو جنێودان، بەڵکو وێنەی قوڵی هەیە لە ناوەوە، وێنەکانی ڕێك وەکو وێنەی شــاخەکانە، ڕەگەکانی ســێ ئەوەندەی ئەوەیە کە لەسەر زەوی دەردەکەوێت.

* توڕەیی لەم وێنانەشدا دەردەکەوێت:
* توڕەبوونی بێ توانایی بەرامبەر بە وەڵامدانەوە.
* توڕەبوونی شۆڕشگێڕیو پێداویستییەکان.
* توڕەبوونــی چۆکدادانو نســکۆو بەجێنەگەیاندنی کارەکان، وەك ئەوەی کە دەمانەوێت.
* توڕەبوونێك کە گوزارشتی لێناکرێت (کپکراوە).
* توڕەبوونێك دەگۆڕێت بۆ کردارێکی چاك.
* توڕەبوونی شکاندنی بنەماو بیروباوەڕەکان.
* توڕەبونو لۆمەکردنی خود.
* توڕەبون لە دەوروبەر.

- توڕەبون وێنەو شــێوازی زۆرە، پێویســتە لێیــان تێبگەین، بۆئەوەی لەمپەرمان بۆ دروست نەکەن لەگەڵ ڕۆحماندا.

١- بیرۆکەکانی توڕەبوون لە بەرامبەر:

* ئەو لێم تێناگات.
* بەشێوەیەکی هەڵە مامەڵە دەکات.
* گوێ ناگرێت لەوەی کە دەیڵێم.
* ئەوە جێبەجێ ناکات کە داوای لێدەکەم.
* هەڵەکان دووبارە دەکاتەوە.
* ڕێز لە یاساکان ناگرێت.
* سوکایەتیم پێ دەکات.
* تۆمەتبارم دەکات.
* ڕێزم لێناگرێت.
* پێداویستییەکانم بۆ دابین ناکات.
* زۆر کەللەڕەقە قەناعەت ناکات.
* ئەو شایەنی ئەوە نییە.
* ئەو لە من زیاتری هەیە، لە من بە توانا ترە.
* خەڵکی تری خۆشدەوێت، منی پشتگوێ خستووە.
* تەنها گرنگی بە خۆی دەدات.
* شتە تایبەتییەکانم بەکاردەهێنێت.
* سنورەکان دەشکێنێت.
* ڕووخسەت وەرناگرێت.
* وشەکانی جوان نین.

ئەم بیرۆکانە گفتوگۆ بکەو نیشــانەیەك لەلای ئەوەیان دابنێ کە زۆرجار دێتە خەیاڵتەوەو کار بۆ چارەسەرکردنی بکە، ئەویش لە ڕێگەی ئەم گۆشەیەوە، یان کتێبی (سەد بیرۆکە بۆ لێبوردەیی).

٢- بیرۆکەی توڕەبون لە خود:

* زۆر هەڵە دەکات.
* هیواو ئاواتەکانی منی نەهێناوەتە دی.
* من لە خەڵکی تر باشتر نیم.
* بەکاری هیچ نایەم.
* کەس بەختەوەر ناکەم.
* زۆر ئاژاوەچیم.
* هەمیشە ئازاری دەوروبەر دەدەم.
* هیچ سودێکم نییە.
* خۆمم خۆشناوێت.
* هەمیشە توشی نسکۆ دەبم.
* کەس خۆشی ناوێم.
* هەرگیز پێش ناکەوم.
* هەرگیز گوێڕایەڵیم ناکات.
* ئەوەی تیا نییە کە من دەمەوێت.
* خەڵکی لە من باشترن.
* زۆر نەزانە.
* ئەم ژیانە هیچ سودێکی نییە.

ئەمانــەو چەندینــی تــر دەتوانــی ڕیــز بکەیت، بــەڵام ئایا ڕیزکردنی ئەمانە چەند لە بەرژەوەندی تۆدان؟ چەند لە توڕەبونو هەڵچونەکانی تۆ بە ئەرێنی دادەمرکێنێتەوە؟!





زاهیر زانا

داتاکردنی دەروون

مرۆڤ لە دوو لایەنی ماددیو مەعنەوی دروستبووە، بە وێنەی کۆمپیوتەرێك کە پێکهاتووە لە هاردوێرو سۆفتوێر، چۆن کۆمپیوتەر پێویستی بەداتاکردنو دابەزاندنی بەرنامە هەیە، ئاواش مرۆڤ لە ڕێگای بیرو باوەڕو تێڕوانینو دیدگاکانییەوە خۆی بەرنامەڕێژ دەکاتو دواجار ئەو جۆرە بیرکردنەوەو گۆشە نیگایانە کاریگەری دەخەنە سەر مامەڵەو ڕەفتارو گوفتارو کرداریو تەواوی ڕێڕەوی ژیانی دیاریدەکەنو کاریگەری گەورە دەکەنە سەر ئایندەی تاكو بەرەوپێشچونیو بەشێکی زۆری کردارو دنیا بینیەکانی تاکیش دیاری دەکەن.

ئەگەر دیقەت بدەین دەبینین کۆمپیوتەر هەرچەندە مەزن بێت، بەڵام ئەگەر لە ڕووی سۆفتوێرەوە بەشێوەیەکی دروست داتا نەکرێت، ئەوا ناتوانێت سودێکی ئەوتۆ بگەیەنێتو کەمکەڵكو نەگونجاو دەبێت، بە هەمان شێوەش ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت بە بیروبۆچونو پلانو هیواو دونیابینی دروست، خۆی داتا بکات ئەوا پەراوێزو بێتواناو نەویستراو دەبینریو نەدەتوانێ خۆی بەختەوەرو ئاسودە بکات، نەدەشتوانێت بایەخێکی بۆ خەڵكو کۆمەڵگا هەبێت.

ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە دەبێت هەمیشە خۆمان بەرنامەڕێژبکەین بە ئیمانو باوەڕێکی پتەوو متمانە بەخۆبوونو لێبوردەییو پشوودرێژیو جوان بینیو گەشبینیو ..هتد، چونکە هەموومان تواناو بەهرەیەکی خەزنکراوی بێشومارمان هەیەو ئەگەر توانیمان بەکاریان بهێنینو بیانخەینە گەڕ، ئەوا سەرکەوتنو بەختەوەری دەبنە موڵکمانو ژیان بۆمان دەبێتە باخێکی ڕازاوەی بەبەرهەم، نەك کۆڵێکی بێزراوی پڕ دەردو خەم، کەواتە زۆر گرنگە لە هەر کەموکورتیو ناتەواویو بێهیواییەکدا خۆمان داتابکەینەوە بەمتمانە بەخۆبوونو ئازایەتیو گومان باشی بەو بەشەی خوای گەورە پێی بەخشیوینو ژیریو توانای جڵەوو کۆنترۆڵو داتاکردنی خۆمانی پێ داوین.

هەمیشە ئەو بنەمایەمان لە یاد بێت کە خوای گەورە گرێیەك ناکاتە ژیانتەوە کە توانای کردنەوەیت نەبێت، دەرگایەکت بەڕوودا داناخات کلیلەکەی لای تۆ نەبێت، چونکە ئەو بە حیکمەتی بێ سنوری خۆی تەنها گیانەوەرێك دەباتە کەناری بێ هیوایی کە توانای هەڵفڕینی هەبێت.

ئێمە چۆن بیرو مێشکی خۆمان داتاکردبێت، یان دەوروبەر داتایان کردبین، ئەوا بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەین، بۆ نموونە بۆ زانینی کاریگەری داتاکردنی بیری مرۆڤ، تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامداو چەند کەسێکیان هێناو چەقۆیەکی داریان بە پشتیاندا هێنا، ئەوان نەیاندەزانی ئەوە چەقۆیەکی دارینە، پاشان شلەیەکی وەك خوێنیان بەسەر پشتیاندا ڕشت، وایانزانی کە خوێن لە برینی ئەوانەوە هاتووە، بۆیە زۆریان بورانەوە، یاخود کەسێك ئەگەر لە خەواندنی موگناتیسیدا پێی بوترێت تۆ گەرماتە، ئەوە ئارەق دەکاتو هەست بە گەرمی دەکات، هەروەها ئەگەر پێشی بوترێت تۆ سەرماتە لەرزی لێدێتو هەست بەسەرما دەکات، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا بەوشێوەیە داتا دەکرێتو مێشکی بەپێی ئەو داتایە کاردەکات. لە ڕاستیدا زۆرێك لە ژیانی ڕاستەقینەی ئێمەش بەم شێوەیەیە، بێئەوەی لە خەوی موگناتیسیدابین، بەڵام لە ڕێگەی داتاکردنەوە بیرو باوەڕو ئەندێشەکانمان بۆ خۆمان دروستکردووەو هەر ئەوانیشن خەریکە ڕێڕەوی ژیانی ئێمە دیاری دەکەن، بۆیە دەبێت چاو بخشێنینەوە بەو بنەمایانەی لە ژیاندا لەسەری دەڕۆینو بزانین کامە باوەڕ پێویستی بە ئەبدەیتکردنو تازەکردنەوە هەیەو کامە پێویستی بەوە هەیە کە داتایەکی نوێی بۆ دابەزێنینو بیگۆڕین، خاڵێکی تر کە لەگەڵ داتاکردنی خۆماندا پێویستە ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە پێویستە کۆمەڵێك لەو بیروباوەڕانەی کە نەشیاوو نەگونجاونو ڕێگری گەشانەوەو بەرەوپێشچونمانن، بیانسڕینەوەو شتانێك لە جێگەیاندا دابەزێنین کە سودبەخشو بە کەڵکبنو یارمەتیدەرمانبن کە سبەینێمان لە ئەمرۆ باشتربێت.

بەهارئاسا هەموو کات..

سەرچاوەی وزەو هیواو شادیبە

کام لە ئێمە لە بەهاردا هاژەی کانیاوەکانو سەدای بولبول ئاوازی خۆشنودی بۆ ئەدا ناکات، بەرامەی نێرگزو ڕەشەڕیحانە پشو بە ڕۆحی شەکەتو ماندوی نادات، سەیرکردنی سروشتی نەخشینو پڕ ڕەنگ، بیرو مێشکی زاخاو نادات و پڕ لە یادگاری جوانی ناکات، تیشکی زیوینی هەتاو گەشتوگەڕانی سەرحاڵو کەیلی شادی ناکات؟

بێگومان هەریەك لە ئێمە ئەم دیمەنە ئاشکراو دیارانەو چەندان دیمەنی زەریفی دیکەش کە پەنهانن وەك شنەبا گوڵی ئەرخەوانی خەونەکانمان شەنە پێ ئەکا، دڵی تامەزرۆو عەوداڵمان بۆ سکونەت پڕ لە ئارامیو ئاسودەیی دەکا، ڕاستە هەر وەرزێك خاوەنی جوانیو تایبەتمەندی خۆیەتی، بەڵام ڕەنگە تائێستا ئەم پرسیارەمان زۆر ئاڕاستەی خۆمان کردبێت، بۆ لە گشت وەرزەکان زیاتر باس لە بەهارو نەخشینو جوانی بەهار دەکرێت؟ بە بوکی ساڵ ناودەبرێت، ڕەنگە هۆکار گەلێك هەبن تاوای لەم وەرزە کردبێتو ئەم شانازییەی بە باڵایا بڕیبێت، من کە شکۆفەی گوڵێك دەبینم، چرۆی هەزارەها خەونو بیری جوان لە مێشکما گەشە دەکات، ئەو کاتەی دارودرەخت لەوپەڕی نەشئەو جوانیا دەبینم، پڕ دەبم لە وزەو گوڕوتینێکی نوێ بۆ هیوام دێو دووبارە نۆژەنی دەکاتەوە، تەواو چوستو چالاك دەبم بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانم، ڕاستی ئەو مرۆڤانەی لە چواردەورمانن چەند حەز بە نزیکیو هاوڕێیەتییان دەکەین، گەروەك وەرزی بەهار هەموو کات پڕ لە وزەو هیواو شادی بن، چەند سەرسامین پێیانو کاریگەرییان لەسەرمان هەیە، زۆرکات بیر دەکەینەوە، باشە خۆ وەك من ئەویش مرۆڤە، ئەی بۆچی قەد لە دەستی گوزەرانی تاڵو قورسی کارەکەی ساکاڵا ناکات؟ دیقەت بدە هەموو کات خەندە میوانی سەرلێوەکانیانە بۆئەوەی بەرامبەریان هەست بە غەمو حوزنی نێو سیمایان نەکات، کە بە هۆی ئازارو کارو ماندووبونەوە لە سیمای هەریەك لە مرۆڤەکاندا دەردەکەوێت، وەلی ئەمان نایەڵن دەربکەونو جێدەستی خۆیان دیاریکەنو بۆ ئەوەی دەوروبەریان هەستیان پێنەکەن، بە خۆیان دەڵێن: من مرۆڤمو گەورەتر لەوانم بە خەندەیەکی پڕ لە هیواو وزەوە بە سروشتی نیازیو مرۆڤانەی خۆم بەرەنگارییان دەبمەوە، هەرگیز ڕێگە نادەم هیچ کەس فرمێسکم ببینێت، چۆن بۆ ئازیزانم پشکۆی ئاگرەو ناخیان ئەسوتێنی بۆ دوژمنانیشم ئاوی زوڵاڵەو تینوێتی پێ ئەشکێنن، پاشان بە غەم خواردو بێهیواییو مەلولیو تەممەڵیو دوچارکردنی خەڵکانی کەش بەم دەردانەوە کەی کێشەکانم کۆتایی دێت، ئەمانە جگە لە دارمانی ناخو خودی خۆم هۆکارێکیشە تا دەوروبەر لێم وەڕەسو بێتاقەت بن، حەز بە بینینو هاوڕێیەتیم نەکەن، یاخود بە کەسێکی ڕەشبینو شکستخواردوو پێناسەم بکەن، بۆیە چاکترین کارێك بۆخۆمو دەوروبەرم لە دەستم بێت ئەنجامی بدەم، ئەوەیە وەك بەرامەی چڵەنێرگز هیواو شادی بڵاوبکەمەوە، وەك هاژەی کانیاوەکان بە دەنگی زوڵاڵی دڵسۆزیو خۆشەویستی هاوکاری خۆمو دەوروبەر هاندەم بۆ کاری چاكو هاوکاریو تەباییو پێکەوەژیان، داوایان لێبکەم وەك ڕەنگەکانی بەهار با جیاوازییەکانی یەکتر جوانترمان بکات، نەك هەوڵی سڕینەوەو خۆسەپاندنمان پێ بدات.



ڕۆشنا ساڵح


با بەهەڵمەتو بەهیممەتو
بڕوا پتەو بین

هەموومان هەوڵدەدەین، کاردەکەینو داوا دەکەین، بەڵام بڕوامان بەکارەکەمان پتەو نییە، هەر لە یەکەم سەرنەکەوتنو خلیسکان دەستبەرداری کارەکەمان دەبینو بە دوای کارێکی تردا دەگەڕێین، نازانین هەر شکستێك ئەزموونێکە، دەرسو پەندو عیبرەتو وانەیەکە، ئامۆژگاریو فوتابخانەیەکە، لەو شکستەوە دەست پێبکەو جارێکی تر هەوڵبدە، چونکە تۆ شارەزای ڕێگایەك بوویت کە بەرەو سەرکەوتنو ئامانجەکانی تۆ ناچێت، ڕەنگە جارێکی تر لەو ڕێگایەوە هەڵنەخلیسکێی، چونکە شارەزای کەندو کۆسپو لەمپەرەکانی بوویت، ئەوە خۆی لە خۆیدا دۆزینەوەی ڕێگایەکی سەرکەوتنە.

یان زۆر جار ئێمە کارێك دەکەین بەڵام هیچ ئامادەباشییەکی بۆ ناکەین، وەك ئەوەی بڕاندبێتمانەوە کە پێی ناگەینو تەحقیقی ناکەینو دەستەبەرناکرێت. هەروەك ئەوەی کە دەڵێن: "ڕۆژێك هەموو خەڵکی ئاواییو گوندێك بڕیاریاندا بۆ بارانبارین نزا بکەنو بچنە دەرەوە نوێژە بارانە بکەن، لە ڕۆژی دیاریکراودا هەموو کۆبوونەوە، لە نێویاندا تەنها منداڵێك چەتری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو" .

تۆ دەچی نزا بکەی تا باران ببارێت، ئەی بۆچی ئامادەکاری ناکەیتو چەترەکەت نابەی، دەگونجێت تۆ لەو سەرەوە بە تەڕی بێیتەوە؟؟ دەی ئەگەر قەناعەتت بەکارەکەت هەیە ئامادەکاری بکە، خۆ ئەگەر بڕوات بەوەنییە کە ئەنجامی دەدەیت، بۆچی خەڵکی کۆدەکەیتەوەو زەحمەتیان بۆ دروستدەکەی، ئەگەر متمانەشت بەسەرکەوتنی کارەکەت هەبێ، دەبێ ئامادەکاریشی بۆ بکەی، تۆ ئەگەر نەتوانی بڕوا بەخۆت بکەی، بڕوا پێکردنی خەڵکی زۆر زەحمەتە. قسەیەکی جوان هەیە کە دەڵێت: "هەرکەس نەتوانێ بەڕێوەبەری خودی خۆی بێت، بێگومان فەرمانبەری خەڵکی دەبێت".

بۆیە پێویستە بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونو دڵسۆزییەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین، هەموو کەرەسەو ئامڕازەکانی کارکردنمان ئامادەبکەینو هەوڵو شەونخونی بۆ بدەینو نەسرەوین تا سەر دەکەوین، مادام ئامانجەکەمان مەشروعو بەدەستهێنانی مەحاڵ نییە، کۆسپو لەمپەرەکانی سەر ڕێگا ساردمان نەکەنەوەو چۆکمان پێ دانەدەنو بە هەڵمەتو بەهیممەت بین بۆ بەدەستهێنانی.



یوسف سابیر



باڵۆڵو لێکدانەوەی خەون..

حەکیم هەموو کات بیری تیژو لێهاتوویی‌و تواناو شارەزاییەکەی دەوروبەری سەرسام کردووە، هەر پرسیارێکی ئاراستە کرابێت بە جوانترین‌و نایابترین شێوە وەڵامی داوەتەوە، هەر کێشەیەکی بەدی کردبێت لە کەمترین ماوەو بە باشترین ڕێگەو بەشێوەیەك کە هەمووان پێی ڕازیبن، چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە..

حەکیم هیچ کات دەستەوسان نەبووە لە بەردەم پرسیارە ئاڵۆزەکان‌و کێشەو گرفتە سەختەکاندا.. دەتوانین بڵێین: حەکیم هەمیشە وەڵام‌و چارەسەری دروست‌و گونجاوی لابووە..

لە چیرۆکی ئەمجارەی حەکیمدا باس لە وەڵامێکی ناوازەی حەکیم دەکەین، سەبارەت بە لێکدانەوەی خەون..

چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستی پێکرد، جارێکیان پیاوێك ویستی فێڵێك لە باڵۆڵ بکات، بۆئەوەی شتێك پارە دەستبخات.. دەیزانی کە باڵۆڵ خاوەنی دڵێکی بێگەردو نییەتێکی پاکە.. دەیزانی کە هەموو کات حەکیم بەدەم یارمەتیدانی خەڵکییەوەیە، بەو ئەندازەی خۆی فەرامۆش کردووە بۆ خەڵکی..

کابرا ویستی ئەم هەلە بقۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بیری لە فێڵێك کردەوە.. بە ناوشاردا گەڕا تا حەکیمی بەدیکرد، ڕۆیشت بۆ لای حەکیم‌و سڵاوی لێکردو گوتی: جەنابی حەکیم دوێنێ شەو خەوێکی زۆر سەیرم بینی!

حەکیم وتی: بە ویستی خودا خێردەبێت، بڵێ چیت بینیوە؟

کابرا وتی: لە خەومدا بینیم تۆ سەد دیناری ئاڵتونت پێبەخشیم!!

باڵۆڵی حەکیم، زانی کە کابرا دەیەوێت فێڵی لێ بکات‌و بە نیازە لەو ڕێگەیەوە شتێك لە حەکیم وەربگرێت‌و پاشان بڵێ توانیم حەکیم بخەڵەتێنم..

هەربۆیە حەکیم بە بیستنی ئەو قسەیە کەمێك پێکەنی‌و دواتر وتی: بەڵێ خەوەکەت ڕاستە، هەر بەو شێوەی کە خۆت بینیوتە.. بەڵام من هەر شتێکم بەخشی نامەوێتەوە، واتە ئەو سەد دینارە ئاڵتونەی لە خەونتدا من پێم بەخشیویت، نامەوێت بۆم بگێڕیتەوەو گەردنت ئازابێت!!

کابرا بە بیستنی وەڵامەکەی حەکیم زۆر شەرمەزار بوو، زۆرباش تێگەیشت کە باڵۆڵ کەسێکی ژیرو دانایەو زۆر لەوە گەورەترە ئەو بتوانێت دەستی ببڕێت.. بە شەرمەزارییەوە ملی ڕێگەی گرت‌و حەکیمی جێهێشت..

بکوژی بێدەنگ!

بەشی شەشەم

د. ابراهیم فەقێ | و: چیا عەبدوڵا

عەقڵی بە ئاگاو عەقڵی بێ ئاگا:

وای دابنێ عەقڵی بە ئاگات ئامادەکاری بەرنامەی کۆمپیوتەرییەو عەقڵی بێ ئاگاش ناوەوەی کۆمپیوتەرەکەیە، ئامادەکاری بەرنامەکانو زانیاری لە دەرەوە دەنێرێتو کۆمپیوتەرەکەی لێ پڕ دەکات.

بۆ نموونە: گەر ئامادەکاری بەرنامەکان بەم ئاماژانە کۆمپیوتەرەکە پڕبکات، وەك (من شەرمنم، من ناتوانم واز لە جگەرەکێشان بهێنم من هەست بە بێزاری دەکەم، من تووڕەم، من ناتوانم وەرزش بکەم)، ئایا لە دواییدا چی دەردەکەوێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە؟ بێگومان هەر ئەو نووسراوانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کاری عەقڵی بە ئاگا کۆکردنەوەی زانیارییە کە دەیکاتە خۆراکی عەقڵی بێ ئاگا، چونکە عەقڵی ناوەوە ئاگای لە شتەکان نییە، زۆر بە سادەیی عەقڵی ناوەوە کاری کۆکردنەوەی زانیاریو دووبارەکردنەوەیەتی لە دواییدا، گەر ڕوویدا نامەیەك بۆ ماوەیەکی زۆرو چەند جارێك دووبارەکرایەوەو خەزنکراو بەرنامەڕێژ بوو لە عەقڵی ناوەوەدا، ئەوا جێگیر دەبێت لە ئاستێکی قووڵی عەقڵی ناوەوەدا (عەقڵی بێ ئاگا)و هیچ شتێك ناتوانێت بیگۆڕێت، بەڵام دەتوانیت بەرنامەڕێژییەکی دروستو ئیجابی بخەیتە شوێنی... ئێستا داوات لێدەکەم کارێك ئەنجام بدەیت: بیر لەسەگێکی سپی مەکەرەوە؟ ئایا دەتوانیت بیری لێ نەکەیتەوە؟ بیر لە ئەسپێکی ڕەش مەکەرەوە؟ ئایا دەتوانیت بیری لێ نەکەیتەوە؟ بێگومان نەخێر ناتوانی بیری لێ نەکەیتەوە، چونکە لە ڕاستیدا لەو کاتەی کە من ئەو داوایەم لێکردیت تۆ بیرت لە سەگێکی دیاریکراو، یان ئەسپێکی دیاریکراو کردۆتەوە.

بابزانین چی ڕوویدا.. عەقڵی بێئاگات (ناوەوە) وشەی (بیری لێ نەکەیتەوە)ی سڕییەوەو پارێزگاری لە وشەی سەگی سپیو ئەسپی ڕەش کرد!! ڕاستە هەمان شت ڕوودەدات کاتێك کەسێك هەواڵی تەندروستیتو کارەکەت لێ دەپرسێتو تۆ دەڵێیت (خراپ نییە) عەقڵی ناوەوەت وشەی (نییە) دەسڕێتەوەو پارێزگاری لە وشەی (خراپ) دەکات، لەبەرئەوە گەر لە یەکێکت پرسیو بەو شێوەیە وەڵامی دایتەوە پێی بڵێ (هیوای خۆش بەختیت بۆ دەخوازم).. عەقڵی بێ ئاگا (ناوەوە) تەنها پارێزگاری لەو بەرنامەو ئاماژانە دەکات کە لە ئێستادا بەکاردێت، یان ئاماژە بە ئێستا دەکات، بە پێچەوانەی ئەو وتەیەی کە دەڵێیت: (من باش دەبم) ئەم نامەیە هیچ کاریگەری نابێت، دەبێت نامەکەت لە ئێستادا بێت نەك لە دواییدا.

نموونەی چەند نامەیەکی ئەرێنیو کاریگەر:

(من بەهێزم، من بەختەوەرم، من هێمنو لەسەرخۆم، من (یادەوەری) بیرهاتنەوەم بەهێزە).

ئێستا:

(٥) بناغەت پێدەدەم بۆ بەرنامەڕێژی عەقڵی ناوەوەت:

١- دەبێت نامەکەت ڕوونو دیاربێت. ٢- دەبێت نامەکەت ئەرێنی بێت. ٣- دەبێت ئاماژەو نامەکەت لە ئێستادا بێت. ٤- دەبێت هەستو شعورێکی بەهێز هاوڕێی نامەکەت بێت لە ناوەڕۆکیدا، بۆئەوەی عەقڵی ناوەوەت وەری بگرێتو بەرنامەڕێژی بکات، نەك بە پێچەوانەوە بڵێیت (من بەهێزم)، بەڵام لە هەستو شعورتدا هیچ بڕوات بەو وتەیەت نەبێت. ٥- دەبێت ئەو نامەو ئاماژانە چەند جارێك دووبارە بکەیتەوە تا بە تەواوەتی بەرنامەڕێژ دەبێت.

وا دەزانم ئێستا ئەوەندە زانیاریت لەبەردەستدایە سەبارەت بە وتووێژی خودی، یان بکوژی بێدەنگ کە بەست بێت، ئێستا ئەم ڕێگایە پەیکەڵ بکە لە پێناوی ئەوەی کە وتووێژی خودیت خاوەنی هێزێکی ئەرێنی بێت.

ئێستا:

* بەلایەنی کەمەوە پێنج نامەی خودی ئەرێنی بنووسە کە کاریگەری لەسەرت هەبووە بۆ نموونە :(من کەسێکی شەرمنم، من ناتوانم واز لە جگەرەکێشان بهێنم، من یادهێنانەوەم لاوازە، من ناتوانم بەرامبەر جەماوەر بدوێم، من تووڕەم، یان سروشتێکی پەستم هەیە). ئێستا ئەم کاغەزەی کە ئەم دێڕانەت تێدا نووسیوە، واتە ئەو دێڕانەی کە تۆی تووشی خاڵ گەلێکی نەرێنی کردووە بیدڕێنەو فڕێی بدەرە شوێنێکی دوورەوە.

* پێنج ئاماژەو نامەی خودی ئیجابی بنووسە کە هێزت پێ ببەخشێ هەمیشە لەسەرەتاوە بە وشەی (من) دەست پێ بکە، بۆ نموونە: (من دەتوانم واز لە جگەرەکێشان بهێنم، من حەز دەکەم لەگەڵ خەڵکدا بدوێم، من یادەوەریو بیرهێنانەوەم بەهێزە، من کەسێکی زۆر باشم، من چالاکمو خۆشی دەبینم لەو وزە بەرزەم).. ئاماژەو نامە ئەرێنییەکان لە دەفتەرێکی دەستیی بچووکدا بنووسەو بابەردەوام لەگەڵتدا بێت.

* ئێستا هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژە (.............)، دەست بکە بە خوێندنەوەی نامە ئەرێنییەکانت، یەکە یەکە تا هەموویان دەخوێنیتەوە، لەسەرەتاوە بە یەکەم دانەیان دەست پێ بکە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵمژەو هەرچی دڵەڕاوکەو نا ئارامییەك لە جەستەتدایە لەگەڵ هەناسە دانەوەتدا دەری بکەرە دەرەوە، نامەی یەکەمت (١٠) جار بخوێنەرەوە، بەڵام بە هەستو شعورێکی بەهێزەوە، چاوەکانت دابخەو وێنەی خۆت ببینە بەو شێوە نوێیەوە، چاوەکانت بکەرەوە.

لە سەرەتای ئەمڕۆوە لە ئێستاوە بە ئاگابە بزانە چی بەخۆت دەڵێیت، بە ئاگابەو بزانە چی دەڵێیت بە بەرامبەرەکانت، بزانە بەرامبەرەکانت چیت پێ دەڵێن، گەر هەستت بە هەر نامەو ئاماژەیەکی ئەرێنی کرد بیسڕەوە، بە خۆت بڵێ بیسڕەوە، پاشان بیگۆڕە بۆ نامەو ئاماژەیەکی ئەرێنی، دڵنیابە لەوەی کە تۆ دەتوانیت هەر شتێك ئەنجام بدەیت کە خۆت دەتەوێت، بە مەرجێك ئەو شتە دیاری بکەیت بە ڕوونی کە تۆ دەتەوێتو بە هەموو هێزو تواناتەوە بەو ئاڕاستەیەدا بڕۆیت، (جیم ڕان) خاوەنی پەرتوکی (بەختەوەری بەردەوام) دەڵێت: (دووبارەکردنەوە دایکی لێهاتووییەکانە).

لەبەرئەوە متمانەت بەو شتەو بەو وشەیە هەبێت کە تۆ دەیڵێیتو بەردەوام ئاماژە ئەرێنییەکان بۆ خۆت دووبارە بکەرەوە، تۆ گەورەی عەقڵتو کاپتنی کەشتییەکەتی، تۆ دەسەڵاتداری بەسەر ژیانتدا، دەتوانی ژیانت بکەیتە ئەزموونێك لە بەختەوەریو تەندروستی باشو سەرکەوتنێکی بێ سنور.

هەموو چرکەساتێکی تەمەنت وەها بژی کە ئەوە کۆتا ساتی تەمەنتە، بە ئیمانەوە بژی، بە ئاواتەوە بژی، بە خۆشەویستییەوە بژیو بە هەوڵدانەوە بژیو نرخی ژیان بزانە.

خاوەنی چ جۆرە زیرەکییەکیت؟

زیرەکی چییە؟

جاردنر پێی وایە زیرەکی بریتییە لە کۆمەڵێك تواناو لێهاتوویی، کە تاك دەتوانێت لە ڕێگەیەوە چارەسەری گرفتەکانی خۆی بکات، هەروەها توانای تاکە بۆ بەرهەمهێنانو کۆکردنەوەی ماڵو سامانو بەدەستهێنانی ڕێزو خۆشەویستی لە نێو کۆمەڵگەدا.. زیرەکی توانای مرۆڤە بۆ زیادکردنی زانیاری نوێو شارەزایی زیاتر.. زیرەکی تەنها یەك ئاڕاستەی نییە، بەڵکو چەندین ئاڕاستەی هەیە، هەر کەسێك لە کەسێکی دیکە جیاوازە، زیرەکیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت..

جۆرەکانی زیرەکی:

بەپێی دابەشکردنەکەی (د. هوارد جارنر) مامۆستا لە زانکۆی هارفارد بۆ خوێندنی باڵا.. هەشت جۆر زیرەکی هەیە..



یەکەم: زیرەکی لە ڕووی زمانەوانییەوە:

- ئەمجۆرە کەسە توانایەکی نایابی هەیە لە لەبەرکردندا، تەنانەت بابەتە بیرکارییەکانیش لەبەردەکات، ئەمجۆرە کەسە چێژ لە خوێندنەوەو نووسینو گێڕانەوەی چیرۆکو شیکاری وشە پچڕ پچڕەکان دەبینێت.. وێنەی ئەم کەسانە بە زۆری (شاعیرو وتاربێژو بێژەرەکانن).

سیفاتەکانی ئەمجۆرە کەسانە:

١- حەز بە گوێگرتنو قسەکردن دەکات.

٢- حەز بە نووسینو خوێندنەوەو شیعر دەکات.

٣- حەز بە گەڕان بە شوێن وشە تازەکاندا دەکات لە فەرهەنگدا.

٤- کەسێکی ڕەوانبێژەو بە ڕەوانی قسەدەکات.

٥- فێربوونی زمانی بیانی بەلاوە ئاسانە.

دووەم: زیرەکی ژیری، یاخود زیرەکی ژمارەیی:

خاوەنی ئەمجۆرە زیرەکییە، ڕقیان لە ماددە ئەدەبییەکانە، حەز بە دەربڕینو لەبەرکردن ناکەن، بەڵکو حەز دەکەن بە قوڵی بیر لە کاروبارەکان بکەنەوە، حەز بە بابەتە بیرکارییەکان دەکەن، هەموو شتەکانی دەوروبەریان دەبەستنەوە بە ژمارەکانەوە، وێنەی ئەم کەسانە وەکو (زانایانی بواری ماتماتیك، ئەندازیاران، زانایانی بواری فیزیاو توێژەرەوەکان).

سیفاتەکانی ئەمجۆرە کەسانە:

١- شتەکانی دەوروبەریان خۆشدەوێت.

٢- گرنگی دەدەن بە قەبارەی ئەستێرەو هەسارەکانو دوورییان لە زەوییەوە ماوەی نێوانیانو شێوەی جوڵەیان.

٣- حەز بەو شتانە دەکەن کە شێوەیەکی سروشتییان هەیە، یان ئەو شتانەی کە شێوەی ئەندازەییان هەیە.

٤- حەز بە وێنەی فۆتۆگرافی دەکەن .

٥- حەز بەو شێوە یاریانە دەکەن، کە پێویستیان بە بیرکردنەوەی ژیری هەیە.

سێیەم: زیرەکی جەستەیی، یان جوڵەیی:

ئەمجۆرە کەسانە زۆرتر لە ڕێگەی جوڵەو هەستەکانەوە پەرە بە تواناکانیان دەدەن، بە زۆری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەرقاڵی کاری هونەریو پیشەی دەستن، ئەم کەسانە ئەگەر هەڵسن بە ئیشوکارێك کە پێویستی بە بیرکردنەوەو قوڵبوونەوە هەبێت بە ڕێژەی لە ٣٠٪ بۆ لە ٦٠٪ لە تواناو وزەیان دادەبەزێت، ئەو ژمارانەی (اوکسانا بول) لە ئۆڵمپیاد بەدەستی هێنا، نمونەی ئەمجۆرە زیرەکییە بوو.. وێنەی ئەم کەسانە وەکو (مەلەوانو پاڵەوانو ئەکتەرەکان).

سیفاتی ئەمجۆرە کەسانە:

١- حەز بە گەشتو سەیران دەکەن، بەڵام لە کاتی بارانو

سەرماو گەرمادا حەز بە چوونە دەرەوە ناکەن.

٢- زۆر حەزیان لە وەرزشکردنە.

٣- بە ئاسانی فێری جوڵە وەرزشییەکان دەبن.

٤- لە کاتی بیرکردنەوەدا دەجوڵێن واتە دێنو دەڕۆن، یاخود دەجوڵێن بۆئەوەی بیربکەنەوە.

٥- ڕۆژانە لە (٨) کاتژمێر زیاتر دەخەون.

ئەگەر خاوەنی ئەم سیفەتانەیت: ئەوا باشترە لەم بوارانەدا کاربکەیت:

(پیشەیی، ڕاهێنەری وەرزشی، پیشە وەرزشییەکان، هونەرمەند، جیۆلۆجی، ژینگەیی).

چوارەم: زیرەکی کۆمەڵایەتی:

ئەو کەسەیە کە حەز بە ناو کۆمەڵو تێکەڵاوبوون دەکات، حەز بەکارکردن دەکات، هەمیشە گرووپینو هیواو ئارەزووی پێوە دیارە، تەنانەت ئەگەر بە تەنیاش بێت.. وێنەی ئەم کەسانە وەکو (پیاوانی ئاینی، سیاسەتمەداران...).

سیفاتەکانی ئەمجۆرە کەسانە:

١- خاوەنی سیفاتی سەرکردایەتی کردنە..

٢- خاوەنی دۆستو هاوڕێی زۆرو جۆراو جۆرە، بە خێرایی توانای گرتنی هاوڕێی نوێی هەیە.

٣- حەز ناکات بە تەنهایی بمێنێتەوە.

٤- حەز دەکات ئەوەی دەیزانێت فێری خەڵکانی دیکەشی بکات.

٥- خاوەنی هەڵوێستی ناوازەیە.

٦- هاوکاری کەسانی دەوروبەری دەکات بۆ چارەسەری کێشەکانیانو زۆر گرنگی بە هەستی بەرامبەر دەدات.

٧- لەگەڵ کۆمەڵدا توانای دەستکەوتو بەرهەمی زیاتری هەیە، وەك لەوەی بە تەنها کاربکات.

ئەگەر خاوەنی ئەم سیفەتانەی ئەوا باشتر وایە لەم بوارانەدا کاربکەیت:

(مامۆستا، ڕاهێنەر، بەڕێوەبەری کارگێڕی، سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی، دەروونناس، پەروەردەیی، زانستی کۆمەڵایەتی).

پێنجەم: زیرەکی تاکەکەسی:

ئەمجۆرە کەسە بە تواناو لێهاتووە لەسەر هاندانو پەرەپێدانو زیادکردنی تواناکانی خودی خۆی، بەبێئەوەی پێویستی بە هاوکاریو یارمەتی هیچ کەس هەبێت، واتە خۆی هانی خۆی دەداتو متمانەی بە تواناکانی خۆی هەیەو توانای بڕیاردانی هەیە، حەز بە سەربەخۆیی دەکاتو بەشێك نییە لە پرۆژەکانی کەسانی دی، بەڵکو خۆی خاوەنی پرۆژەو بیرۆکەو داهێنانە.. وێنەی ئەم کەسانە وەکو زانایانو دادوەرانو فەیلەسوفەکان.

سیفاتەکانی ئەمجۆرە کەسانە:

١- ئامانجێکی دیاریکراوی هەیەو هەوڵ بۆ هێنانەدی دەدات.

٢- لە بیرکردنەوەو تێڕوانینیندا کەسێکی سەربەخۆیە.

٣- خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزەو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی خۆی دەزانێت.

٤- بیروبۆچوونەکانی جیاوازە لە کەسانی چواردەوری.

٥- زۆر گوێ دەگرێتو کەم قسە دەکات.

٦- بە وردی لە گەردوونو سروشتو کۆمەڵگەو خودی خۆی ڕادەمێنێت.

٧- هەوڵدەدات دەستپێشخەری بکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتو کێشەکانو چارەسەری گونجاوی لایە.

٨- ڕێز لە کات دەگرێتو بەرهەمی باشی تێدا کۆدەکاتەوە.

شەشەم: زیرەکی مۆسیقی

ئەمجۆرە کەسانە هەموو بابەتو دەستەواژەکان دەگۆڕن بۆ لەحنو ئاواز، تەنانەت حەزدەکەن ژمارەش بە شێوەی سرودو ئاواز بڵێنەوە، ئەم شێوازە لە وڵاتی مۆریتانیا پەیڕەو دەکرێت، هەموو زانستەکان دەگۆڕن بۆ سەر شێوەی لەحنو ئاواز، ئەوەش ئاکامی باشی هەبووەو بەشێوەیەکی ئاسان دەتوانن بابەتو ماددەکانیان لەبەر بکەن.. وێنەی ئەو کەسانە وەکو (گۆرانی بێژان، ژەنیاران، ئاوازدانەران).

سیفاتی ئەمجۆرە کەسانە:

ئاشنان بە ئامێرەکانی ژەنینو مۆسیقا.

١- زۆرتر گۆرانیو سروودەکان لەبەردەکەن.

٢- خاوەنی دەنگێکی خۆشن.

٣- بە جوانی گوێ بۆ ئاوازەکان دەگرن.

٤-ئاوازی نوێ دادەهێنێنو توانای لاساییکردنەوەی ئاوازەکانیان هەیە.

ئەگەر خاوەنی ئەم جۆرە سیفەتەیت:

لەو بوارەدا بمێنەرەوە کە حەزی پێدەکەیت.

حەوتەم: زیرەکی بینایی، یان وێنەیی:

خاوەنی ئەم زیرەکیانە، ئەو شیعرەی لەبەری دەکەن، وەکو وێنەیەك دەیهێننە پێش چاوی خۆیانو پەیوەستی دەکەن بە خەیاڵی خۆیانەوە، وەکو وێنەکێشو ئەندازیاری بیناسازی..

سیفاتی ئەمجۆرە کەسانە:

١- حەز بەو کتێبانە دەکەن کە وێنەی زۆری تێدایە، ڕەنگە جۆراو جۆرەکان سەرنجیان ڕادەکێشن.

٢- حەز بە وێنەو وێنەکێشان دەکەن.

٣- شێوە ئەندازەییەکان بە خێراییو وردەکارییەوە لە یەك جیادەکەنەوە.

٤- لە توانایاندا هەیە شێوەو ڕەنگی جۆراو جۆرو جیاواز دروست بکەن.

٥- دەتوانێت چوار ئاراستە بەکاربهێنێت، بە ئاسانی شوێنی خۆی لە جێگەی نوێدا دیاری بکات.

ئەگەر خاوەنی ئەم سیفەتەیت:

ئەم کارانە بۆ تۆ گونجاوە: ئەندازیاری بیناسازی، دیکۆرات، ڕاگەیاندن.

هەشتەم: زیرەکی ژینگەیی:

ئەمجۆرە کەسانە لە توانایاندا هەیە کارکردنو خوێندنو چێژوەرگرتن پێکەوە کۆبکەنەوە، ئەو کارانەی پێیان دەسپێرێت بە ڕێكوپێکی ئەنجامی دەدەن، کاتەکانیان زۆر بە جوانیو ڕێكو پێکیو دوور لە کەمتەرخەمی بەسەردەبەنو کارەکانییان خۆشدەوێت. توانای تێگەیشتنیان لە سروشتو هەموو ئەو شتانە هەیە کە لە سروشتدایە، وەکو ئاژەڵو ڕووەکەکان.. وێنەی ئەم کەسانە وەکو (ڕاوچییەکانو جوتیاران) .

سیفاتەکانی ئەمجۆرە کەسانە:

١- دەڕۆنە دەرەوە بۆ سروشتو حەزدەکەن ئاشنابن بە پۆلێنکردنیو زۆرکردنیو گەشەپێدانی.

٢- زۆر حەز بە باخدارىو بەخێوکردنی ئاژەڵ دەکەن.

٣- حەز بە خوێندنەوەی کتێبی زیندەوەرزانی دەکەن.

٤- وێنەی زیندەوەرانو ڕووەکەکان کۆدەکەنەوە.

٥- ئەگەر خاوەنی ئەم سیفەتانەیت:

ئەوا لە بواری زانستی ژیان، بیۆلۆجیو ڤێتێرنەریو کشتوکاڵو پزیشکیو دەرمانسازی دا کار بکە.



5 ڕێگە بۆ بە دەستهێنانی بەختەوەری

سروشتییە کە هەر یەکێك لە ئێمە هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی بەختەوەر، چونکە هەموو مرۆڤێك حەز بە بەختەوەری دەکات، دەیەوێ لە بەختەوەری نزیك بێتەوە تا ژیانێکی بەختەوەر بەدەستبهێنێ، لە هەمان کاتیشدا هەریەك لە ئێمە هەوڵدەدەین دووربکەوینەوە لەو شتانەی کە هۆکاری بەدبەختیو نارەحەتیو دەردەسەرین، لەبەرئەوە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەختەوەرییە، گومانی تێدا نییە کە هەندێك کەس بڕوایان وایە پارە هۆکاری بەختەوەرییە، لە کاتێکدا هەمووان دەزانین کە دەوڵەمەندەکان هەموویان بەختەوەرنین، بەڵام هەر لەو نێوەندەدا هەندێك لە هەژارەکان وا دەزانن گەر دەوڵەمەند بن بەختەوەر دەبن، جا گەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین دەوڵەمەندەکان پارە دەبەخشن بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری.......!

کەوایە با پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکەین، بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەختەوەرییەك دوور لە شتە مادییەکان:

- گوێڕایەڵی خوای گەورە:

یەکێك لە گرنگترین نهێنییەکانی بەختەوەری باشکردنی پەیوەندییە لەگەڵ خوای گەورەدا، دیارە باشکردنی ئەم پەیوەندییەش بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانیو دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە نەهی لێکردووە دەبێت، پاشان بەجێهێنانی فەرزەکانی بە جوانترین شێوە.

- قەناعەت:

پێویستە هەر یەکێك لە ئێمە قەناعەتی بەو بەشە هەبێت کە خوای گەورە بۆی داناوە، چەندە ڕاستو ناوازەیە ئەو وتەیەی کە دەڵێت: (قەناعەت گەنجینەیەکە هەرگیز تەواو نابێت)، چون ئەو باوەڕدارەی قەناعەتی هەیە، لە ئەنجامدا باوەڕدارێکی دڵخۆشو بەختەوەرە.

- ڕابردوو لە بیر بکە:

بیرنەکردنەوە لەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە لە ژیانماندا ڕوویداوە، دوورمان دەخاتەوە لە غەمو پەژارەو سەرزەنشتکردنی دەروونمان، بۆ ڕووداو گەلێك، یان کارێك کە ڕووی داوەو تەواو بووە، لەبەرئەوە پێویستە لاپەڕەکانی ڕابردوو دابخەینو لە داهاتودا بژین، چون نرخی ژیان لەوە زیاترە کە بمانەوێت بە ئاسانی وازی لێبهێنین.

- ڕەوشتی جوان:

پێویستە هەر یەکێك لە ئێمە چاو بە ئاکارو ڕەوشتو بەرنامەکانییدا بخشێنێتەوەو جوان دەستیان پێوە بگرێت، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەستکەوتنی بەختەوەری.

سەرچاوە: www.arbsb.com

و: چرۆ حسین

با کردەوەکانمان مرۆڤانەبن

کارزان عوسمان

مرۆڤ لەم سەرزەوییەدا جێنشینە، گرنگترین ئەرکی بریتییە لــە ئاوەدانکردنــەوەی ســەرزەویو دروســتکردنی کۆمەڵگایەکــی پێشــکەوتوو خــاوەن شارســتانییەت، خــوای گــەورە لە وەســفی مرۆڤەکاندا دەفەرموویێت: (لقد خلقنا الانســان فی احسن تقویم). (بەڕاســتی ئێمــە مرۆڤمان لــە جوانترین شــێوەو ڕێکو پێکترین شــێوەدا دروســتکردووە). کەواتە ئێمە جوانترین دیاری دەســتی پەروەردگاریــن، نابێــت بە کۆمەڵێك کردەوەو ڕەفتاری ناشــیرین مرۆڤبوونــی خۆمان بشــێوێنین، چونکە هەموو دروســتکراوەکان پابەندن بە کۆمەڵێك یاســاوە، ئێمەی مرۆڤیش نابێت ئەو یاســاو ســنورانە ببەزێنین کە بەرەو گومڕایو سەرلێشــیواویمان دەبات، دەبێــت ڕەفتارەکانمان ڕەنگدانەوەی تــەواوی کردەوەکانمان بێت، چونکە مرۆڤ کاتێك مرۆڤە کە کردەوەکانی مرۆڤانەبن، چەندەها مــرۆڤ هــەن تەنها بە جەســتە مرۆڤن، ڕۆحو ناخیــان مردووەو دوورە لە مرۆڤایەتییەوە، هیچ ســۆزو هەستێکیان نییە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، ئەمانە مردوویەکی زیندوون، وادەزانن ســەروەتو سامانو پلەو پایە دەیانکات بە مرۆڤ، دەگێڕنەوە (کە پیرەمێردێك لەگــەڵ تاکــە کوڕەکەیدا دەژیــا، ڕۆژێك کوڕەکەی بــە هۆی کارە نەشیاوەکانییەوە باوکی لە خۆی توڕەکردو باوکی بەهاتو هاوارەوە وتــی: کوڕم تــۆ نابیت بە مرۆڤ.. کوڕە تــۆراو لەماڵ چووە دەرو باوکی بە تەنها جێهێشــت، ساڵانێك تێپەڕی کوڕە بوو بە پیاوێکی پێگەیشــتوو، کرا بەحاکمی شارێك، ڕۆژێك کوڕەکەی ژمارەیەك لە سەربازەکانی ڕاسپارد بۆئەوەی باوکی بدۆزنەوە، باوکیان بۆ هێناو لەگــەڵ چاوپێکەوتنی کوڕەکەی بە گاڵتەجارییەوە بە باوکی گوت: هــا پیــرە پیاو لە بیرتــە کە بە منــت گوت: نابیت بــە مرۆڤ، ئێستا سەیرکە دەبینیت بوومەتە حاکمی شارێك! باوکە پیرەکەشی هەندێك لە ڕووخســاری حاکم ورد بووەوەو کوڕەکەی ناســییەوە، دەســتبەجێ گوتی: ئەرێ کوڕم لە بیرمە، بەڵام خۆ من نەمگوت: نابیــت بە حاکم، وتــم نابیت بە مرۆڤ. لە پەندێکی فارسیشــدا هاتــووە کە بــوون بە مەلاو زانا چەندە ئاســانەو مرۆڤ بوونیش چەندە گرانە.

بەڕاســتی ئەگــەر بمانەوێــت بگەیــن بــە بەختــەوەریو خوشــگوزەرانی، ئــەوا دەبێــت کردەوەکانمان مرۆڤ ئاســا بێتو مانای ڕاســتەقینەی خۆمان لە دەســت نەدەین، ئەگەر بمانەوێت هەرگۆڕانکارییەك لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕوویدات دەبێت، ســەرەتا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین، چونکە (گرنگترین شت لە ژیاندا، خودی ژیان خۆیەتی)!



نیلسون ماندێلا لە بێشکەوە تامردن..

نیلسون ماندێلا ناوی (رولیهلاهلا)بوو، واتە ئەو کەسەی درەخت دێنێتە لەرزە.. لە تەمەنیدا سێ جار هاوسەرگیری کردووە، لەوانە (راسا ماشیل) کە بێوەژن بوو، خێزانی یەکەم سەرۆکی مۆزەنبیق بوو، لە ژیانیدا زۆر زیندانی کراوەو تەمەنێکی لە تاریکی زیندانەکاندا گوزەراندووە..

ماندێلا لە ١٨ای تەمموزی ساڵی ١٩١٨، لە گوندی مفیزو لە ناوچەی (کیب) ڕۆژهەڵات لە دایکبووە.. باوکی سەرۆکی هۆزی تیمبو بووە... لە سەرەتای بیستەکانی ڕابردوودا باوکی لە پۆستی سەرۆکایەتی هۆزەکەی دەستی لەکارکێشایەوە، بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆلای دایکیو ئەو ماوەیەی کە لە ژیاندایە لە شوێنی لە دایکبوونی لە گوندی کونو.. لەگەڵ دایکیدا بیباتە سەر، لە ساڵی ١٩٢٧ ئەو کاتەی ماندێلا تەمەنی تەنها نۆ ساڵان بوو، باوکی ماڵاوایی لە ژیان کردو ماندێلای تەنها جێهێشت، وەسییەتی بۆ کەسو کارەکەی کرد کە ماندێلا لای ئەوان بێتو ئەوان پەروەردەکردنی بگرنە ئەستۆ..

ماندێلا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چۆتە قوتابخانە، یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بووە کە چووەتە قوتابخانە، پاشان لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی کردۆتە پەیمانگەی (کلارکبیری)بۆئەوەی فێری ڕۆشنبیریو کلتوری ڕۆژئاوا ببێت.

لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ڕووی کردووەتە زانکۆی هورفارد بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالوریوس، کە یەکەم زانکۆی ڕەشپێستەکان بوو لە باشوری ئەفریقیا، بەڵام بە تۆمەتی بەشداریکردن لە مانگرتنی قوتابیاندا لەگەڵ هاوڕێکەی ئولیفر تامبو لە زانکۆ فەسڵ کران.. دواتر بە شێوەی مراسلە لە زانکۆی جوهانسبورج درێژەی بە خوێندنەکەی دا، دواتر توانی بڕوانامەی یاسا لە زانکۆی ویتواترساند بەدەستبهێنێت، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، نووسینگەیەکی یاسایی کردەوە، ماندێلا یەکەم ڕەشپێست بوو کە نووسینگەیەکی یاسایی کردەوە.

چالاکی ڕامیاریی ماندێلا:

ماندێلا دەستیکرد بە خەبات لە دژی سیاسەتی ڕژێمی حکومەتی باشوری ئەفریقیا، کە بە دەست کەمینەیەکی سپی پێستی ڕەگەزپەرستەوە بوو، سیاسەتو حوکمڕانییان نکوڵیکردن بوو لە مافی ڕەشپێستەکان، هەر لە بەشداریکردنیان لە ڕامیاری وڵاتو لایەنی کۆمەڵایەتیو ئابوریی، لە کاتێکدا زۆرینەی باشوری ئەفریقیا ڕەشپێست بوون.. لە ساڵی ١٩٤٢ ماندێلا چووە پاڵ ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەفریقی، کە بانگەشەی بەرگریکردنی لە مافەکانی زۆرینەی ڕەشپێستەکان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ یەکەمجار هاوسەرگیری لەگەڵ پەرستارێکدا ئەنجامدا بەناوی (ئیفلین ماس)، لە خاتوو ئیفلین خودا چوار کوڕی پێبەخشین، یەکێکیان هەر لە تەمەنی شیرەخۆریدا کۆچی دوایی کرد، دووانیشیان کاتێك تەمەنیان گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن ماڵاواییان لە ژیان کرد..

لە ساڵی ١٩٥٢ بووە سەرۆکی لیژنەی ڕێکخراو، کە ئامانج لێی ڕێکخستنی چینەکانی گەلو شەقام بوو لە دژی سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی، بەو هۆیەوە دەستگیرکرا، حوکمی نۆ مانگ زیندانی بەسەردا درا، بەڵام لە بری جێبەجێکردنی حوکمەکەی کاری قورسیان پێدەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٦ ماندێلا یەکێك بوو لەو ١٥٦ کەسەی دەستگیرکران، تۆمەتی ناپاکییان درایە پاڵ، بە هۆی داڕشتنی پەیمانی سەربەستی تایبەت بە پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقی، دوای بەرگرییەکی سەختو هەوڵێکی بێ شومار دواجار دادگا حوکمی بەرائەتی بۆ هەمووان دەرکرد.

لە ساڵی ١٩٥٨ بە هۆی نەگونجانیان لەگەڵ خاتوو ماس بڕیاری جیابوونەوەیان دا، دواتر لەگەڵ خاتوو (وینی مادیکیزیلا) هاوسەرگیری ئەنجامدا، لەم خاتوونەش خودای گەورە دووکچی پێبەخشین..

لە ساڵی ١٩٦٠ بە فەرمی، پارتی نیشتمانی ئەفریقی قەدەغەکرا، لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا ماندێلا بڕیاری دامەزراندنی باڵی سەربازی دا، ماندێلا توانی لە دامەزراندنی باڵی سەربازیدا سەرکەوتن بە دەستبهێنێت..

ژیانی ماندێلا لە نێو زینداندا:

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ ماندێلا بووە سەرۆکی باڵی سەربازی پارتەکەی، پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٢ دوای گەڕانەوەی لە ڕاهێنانی سەربازی لە وڵاتی جەزائیر، ماندێلا بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتو جێهێشتنی وڵات بە ڕێگەی نایاسایی دەستگیرکرا، دادگا فەرمانی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند، دووبارەو هەر لە نێو زینداندا لە ساڵی ١٩٦٤ بە تۆمەتی پلاندانان بۆ کاری چەکداری دژی حکومەت بۆ جاری دووەم دادگایی کرا، دادگا فەرمانی بە زیندانی هەمیشەیی بەسەردا سەپاند.. هەرچەندە ماندێلا لە میانی دادگاییەکەیدا بۆ ماوەی چوار کاتژمێر بە سەختی بەرگری لە خۆی کرد.. بەڵام بێ ئاکام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ماندێلا فەرمانی زیندانی هەتاهەتایی هەبوو، بێ ئومێدو ڕەشبین نەبوو، بەردەوام خەونو هیوای بۆ هێنانەدی ئازادیو سەربەستی گەلەکەی خەمی لە پێشینەی بوو..

لە ساڵی ١٩٦٩ کوڕە گەورەکەی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل ماڵاوایی لە ژیان کرد، دەسەڵاتدارانی زیندان تەنانەت ڕێگەیان نەدا ئامادەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کوڕەکەی بێت.. لە ساڵی ١٩٧٧ خێزانەکەی ماندێلا (مادیکیزیلا) بۆ ماوەی هەشت ساڵ شاربەدەرکرا بۆ شارۆچکەی (یراندفورت) کە زۆر دووربوولە هەرێمەکەیانەوە.. دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ ماندێلا گواسترایەوە بۆ زیندانی (بولزمور)..

دوای چەندین ساڵ گوزەران لە نێو زینداندا، بانگەوازێك کرا بۆ دانیشتنو گفتوگۆ بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕو ئاژاوەو توندوتیژی ناوخۆی وڵات، بەڵام بەرەی ئۆپۆزسیۆن هەموو

دانیشـــتنێکیان بەســـتەوە بە مەرجی ئازادکردنی ســـەرکردەکەیان ماندێلا.. لە ســـاڵی ١٩٨٥ حکومەت ڕازیبوو بە ئازادکردنی ماندێلا بە مەرجی پەیوەســـتبوون بە دەستبەردان لە خەباتی چەکداری.. دژی سیاسەتەکانی وڵات.. بەڵام ماندێلا ئەو داوایەی ڕەتکردەوە..

لەبەرئەوە ماندێلا تا مانگی شـوباتی سـاڵی ١٩٩٠ لە زینداندا مایـــەوە.. دوای پێداگـری زۆری بـەرەی ئۆپۆزسـیۆنو هەوڵـە نێودەوڵەتییـەکان، دواجـار حکومەتـی ئـەو وڵاتە بـە فەرمانی سـەرۆک کۆمار (فریدریك کلارك) ماندێلا پاش ٢٨ سـاڵ ژیان لە نێو زینداندا ئازادکرا!!

لە ساڵی ١٩٩٣ ماندێلا لەگەڵ سەرۆک کۆمار (فریدریك کلارك) خەڵاتی (نۆبڵ)یان بۆ ئاشتی وەرگرت..

لە زیندانەوە بۆ سەرۆکایەتی باشوری ئەفریقیا:

دوای ئـەوەی لـە ١١/٢/١٩٩٠ ماندێـلا ئازادکـرا، ماندێلا خۆی کاندید کرد بۆ جێگری سـەرۆکی کۆنگرەی نیشـتمانی ئەفریقی.. لە سـەرەتای ساڵی ١٩٩٠ ماندێلا سەرکردایەتی وەفدی دانوستکاری کـرد بۆ گفتوگۆکردنی فەرمی لەگەڵ سـەرۆك (فریدریك کلارك) و بەرپرسـانی دیکەی حکومـەت.. ئامانج لەو دانوسـتانە دانانی دەسـتورێکی تایبەت بوو بۆ باشـوری ئەفریقـا، کە مافی هاوڵاتی بوونو بەشـداریکردن لە هەڵبژاردنەکان دەدات بە ڕەشپێستەکانی وڵات، کە زۆرینەی دانیشتوانی وڵات بوون..

ماندێلا بە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی پشتگیری بۆ پارتەکەی سـەردانی چەندیـن وڵاتـی کـرد، لەوانـە: کەنـەدا، بەریتانیا، ویلایەتەیەکگرتووەکانـی ئەمریـکا.. هـەر لـەو سـاڵەدا ماندێلا فەرمانی ڕاگرتـنو کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری دەرکرد، کە لە ساڵی(١٩٦٠)ەوە بەردەوام بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٩١ ماندێلا خۆی کاندید کرد بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی..

لـە سـاڵی (١٩٩٢) ماندێلا دووچاری کێشـەی خێزانی بووەوە، لەبەرئەوە بڕیاری دا کە لە خاتوو (مادیکیزێلا) جیاببێتەوە..

لـە بـەرواری ١٠/٥/١٩٩٤ یەکـەم هەڵبژاردنـی ئازادانـە کـە ڕەشپێسـتو سـپی پێسـت بۆ یەکەم جار بوو پێکەوە بەشداری بکـەن بەڕێوەچـوو، لـەو هەڵبژاردنەدا کە نزیکـەی (٢٠)ملیۆن دەنگـدەر بەشـداری تێـدا کرد، ماندێـلا توانی سـەرکەوتن بە دەستبهێنێو بووە یەکەم سەرۆکی ڕەشپێست لە باشوری ئەفریقا.. بەوەش کۆتایی بە زیاتر لە سێ سەدە هات لە سیاسەتی جیاکاری ڕەگـەزیو چەوسـاندنەوەی مرۆڤـەکان لەو وڵاتـە، تەنها لەبەر ڕەنگی دەموچاوو پێستیان..

لە بەرواری ١٨ تەمموزی ساڵی ١٩٩٨ بۆ جاری سێیەم ماندێلا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (جراسا ماشیل) کرد، کە خێزانی پێشوی سەرۆکی موزەنبیق بوو..

لە مـاوەی حوکمـی ماندێلادا باشـوری ئەفریقـا گۆڕانکاری گـەورەی بە خۆیـەوەی بینـی، بەتایبەت گێڕانـەوەی حوکم بۆ پێکهاتەی زۆرینەی وڵات، کە ڕەشپێستەکان بوون..

لە سـاڵی ١٩٩٩ ماندێلا خانەنشـین بوو، بەڵام بـەردەوام بوو لەگـەڵ کۆمەڵە خێرخوازییـەکانو بزووتنەوەکانـی مافی مرۆڤ لەسەرتاسـەری جیهانـدا، چەندیـن مەدالیـاو ڕێزلێنانی لەلایەن سەرۆکی وڵاتانەوە پێبەخشراوە..

لە سـاڵی ٢٠٠٤ ماندێلا لە تەمەنی ٨٥ سـاڵیدا بڕیاری دا بە تەواوی خۆی خانەنشـین بکاتو واز لە سیاسـەتو ژیانی گشـتی بهێنێـت، چونکە تەندروسـتیو تەمەنی ڕێگەی نـادات چالاکانە کاروبارەکانـی ڕابپەڕێنێـت، لەبەرئـەوە وای بە بـاش زانی ئەو تەمەنەی کە ماویەتی لە نێو خێزانەکەیدا بەسەری ببات..

ماندێـلا دوای ململانێیەکـی سـەخت لەگـەڵ کۆمەڵێـك نەخۆشـیدا دواجار لـە ئێـوارەی پێنج شـەممە (٥)ی کانوونی یەکەمی سـاڵی ٢٠١٣ سـەرۆکی باشـوری ئەفریقا (جاکوب زوما) لە ڕێگـەی تەلەفزیۆنی فەرمی وڵاتەکەیـەوە بە فەرمی هەواڵی کۆچیـی دوایـی ماندێلای ڕاگەیاند.. کە لە تەمەنی ٩٥ سـاڵی لە ماڵەکەی خۆیدا لە پایتەختی باشوری ئەفریقا (جوهانسبرج) بۆ دواجار ماڵاوایی لە ژیان کرد..

بەرزان ئەبوبەکر



لەبری خۆت نەمامێك بڕوێنە!



هەریەکێك لە ئێمە لای خۆیەوە حەز بەوە دەکات ئەو جێگەیەی تێیدا دەژین سەوزو خاوێن بێت، لە ژینگەیەکی ئارامو دووربین لە نەخۆشیو ناخۆشی، زۆرن ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن یارمەتی ژینگە بدەن، بە جۆرێك دەستمان هەبێت لە خاوێنکردنەوەی ئەو هەوایەی هەڵی دەمژین، ئاشکرایە بە هۆی کاری ڕۆژانەو هاتوچۆو چێشتلێنانو فڕێدانی خۆڵو خاشاك ...هتد، گرفتی هەناسەدانو هەوای پاك دێتە ئاراوە، مرۆڤی هۆشیار دڵتەنگە بەوەی ژینگە پیس دەبێت، بەبیرکردنەوە لە داهاتوو خەمبار دەبێت، کاتێك گیانەوەرێکی کێوی لە ژینگەکەی خۆیدا دەبینین دڵخۆش دەبین، تاقە درەختێك بەسەر گردێکەوە چەند جوانو شادی بەخشە.

ئایا ئارەزووی ژینگەیەکی خاوێن دەکەیت؟ تا ئێستا نەمامێکت پەروەردە کردووە؟ لە ماڵەوە، گەڕەك، شوێنی کار، شارەکەت، یان هەرێمەکەتدا؟ خەمخواردن بە تەنیا هیچ کاریگەری نییە ئەگەر نەبێت بە کردار، کردارەکانیش دەبێت بە پلانو درێژ ماوە بن، زۆر لەو نەمامانەی ساڵانە دەڕوێنرێن دوای ماوەیەکی کەم لەناودەچن، بەهۆی پارێزگاری نەکردن لێیانو ئاودێری نەکردنیان بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، یان ئەو جۆرە ڕووەکە لەگەڵ کەشو هەوای وڵاتی ئێمە ناگونجێت.

چۆن دەتوانم یارمەتی سەوزکردنی ژینگە بدەم؟ دەتوانیت بە ڕێگەی جیاواز یارمەتی سەوزکردنی ژینگە بدەیت وەك:

١- **خۆبەخش:** بە خۆبەخش یارمەتی ڕێکخراوەکانی ژینگە پارێزی بدە، خۆبەخش واتە بەخشینی کاتو توانا بە بێ بەرامبەر، هەرچەندە ئەم کارە نەبووە بە نەریت لای ئێمە، ئەمە کارێکی خێرخوازییەو سودی هەمووانی تێدایە.

٢-**کڕینی نەمام:** ئێستا کاتی ڕواندنی نەمامە، دەتوانیت کۆمەڵێك نەمامی باش بکڕیتو بیانڕوێنە، یان دابەشی بکە بۆ شوێنی شیاو، دڵنیابەرەوە لە نەفەوتانیان.

٣-**بەخشینی سامان:** پارەدان بە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە، ئەوان لە بری تۆ نەمام دەکڕنو دابەشی دەکەن بەسەر شوێنە جیاجیاکاندا. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت لە کاتی کڕینی نەمامەکاندا لەبەرچاو بگیرێت جۆری نەمامەکانە، ئایا لەگەڵ ژینگەی ناوچەکەماندا دەگونجێن؟ چاندنی نەمام بە تەنیا گرنگ نییە، بەڵکو دەبێت بیر لە ئاودێریو پارێزگاریکردنیان بکرێتەوە، بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا، دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوزایی بە دەوری شارەکاندا، پێویستە بۆشێدارکردنو خاوێنکردنەوەی هەوای شار، جوانکردنی سیمای ناوچەکە، پێویستە یارمەتی ژینگەی سەوزایی دەرەوەی شارەکانیش بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش واباشترە سوود لە ڕووەکی خۆڕسکی ناوچەکە وەربگیرێت، چونکە بەرگەی کەشو هەوای ناوچەکە دەگرێت، بەتایبەت سوتانو شکانەوەو کەم ئاوی، هەروەها دەتوانرێت لەو شوێنانەی کانیاو، یان مێرگو هەمیشە ئاوی کەمی لێیە نەمامی تێدا بڕوێنرێت، بەم کارە دڵنیا دەبینەوە لە ئاوی پێویست بۆ نەمامەکە لە وەرزی هاویندا، دەتوانرێت خەڵکی ئەو ناوچانەش هۆشیار بکرێنەوە لەسەر چۆنییەتی پاراستنی نەمامەکان.

هەموو ئەو کەسانەی پاراستنی ژینگەیان لەلا گرنگەو خێرخوازن، بە ڕێکخراوەکانیشەوە، دەبێت هەوڵبدەین ڕواندنی نەمامو پاراستنو چاودێریکردنی بکەین بە نەریت لەلای خەڵکی، هەوڵبدەین منداڵان بهێنینە ناو ئەم کارە گرنگەوە، چونکە ئەگەر منداڵان بەدەستی خۆیان نەمامێك بڕوێنن نایشکێننەوەو چاودێری دەکەن، بەم کارەمان وایان لێدەکەین بزانن ڕووەك چەند گرنگە بۆ مرۆڤ، بەمشێوەیە نەمامەکانیش لە زیانی منداڵان ڕزگاریان دەبێت. هەروەها بۆ بە نەریتکردنی سەوزکردنی ژینگە دەتوانرێت لە هەر شارێك باخچەیەك بکرێتەوە، لە کاتی هاوسەرگیری دوو کەسدا، یان هەر کەسێك منداڵی دەبێت درەختێکی بۆ بڕوێنێت، یان هەر خێرخوازێك دەیەوێت با نەمامی خۆی بڕوێنێت، چێژێك دەدات بە کارەکەو سوودی هەمووانی تێدایە.

چەند شادی بەخشە، چ هەستێکی خۆشت دەداتێ کاتێك بیر لەوە دەکەیتەوە درەختێك هەیە لەسەر ڕووی ئەم زەوییە بەدەستی تۆ ڕوێندراوە، ڕەگەکانی بەزەویدا ڕۆچوونو ئاوو خوێ هەڵدەمژن، لقەکانی بووەتە جێ حەوانەوەی چەندین پاساری، گەڵاکانی بۆ تیشکی خۆر ڕاخستووە، هەوایەکی تەڕو شێدارو پڕ ئۆکسجین بڵاودەکاتەوە، تاقی بکەرەوە هەست بەئارامییەکی گەورە دەکەیت.

ن: عبدالزیز الخضراء
و: جەلال عەبدوڵا حاجی

پەروەردە









ژیان فێری کردم

ژیان فێری کردم

سەرسامم بەو کەسانەی تاکە چەکی دەستیان، عەقڵو ژیرییانە، نەك زمانیان.. بەهێزترین وەڵامیان بێدەنگییە، نەك زۆر قسەکردن.

ژیان فێری کردم

گومانی خراپ ئەو دەردە کوشندەیە، کە هەموو شتە جوانەکان لەناودەبات.

ژیان فێری کردم

ڕۆژی وا هەیە بە ساڵێك بەسەر مرۆڤدا گوزەر دەکات، ڕۆژی وەهاش هەیە بە ئەندازەی کاتژمێرێك بەسەرتدا گوزەر دەکات.. هەردووکیان هەر ڕۆژێکەو لە ٢٤ کاتژمێر پێکهاتوون.. بەڵام هەستەکانمان تیایاندا جیاوازە.

ژیان فێری کردم

دوو شت لە مرۆڤدا هەرگیز بەردەوام نابن، گەنجیو هێزو توانا.. دوو شت لە مرۆڤدا دەگۆڕێت: سروشتو شێوە، دوو شتیش بە هەموو مرۆڤێك سوود دەگەیەنێت، ڕەوشت جوانیو لێبوردەیی، دوو شتیش بە هەموو کەس زیان دەگەیەنێت، حەسودی بردن بە خاوەن نیعمەتەکان، ڕقو کینە بەرامبەر بەخشندەکان.. دوو شتی دیکەش زیادو کەمیان زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت: خواردنو خواردنەوە، واتە نە دەبێت زۆر بخۆین، نە کەم.. دووشتیش زیادبوونیان چاکەو کەم بوونیان خراپە، پەرستنو چاکەکردن.

ژیان فێری کردم

هەندێجار پێویستە دوور بکەوینەوە، بۆئەوەی بزانین کێن ئەو کەسانەی بە شوێنماندا دەگەڕێن!

ژیان فێری کردم

لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا بژی، کاتێك هاوڕێکەت دوادەکەوێت، هاوار مەکە بەسەریدا، کاتێك شتێك لە دەستدەدەیت شینی بۆ مەکە، بیربکەرەوە هەموو شتێك لە چارەنوستدا نوسراوە..

ژیان فێری کردم

ناتوانم کەسایەتییەکی کاتی بۆخۆم دروست بکەم، لە پێناوی سەرنجڕاکێشانو سەرسامبوونی کەسانی دەوروبەر، ئەوە منم.. کردەوەو هەڵسوکەوتم، شێوەو ئاکارم، بەو جۆرەیە کە دەمبینیتو دەمناسیت، هەرگیز لە پێناوی هیچ کەسدا ناگۆڕێم..

ژیان فێری کردم

بەختەوەریو ئاسوودەیی بە نەبوونی گرفتو کێشەکان بە دەستنایەت، بەڵکو لە ڕێگەی زاڵبونو چارەسەری کێشەو گرفتەکاندا بەدەستدێت.

ژیان فێری کردم

نارەحەتیو ماندووبونی پەرستشو گوێڕایەڵی لە ژیاندا دەڕواو نامێنێت، بەڵام پاداشتەکەی دەمێنێت، چێژو تامی تاوانیش دەڕوات، بەڵام سزاکەی دەمێنێتەوە.. کامیان بۆ خۆت هەڵدەبژێریت؟

ژیان فێری کردم

پیاو هەمیشە خەون دەبینێت بە ئافرەتێکی کامڵو تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە، ئافرەتیش بە هەمان شێوە خەون دەبینێت بە پیاوێکی کامڵو تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە، هەردووکیان لە بیریان کردووە، کە خودای گەورە دروستیکردوون بۆئەوەی پێکەوە یەکتری تەواو بکەن.. واتە بە هەردووکیان ژیان تەواو دەکەن..

پەروەردەی کۆمەڵایەتی

گوڵان حەمەئەمین

ئازیزانم لەم گۆشەیەدا (منداڵی تەندروست) لە ماوەی کۆرپەلەییەوە تاتەمەنی پێنج ساڵی، ئەوەی لە لایەنی دەروونیو پەروەردەییەوە گرنگ بووە ئاماژەمان پێکردووە، ئەگەر چی هێشتا زۆرشتی ترماوە، بەڵام بە پێویستم زانی ئاوڕێکیش لە لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵ بدەینەوە، کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو نابێت لێی بێ ئاگابین.

خۆشەویستان چۆن منداڵ لایەنی تەندروستیو دەروونیو پەروەردەیی گرنگە، بە هەمان شێوەش لایەنی کۆمەڵایەتی گرنگە، چ گەورەیە دەبینی لایەنی کۆمەڵایەتی بەهێز نەبێت بە تەندروستی بزانیت؟! بۆ گەشەدان بە لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵەکە تا لە داهاتودا بتوانێت پەیوەندی بە دەوروبەرەوە سەرکەوتووانە بێت.

لەم تەمەنەدا منداڵ لەماڵەوە بێت، یاخود لە باخچەی ساوایان کرانەوەیەکی بۆ دروست دەبێت بە ڕووی کۆمەڵگەدا، بۆیە پێویستە جیاوازی نەکرێت لە نێوان تاکەکانی خێزان، فێری خۆشەویستی دەوروبەر بکرێت، بەبێ جیاوازی لە نێوان کەسوکاری دایکو باوک، ئەوە خاڵی سەرەتایە لە بیرتان نەچێت، هیچ کات ڕێی پێمەدە شەڕبکات لەگەڵ هاوڕێکانیو پشتی مەگرە، بەڵکو فێری خۆشەویستی بکە، کاتێک چکلێتێک نەستەلەیەکی... پێ ئەدەی، بڵێ ئەوەش بۆ هاوڕێکەت تافێری بەخشین بێتو لە خۆویستی بە دووربێت، بە هیچ جۆرێک مەڵی فلان پیسە مەچۆ بۆ لای، بەڵکو ئەگەر زانیت تێکەڵی لەگەڵ منداڵ خانەوادەیەك فێری ڕەوشتی ناپەسەندی دەکات، خۆت هەوڵبە دووری بخەیتەوە، بێئەوەی خۆی بزانێت، تا تۆوی ڕقوکین لە دڵیا دروست نەبێت، ڕایبهێنە هەندێ یاری بە کۆمەڵ بکاتو تێکەڵی هەندێ منداڵ بکات، بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار، فێری دیاری بەخشینی بکە، دیارییەکی بۆبکرە، دیارییەکیش بۆ هاوڕێیەکی، فێری بکە خۆی بیدات بە هاوڕێکەی، فێری بەزەیی هاتن بەرامبەر هەژارانی بکە، بڵی فلان گوناهە جلی نییە بچین جلی بۆ بکرین، یان جلێکی تۆی بۆ بەرین، بۆ ڕاهێنانی لەسەر بەهاکۆمەڵایەتییەکان، پێویستی بە پێشەنگی خۆت هەیە، پاشان بەڕێنمایی کاتێك منالی تری خۆشناوێ، بڵێ ئەو تۆی خۆشدەوێت، نمونەی بە گیانداران بۆبهێنەرەوە کە زۆر کاریگەرە، وێنەی پشیلەیەكو بێچوەکانی، یان مریشکێكو جوجەڵەکانی، بڵێ ئەها ئەوان هاوڕێکان پێکەوەن یەکتریان خۆشدەوێت، جوجەڵەیەکی بۆ بگرەو دووری خەرەوە لەوانی دی، بڵێ سەیرکە ئەها ڕادەکات بۆلای هاوڕێکانی، دەبێت تۆش بڕۆی بۆلای هاوڕێکانت، ئەمە زیاتر بۆ ئەو منداڵانەی کە کەمتر تێکەڵن، یاخود کێكو شیرینی خواردنێك دروست بکەو بڵی هاوڕێکانت بانکە پێکەوە بیخۆن ئەوان دەعوەتی تۆن.

ئەوەشمان بیرنەچێت هەندێ خانەوادە زیاد لە پێویست کۆمەڵایەتین، منالەکانیش لەو بوارە ڕۆدەچنو لایەنێکی دی لە ژیانیان فەرامۆش ئەکەن، ئەمەنە پێویستە فێری هاوسەنگیان بکەن، تا لە داهاتودا بێزراو نەبین لە دەوروبەریان.

ئامانجەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی:

١- ڕاهاتن لەگەڵ منداڵانی باخچەو دواتر لەگەڵ تاکەکانی کۆمەلگا.

٢- قبوڵکردنی کەسانی دی.

٣- لە شەرمنی زۆر ئەیپارێزێت.

٤- فێربونی ڕەوشتی منالانی دی بە ئاسانی، جا پۆزەتیڤ بێت، یاخود نێگەتیڤ.

٥- توانای گفتوگۆی بەهێز دەبێت.



6 هەڵە لە پەروەردەکردنی منداڵدا

بـوون بە دایکو باوك بە واتای دووربون لە کەمو کوڕی نییە. هەر لەساتی لە دایکبوونەوە بە دایکو باوك هەوڵدەدەن منداڵێکی بە ڕەوشـتو ئاکارجـوان باربهێنن، بـەڵام جاروبـار ئەنجامەکە پێچەوانـە دەبێتەوە. هۆی ئەم بابەتە بۆ ئـەو پەروەردە هەڵەیە دەگەڕێتەوە کە نەزانانە پەیڕەویان دەکەین. ئەگەر ئێوەش توشـی یەکێـك لەم هەڵانـە بوون، ئەم چەمکانـە بخوێننەوە تا هۆی بە هەڵەدا چونو ڕێگاچارەکانی فێر ببن.

هەڵـەی یەکـەم:- هاوڕانەبوونـی دایـكو بـاوك.. تەوجیهی پێچەوانـە "باوکت وتویەتـی نابێت سـەیری تەلەفزیۆن بکەیت! بەڵام ئەمرۆ لە ماڵ نییە، دەتوانی سەیری تەلەفزیۆن بکەیت"!

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

بە شـکاندنی یاسـاکان، ئەو هەلە بـە منداڵەکەت دەدەیت بە هەڵە سـود لە یاساکان وەربگرێت، ئەو لەم جۆرە پەروەردەوە فێر دەبێـت ئەوەی ناتوانێت لە دایکو باوکی داوا بکات، لە نەبونیاندا لە کەسێکی دیکە داوا دەکات.

چارەسـەر: هەمیشـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەت هاوڕابـە لـە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی دایدەنێن.

هەڵـەی دووەم:- "بەراوردکردنـی منـداڵ لەگـەڵ خوشـكو براکانی، یان هاوڕێکانی"

ئامۆژگارییەکی هەڵە: ''لە خوشـکەکەتەوە فێربە، ئەو زۆر لە تۆ باشترە''!

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

لە شەڕی نێوان منداڵەکاندا هەرگیز هەوڵ مەدە سوکایەتی بە یەکێکیان بکەیت، یان ئەو لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەراورد بکەیت، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی بچووکبونەوەی کەسێتی ئەو.

چارەسـەر: لە ململانێی نێوان خوشـكو بـراکان، ئامۆژگاری تەنها منداڵێکیان دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی سۆزداری، ئەگەر بڕیارە ئامۆژگاری بکەیت هەمـوو منداڵەکانت پێکەوە ئامۆژگاری بکە.. بەمشێوەیە هەموو ڕێزی یاساکان دەگرنو هەوڵنادەن یەکتری تاوانبار بکەن.

هەڵەی سێیەم:- زێدەڕۆیی‌و کەمتەرخەمی:

ئامۆژگارییەکـی هەڵـە: ''ئەگەر لەگەڵ خوشـکە بچوکەکەتدا باش بیت، دیارییەکت بۆ دەکڕم"!

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

چونکـە بەمشـێوەیە منـداڵ فێـری پێدانی دیـاری دەبێتو هەمیشـە دیاری دەکاتە مەرج بۆئەوەی لەگەڵ خوشکە بچوکەکەی



و: ڕێڤان عەلی

باش بێت، بۆیە دەبێت ئەم کارە بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئەنجام بدرێت، تا هەمیشە چاوەڕوانی پێدانی دیاری نەبێت.

چارەسەر:

بەڵێنی پێدانی دیاری بە منداڵەکانتان مەدەن مەگەر ئەوەی دڵنیابی لەوەی دەتوانی ئامادەی بکەیت، جاروبار پێدانی دیاری بە منداڵ بە مەبەستی هاندانی کارێکی باش دروستەو پەیوەندی خۆشەویستی پتەوتر دەکات، بەڵام نابێت ئەم کارە پێش ئەنجامدانی کارێکو ڕۆژانە دووبارە بێتەوە.

هەڵەی چوارەم:- ژووری منداڵ بکەیتە شوێنی سزادانی:

ئامۆژگارییەکی هەڵە: "ڕێکوپێك لەسەر مێزەکە دابنیشە، ئەگەرنا ناچار دەبیت بڕۆیتە ژوورەکەی خۆتەوە"!

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

تا دەکرێت ژووری منداڵ، یان جێگای نوستنەکەی مەکەنە شوێنێك بۆ ئامۆژگاریو سزادانی، چونکە ئەم خاڵە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی گرفتی خەو لە منداڵاندا، ژووری نوستنی منداڵ دەبێت جێگایەکی هێمنو ئاسودە بێت، تاوەکو تیایدا هەست بە ئارامی بکاتو بە خۆشی تیایدا بخەوێت.

چارەسەر: ئەگەر دەتەوێت بە هۆی ئەو کارە هەڵەی منداڵەکەت ئەنجامی داوە ئامۆژگاری بکەیت، سود لە ژوورێکی دیکە وەربگرە، بەڵام باشترە هیچ کات ئەو جۆرە کارانە ئەنجام نەدەن. ئارامی خۆتان بپارێزنو هەوڵبدەن منداڵەکانتان ڕازی بکەن بەوەی کاری دروست ئەنجام بدەن.

هەڵەی پێنجەم: سەرزەنشتکردن..

ئامۆژگارییەکی هەڵە: "دەبێت من چ گوناهێکم کردبێت، وا تۆ بەو شێوەیە خراپیت"؟

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

هەڵەی منداڵ هەرچییەك بێت، نابێت سوکایەتی بە کەسێتی بکرێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕقی لە خۆی بێتەوەو لە بەردەوامی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دایكو باوكیدا دووچاری گرفت دەبێت.

چارەسەر:

ئەگەر منداڵەکەت هەڵەیەکی ئەنجام داوە، ڕەخنە لە کارەکەی بگرە، نەك لە خودی خۆی، بۆ نموونە: لە بری ئەوەی بڵێیت: "تۆ کوڕێکی خراپیت" دەتوانیت بڵێیت: " ئەو کارە لەگەڵ ڕەفتاری جوانی تۆدا ناگونجێت، کارەکەت هەڵەبوو"!

هەڵەی شەشەم: "بەستنەوەی ئامۆژگاری بە ئایندەوە"

ئامۆژگارییەکی هەڵە: ئەگەر دیسانەوە براکەت ئازار بدەیت، دیاری دەرچوونت لە قوتابخانە وەرناگریت"!

بۆچی ئەم شێوە پەروەردەکردنە هەڵەیە؟

منداڵان بە گشتی لە بیریان دەچێت کە کاتژمێرێك پێشتر چ کارێکی هەڵەیان ئەنجامداوە، چ بگات بەوەی مانگێك، یان ڕەنگە زیاتر ئەم بابەتە لە بیریاندا بمێنێت.. وەها هەڕەشەکردنێك لە منداڵ کارێکی بێ مانایە.

چارەسەر:

منداڵان لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا دەژین، ئەگەر بڕیارە ئامۆژگاری بکەیت لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئەمەش دەکرێت بە یاری نەکردنی پاش نانخواردنی نیوەڕۆ، یان نەچوونی بۆ پارك بێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامە سلامت

بیرتان نەچێت

١- هەمیشە خاکی گوڵدانی کەسێك بە، کە ئەگەر لقەکەشی گەیشتە هەورەکان، فەرامۆشی نەکات ڕەگەکەی لە کوێ بووە.

٢- هەمیشە وابیردەکەینەوە لە بەرئەوەی گرفتارین کاتمان نییە بۆ خودا، بێ ئاگا لەوەی چون کاتمان بۆ خودا دانەناوە گرفتارین.

٣- کەسێك کە کە لوتبەرزو لەخۆباییە، ئامادەیە ون ببێت، بەڵام پرسیاری ڕێگە لە کەس نەکات.

٤- خواوەند دوو دەستی بە ئێمە داوە، تا بە یەکێکیان وەرگرینو بەوی تریش ببەخشین.

٥- کەسێك کە تەنها بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە، هاو شێوەی شۆفێرێکە کە بەرەو پێشەوە دەڕواتو سەرنجی دواوە دەدات.

٦- دوژمنەکەت ببەخشە، بەڵام هیچ کات وەك دۆست لێی مەڕوانە.

٧- کاتێك کە پێویست بە گوێگرتنە گوێبگرە، نەوەك کاتێك کە حەوسەڵەی گوێگرتنت هەیە.

٨- ئەگەر دەتەوێت کەسایەتی مرۆڤێك بناسی، ئەوا دەسەڵاتی پێبدە.

سەرچاوە: روزهای زندگی.

ڕووناك عەلی

ڕاوچییەکی هەژار!

ڕاوچییەکی هەژار بوو، خاوەنی خێزانو منداڵ بوو، کاری ڕۆژانەی بۆ پەیداکردنی بژێوی منداڵەکانی تەنها لە ڕێگەی ڕاوکردنی ماسییەوە بوو، هەر ڕۆژێك بە ئەندازەی پێویست ماسی ڕاودەکردو لە بازاڕدا دەیفرۆشتو بە پارەکەی کەلوپەلو خواردنی بۆ خێزانو منداڵەکانی دەکڕی، بەڵام چەند ڕۆژێك بوو دەڕۆیشت بۆ ڕاوو بە دەستی خاڵی دەگەڕایەوەو هیچ ماسییەکی نەدەگرت، هەرچەندە زۆر خۆی ماندوو دەکردو چاوەڕێ بوو ماسییەك ببێت بە تۆڕەکەیەوە، بەڵام بێ ئاکام بوو، کار گەیشتە ئەوەی خواردن لەماڵیاندا بەرەو کزی دەچوو..

هەرچەندە زۆر ئارامگر بوو لەسەر کارەکەی، زۆریش بە ئەزموون بوو، چونکە پیشەی چەند ساڵەی بوو، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانی ئەو چەند ڕۆژەی بێ ئاکام بوون، کار گەیشتە ئەوەی زەنگی برسێتی لە ماڵ دەستی پێکرد، ئەویش هەموو ڕۆژێك دەچووە سەر دەریاو تا خۆرئاوابوون زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵی دەدا تا توێشوویەك بۆ منداڵەکانی بباتەوە، بەڵام دووبارە ئێوارە بە دەستی خاڵی دەگەڕایەوە، منداڵەکانی چاوەڕوان بوون، باوکیان شتێکیان بۆ بێنێتەوە، کاتێك دەیانبینی دووبارە بە دەستی خاڵی گەڕاوەتەوە، هێندەی تر خەمو برسێتییەکەیان زیادی دەکرد، ئەم بارودۆخە چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو، ڕۆژێکیان تا ئێوارە هەوڵی دا، بەڵام لە زۆری هەوڵدانی بێهیوابوو، بڕیاری دا بۆ دواجار تۆڕەکەی بخاتەوە نێو دەریا، ئەگەر شتێکی چنگ نەکەوت ئەوا بگەڕێتەوە بۆ ماڵ.. بە دەم نزاوە تۆڕەکەی هەڵدایە نێو دەریا، دوای ماوەیەك تۆڕەکەی ڕاکێشایەوە هەستیکرد تۆڕەکەی قورس بووە، زۆر دڵی خۆشبوو، کاتێك تۆڕەکەی بە تەواوی دەرهێنایەوە بینی ماسییەکی یەکجار گەورەی پێوە بووە، کە هەرگیز لەوەوپێش ماسی لەو شێوەی نەدیتبوو، زۆر بەناڕەحەتی ماسییەکەی هەڵگرتو بەرەو کەنار بەڕێکەوت..

بیری دەکردەوە چی لەم ماسییە گەورەیە بکات؟؟

لەبەرخۆیەوە وتی: بەشێکی دەکەینە ژەمی ئێوارەمانو لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانمدا نۆشی دەکەین، بەشێکیشی دەکەم بە خێرو دەیبەخشم بە دراوسێکانم، بەشەکەی دیکەشی دەفرۆشم بۆ کڕینی پێداویستی منداڵەکانم..

خەونو خەیاڵەکەی بە دەنگی سەربازانی پادشا پچڕا، کاتێك

ئالانی



سەرەنجامی ستەمکاران

بینیان ماسییەکی زۆر گەورەو دەگمەنی هەڵگرتووە، وتیان: ئەو ماسییە گەورە بە کەڵکی تۆ نایەت، بماندەرێ تا بیبەین بۆ پادشا، چونکە پادشا زۆر حەز بە ماسی گەورە دەکات، لەو کاتەدا پادشا بە خۆیو چەند سوارێکەوە بەوێدا گوزەریان کرد، پادشا کاتێك ماسییەکەی بینی زۆر سەرسام بوو، فەرمانی بە سەربازەکانی کرد کە ئەو ماسییەی بۆ بهێنن..

ڕاوچی داماوو هەژاریش سەرەتا ڕەتیکردەوە کە ماسییەکەیان پێ بدات، چونکە وتی: ئەوە قوتو خۆراکی هاوسەرو منداڵەکانمە، شتێکی دیکە شك نابەین لەماڵەوە بیخۆین، لەبەرئەوە ئەگەر هەر دەتانەوێت ماسییەکە ببەن بۆخۆتان، نرخەکەیم پێ بدەن.. بەڵام سەربازانی بێبەزەیی پادشا گوێیان بۆ نەگرتو بە زۆر لێیان سەند..

کاتێك گەیشتنەوە کۆشك پادشا داوای لە چێشتلێنەرەکەی کرد کە زۆر بە جوانی ئەو ماسییەی بۆ ئامادە بکات، تا بۆ ئێوارە نۆشی بکەن..

دوای چەند ڕۆژێك پادشا تووشی نەخۆشییەکی سەیر هات، ئازار خەوی لە چاوەکانی تۆراندبوو، بڕستی لەبەر بڕیبوو، بانگی پزیشکی شاهانەیان کرد، دوای پشکنین هەواڵیان پێدا کە پەنجەی قاچی ببڕنەوە، بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە تەشەنە نەکات بەرەو سەر، پادشا زۆر بەتوندی داوای پزیشکەکانی ڕەت کردەوەو فەرمانی دا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی دەرمانێك بۆ چارەسەری، دوای ماوەیەك ئازار ئەوەندەی تر ئارامی لە پادشا بڕی، فەرمانی کرد پزیشکی لە دەرەوەی وڵات بۆ بهێنن، کاتێك پزیشکانی دەرەوە هاتنو پشکنینیان بۆ ئەنجامدا، هەواڵیان پێدا کە نەخۆشییەکە بە تەواوی پێیەکانی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت پێی ببڕدرێتەوە، دووبارە پادشا ڕزای نەبوو پێی ببڕنەوە..

دوای ماوەیەکی دیکە بۆ جاری سێیەم پزیشکەکان پشکنینیان بۆ ئەنجامدا بینیان کە نەخۆشییەکە بەرەو ئەژنۆکانی تەشەنەی کردووە، دواجار بە ناچاری پادشا ڕزایبوو قاچی ببڕنەوە، تا لەوە زیاتر نەخۆشییەکە بڵاونەبێتەوە بە جەستەیدا! پزیشکەکان قاچی پادشایان بڕییەوە!

هەر لەو ساتەدا بوو، شەڕو ئاژاوە لە نێو خۆی وڵاتدا بەرپابوو، پادشا بەم ڕووداوە ناخۆشانەی یەك لە دوای یەك بەسەری هات، زۆر سەرسامو نیگەران بوو، سەرەتا نەخۆشی خۆی، دواتر هەڵگیرسانی شەڕو ئاژاوەی ناوخۆی وڵات، فەرمانیدا حەکیمی شاری بۆ بانگ بکەن، کاتێك حەکیم ئامادەبوو، پرسیاری لێکرد بە بۆچوونی تۆ ئەم ڕووداوە ناخۆشە یەك لە دوای یەکانە هۆکارەکەی چییە؟

حەکیم کەمێك بیری کردەوەو وتی: بێگومان تۆ ستەمت لە یەکێك کردووە!

پادشا بەسەرسامییەوە وەڵامی دایەوە: من بیرم نایەت ستەمم لە هیچ هاوڵاتییەکم کردبێت!

حەکیم وتی: زۆربەباشی بیربکەرەوە، من دڵنیام شەڕو ئاژاوەو ناخۆشی ئەنجامی ستەمکردنە!

پادشا کەمێك ڕاما، دواتر ماسییە گەورەکەی بە بیرهاتەوە، بەپەلە فەرمانی کرد بە سەربازەکانی ئەو ڕواچییە لە هەر شوێنێکە بۆی بهێنن!

سەربازەکان بەرەو کەناری دەریا ڕۆیشتن، بینیان ڕاوچییەکە وەکو پیشەی هەمیشەیی سەرقاڵی ڕاوکردنە..

پێیان گوت: کە پادشای وڵات داوای جەنابتی کردووەو دەبێت لە کۆشك ئامادەبیت.

کاتێك کاکی ڕاوچی گەیشتە کۆشك، پادشا پرسیاری لێکرد، بە ڕاستی وەڵامم بدەرەوە، ئەو کاتەی ماسییە گەورەکەمان لێ سەندی، چیت کرد؟

ڕاوچییەکە بە ترسەوە وتی: جەنابی پادشا هیچ شتێکم نەکردووە..

پادشا وتی: ئەمانت پێدەدەم، مەترسە قسە بکە!

کاتێك ڕاوچییەکە دڵنیابوو، وتی: دەستەکانم بەرەو ئاسمان بڵند کردو گوتم: خودایە چۆن ئەو هێزو توانای خۆی پیشانی منی بێ دەسەڵات دا، تۆش هێزو توانای بێ شوماری خۆتی نیشان بدە!

کە دەستت ڕۆیی قەد نەکەی ستەم
چونکە ستەم ئەنجامییەتی نەدەم
تۆ دەخەویو ستەمدیدەش بەخەبەر
دوعات لێدەکات لای پەروەردگار

کەواتە هەر کات پشێویو نارەحەتی لە وڵاتدا بەرپا بوو، ئەوا بزانە لە دەرەنجامی ستەمی دەسەڵاتدارانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە کاتێك پادشای وڵات دادپەوەربێت، وڵات ئارامو هێمنو بێ کێشە دەبێت!!



بێگەرد فارس



بیرەوەرییەکانی پیرەپیاوێك؟

تەمەنم شەش ساڵ بوو، ئێوارەیەك نزیکی خۆراوابوون لەگەڵ دایکم دانیشتبووم، ئەو ئێوارەیە دایکم بە هۆی ڕەفتارە نەشیاوەکانی باوکمەوە زۆر خەمبارو دڵتەنگ بوو، دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو لە خوای گەورە پاڕایەوە کە کۆتایی

بە تەمەنی بێنێتو ئەمانەتەکەی لێوەرگرێتەوەو لەو ژیانە سەختو دژوارە ڕزگاری بکات، زۆرجار دایکم ئەو نزایەی دەکرد، بەڵام نەمزانی ئەمجارەیان خودای گەورە داواکەی دایە گیان قبوڵ دەکاتو بۆ هەمیشە ئێمە تەنیا جێدەهێڵێت، لە پاش ئەو نزایە تەنها یەك ڕۆژ ژیا، بۆ ڕۆژی دواتر دایەگیان چاوەکانی بۆدواجار لێکناو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین!

زۆری پێنەچوو، باوکم ژنێکی تری خواستو بووین بە خاوەنی باوەژن، تەنها چەند هەفتەیەك تێنەپەڕی، ئێوارەیەك بە فەرمانی باجیمان منو چوار براکەم کە لە من گەورەتربوون لە ماڵ کراینە دەرەوەو بۆ یەکجاری وەدەرنراین، ئێمەش نەماندەزانی ڕوو لە کوێ بکەین، جگە لە گریانو هەڵوەرینی ئەسرینی چاوەکانمان شتێکی دیمان لە دەست نەهات، برسێتیو سەرماو سۆڵە ئارامی لێبڕیبووین، چاوەڕێمان کرد تا شەو داهات، ئەو شەوە زۆر سارد بوو، بۆئەوەی خۆمان گەرم بکەینەوە چووینە سەربانی ماڵێك، لە خوارەوە سۆپای داریان هەڵکردبوو، ئەو زەمانە لە لادێ، تەنها سۆپای دارهەبوو، منو هەرچوار براکەم خۆمان بە گەرمی لوولەی سۆپاکە گەرم دەکردەوە، لە ناکاو دەنگێك هات، هەستمان کرد کەسێك بەرەو سەربان دێتو لە ئێمە نزیك دەبێتەوە، خاوەن ماڵەکە بوو هاتبووە سەربان تا بزانێ هۆکاری گەڕانەوەی دووکەڵەکە بۆ خوارەوە چییە، نەبادا لولەی سۆپاکە گیرا بێت!! ئێمە بە بینینی ئەو زۆر ترساین، ئەویش بە هەمان شێوە، بەڵام کە نزیکبووەوە تێگەیشت بۆ خۆ گەرمکردنەوە پەنامان بۆ ئەوێ بردووە، ئیدی دڵنەوایی کردینو لەگەڵ خۆیدا بردینی بۆ ماڵەوەیان..

ئێمە بە هۆی دووکەڵەکەوە، دەموچاومان ڕەش هەڵگەڕابوو، دەمو چاومان شۆردو لەگەڵیدا چوینە ژوورەوە، زۆر دڵخۆشبووین کە لەو سەرمایە ڕزگاری کردین، خواردنیشیان پێداینو بە تەواوی ئارام بووینەوەو چیرۆکی خۆمان بۆ گێڕایەوە، ئەوان زۆر بەزەییان پیاماندا هاتەوە، چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوەو دواتر ئەوێشمان بەجێهێشت، براکانم لە من گەورەتر بوون، بۆ ژیانی خۆیان هەریەکەو ڕێیەکی گرتەبەر، منیش هەرجارەو لە ماڵە خزمێك بووم، تا دواجار خاڵی باوکم منی گرتەخۆو بەخێوکردنی منی گرتە ئەستۆی خۆی!

نەهامەتییەکانی دوای کۆچیی دوایی دایکم زۆربوون، کە بە چیرۆکو دووان کۆتایی نایەت، بەهەرحاڵ ژیان بەردەوام بوو، بەوجۆرە ژیانم بەڕێکردو دەستم بە کارکردن کرد، بۆ بژێوی ژیانم لە پێناو بەردەوامیو مانەوە چەندین ناخۆشیو ناسۆری ژیان ڕێیان پێگرتین، تا تەمەنی سەربازیم هاتو بە هەمان شێوە لەوێش دەردی غەریبیو ناستەنگەکانی ژیان تەمەنێکم بەڕێکرد.

هەرچۆنێك بوو تەمەنی سەربازیم تەواو کردو گەڕامەوە زێدی خۆم، ئیدی بیرم لە پێکەوەنانی خێزان کردەوە، بۆ ئەو مەبەستە خاڵم کچی ئەو پیاوەی بۆ خواستم کە بە منداڵی لەسەرمادا چووینە سەربانی ماڵەکەیان، لەو ڕۆژە بەدواوە کە هاوسەرگیریم کرد تارادەیەك ژیانم گۆڕاو لە سێبەری ماڵێکی خنجیلانەدا پێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا ژیانمان دەگوزەراند..

ئەو کات باوکم لە خێزانە تازەکەی دوو منداڵی هەبوو، بەڵام بە هۆی نەگونجانیانو شەڕو ئاژاوەی بەردەوامیان لە یەك جیابوونەوەو هەر یەکەو ڕێگەی خۆی گرتەبەر، کاتێك زانیم باوکم تەنهایەو ژیانی سەختەو پیروبەساڵاچووەو توانای کارکردنی نەماوە، هێنامە لای خۆمو تا ئەو ساتەی ماڵاوایی لە ژیان کرد، خۆمو هاوسەرەکەم بێ گوێدانە هەڵوێستی ڕابردووی باوکم، بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەمان لەگەڵدا کردو خزمەتمان کرد، سوپاس بۆ خوای گەورە تەنانەت لەسەرە مەرگیشدا دوعای خێری بۆ دەکردم تا ئەو کاتەی گیانی سپارد.

ژیان بەردەوام بوو، خوای گەورە کوڕێکی جوانی پێ بەخشین، بەڵام بە داخەوە تەمەنی نەگەیشتە چەند مانگێك گیانی سپارد، زۆر خەمبار بووم بۆ مردنیو بە تەواوی کاری تێکردم، دوای ئەو منداڵەشم خوای گەورە چەند منداڵێکی دیکەی پێبەخشیم، بەڵام تەمەنیان نەدەگەیشتە ساڵێك ماڵاواییان لە ژیان دەکرد، هەربەو جۆرە حەوت منداڵمان بوو، بەڵام هەمووان بەجێیان هێشتینو ماڵاواییان لە ژیان کرد، مەرگی منداڵەکانم بە تەواوی ئازاری دەدام، ئارامگرتن زۆر سەخت بوو، لەسەر ڕەزامەندی هاوسەرەکەم ئافرەتێکی ترم خواست، قەدەری خوای گەورە وابوو هەردوو خێزانەکانم دوو گیان بوون، ژنە گەورەکەم سێ مانگ پێش ئەوی تر منداڵی بوو، سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوی تریش بەسەلامەتی هاتە دونیاو دوای ئەوە هیچ منداڵێکم نەمردوو سەلامەت بوونو خێزانەکانیشم وەك خوشك دەژیانو کەسێك زۆر نزیك نەبووایە نەیدەزانی هەر منداڵەو هی کامیانە.

سوپاس بۆ خوای گەورە منداڵەکانم پێگەیشتنو هەموو خاوەن بڕوانامەی دبلۆمو بەکالوریوسنو هەریەکەو بە کاری خۆی دامەزراوەو ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوەو خاوەنی ماڵو منداڵن، بەڵام هەموو ئەوە دەزانین ژیان چەندە خۆشی تێدابێت، ناخۆشیش هەردێتە ڕێت، یەکێکی تر لەو شتانەی کە زۆر ئازاربەخشبوو لە ژیانمدا مردنی ژنە گەورەکەم بوو، چونکە زۆر هاوکارم بوو، ئارامی لەسەر ئازارو نارەحەتییەکانی ژیانم گرت، بێئەوەی هیچ نارەزایەتییەك دەرببڕێت، ئێستەش بە تەواوی بەساڵاچووەو تەواو بێ هێزبووەو دەستەکانم لەرزۆك بوونو چاوەکانم کزبوون، نەخۆشی میوانی هەمیشەییمە، بەڵام هەر چۆنێك بێت سوپاسی خوای گەورە دەکەم، خاوەنی ماڵو منداڵمو هەفتانە لەگەڵ نەوەکانمو منداڵەکانیان کۆدەبینەوە.

کەی دێیتەوە؟

لەو ساتەوە ئەم دەڤەرەت بەجێهێشت، ئیدی ڕەنگی خۆر بزڕکا، هەورەکان تارایەکی ڕەشیان وەکو بۆیمەکەی دایکمیان پۆشی!

نمەی بارانەکەش بۆنی غوربەتو بێ تۆیی گرت! ئیدی ئەو بۆنە خۆشەی بارانیش نەما!

ئەگەر چی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت، بە یادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێکنا عەزیزم
شکا ئەستووندەکی تاولی مرادم (هێمن)

بە ڕۆیشتنی تۆ ژوورەکەم پڕ بوو لە تەنیایی، جارێکی دی وەکو شەوانی منداڵیم دەستم کردەوە گریان، ئاخر تۆ خەونی هەموو تەمەنی من بووی، لە منداڵیمەوە چاوەڕوانت بووم..

تا تۆ نەهاتی من ترسم لە تاریکیو تەنیاییو دێوەزمە نەشکا! چونکە من دەمزانی ئەو دێوەی منیان پێ دەترساند هەر مرۆڤەکان خۆیان بوون...!

تۆ ڕۆیشتیو جیهانە ئەفسووناوییەکەی من بوو بە نیشتمانی خەم!

ئەوسا زانیم "نالی" لە دووری مەحبوبە چی عەزابێکی چەشتووە، ئەگەر نا، نەیدەگوت:

دەروونم خاڵییە، وەك نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ!
بینایم کوێرە هەڵنایە بە ڕووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ
هەموو ئەعزای نالینم دەناڵێ
سەراپام مثیلی مۆسیقارە بێ تۆ -نالی-

دیدەی من دوور لە ڕووخساری تۆ بۆ کێ بنوارێ، دڵ بێ لە دەنگی تۆ بە دەنگی کێ ڕاچڵەکێو خۆی بە قوربانی کێ بکات؟ گوێ بۆ چرپەی کێ ڕاگرمو بە ڕووی کێدا پێ بکەنم؟ گیانم بۆ شاباشی بە پێیەکانی تۆ نەبێ، ئیدی بۆ چیمە؟!

تۆ نەبینن، نووری ئەم چاوانە بۆ چ!
بۆ نیساری تۆ نەبێ، ئەم جانە بۆ چ؟! -مەحوی-

تا ئەو کاتەی سەفەرت نەکرد نەمزانی دەردی هیجرانی تۆ هێندە سەختە!

نەمزانی تۆ ڕۆحی مەملەکەتەی منی! بە ڕۆیشتنت گوڵەباخەکان دەمرنو گەڵای وەنەوشەکان زەرد هەڵدەگەڕێنو گوڵستان دەبێتە پوشەڵان!

ئەو شەوەی تۆ جێتهێشتم، وەکو شەوانی چاوەڕوانی تۆ سەرما دەرزی ئاژنی دڵی دەکردم، خەریکبوو لە ژوورەکەمدا ڕەق ببمەوە!

نەمدەزانی من بە بێ تۆ خاوەنی هیچ شتێك نیم!

تۆ کە هاتی تاجی شاهانەت کردە سەرم، کلیلی گەنجینەی بەختەوەریت دایە دەستم، منت کردە ئیمپڕاتۆری سەڵتەنەتی دڵێك کە ئەم سەرو ئەوسەری دیارنەبوو!

لەبەر تاقی بڕۆت بمرم چ نابێ
کە من شایم لە بن باڵی هومادا -وەفایی-

ئەو ئێواردیەی گەڕامەوە هەواری خاڵی، ماڵ ساردو ژوان چۆڵو دیوەخان تاریك، داروبەردی کونجە وێرانەکەم دەگریان...

ترسو سامێکی تاڵ دایگرتم، نەمدەتوانی بە تەنیا لە ژوورەکەم دانیشم، هەموو شتەکانم لەلا نامۆ بوون، تەنانەت وێنەی خۆشم لە ئاوێنەکەدا نەناسییەوە!

هەتا تۆم ئاشنا بووی! ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بەموم ئەغیارە بێ تۆ -نالی-

ئەو شەوەم لە دەیجور ڕەشترو لە یەڵدا درێژتر بوو، خەو لە چاوەکانم تۆران ...

لەو ساتەوە بە هاتنی تۆ فەرشی چاوەڕوانیم تەی کرد، لە یادم نەمابوو چاوەڕوانی تۆ چەندە سەختە!

شەوی چەندە درێژە کەسێ خەوی بتارێ
چەندە ئەستەمە مەمرۆ ژووان جێبێڵێ بە جارێ!!
بۆ سەفەرت کردو جێتهێشتم؟!

ئەی مەولانا نەیگوت: ئەم شەو شەوی ئەوە نییە ژووان جێبێڵنو لەلای یاری تاقانەوە بۆلای بێگانە بڕۆن، ئەم شەو شەوی ئەوەیە کە گیانە شیرینەکان بە ئاگری ئیشتیاقدا بۆ لای یەك بڕۆن!!

خۆزگە دەتبینی گڕی دووریت چۆن دەمسووتێنێ، بەچی زمانێك دەناڵێنم، بەچی نەوایەك دەگریم!!

وا لەبەر گریانی زۆرم هەردوو دیدەم گڵ ئەکا



بۆ دەوا چاوم لە چاوت سوالی نەختێ کل دەکا -میرزا مەنگوڕی-

لە نێو شوشەی عەترەکانو پەڕەی نامەکانو بەرگی کتێبەکانمدا بۆ سرودیەکی بۆنی تۆ عەودالم..

ئەمشەو تەنیایی دەمکوژێ!

خۆ لە مەرگ ناترسم.. ئەم دووریەی تۆ هیچ ئازارێکی بۆ مەرگ نەهێشتۆتەوە. تەنها لەوە دەترسم دیدار ئاخیرەتبێنو نەتوانم جارێکی دی لە حزورتا دەستەو دامێن لەسەر ئەژنۆ دانیشم!

نیوە گیانێکم بمێنێ بەسمە تادێمە حزور

تا دوو سەد گیانت بە قوربان کەم بە نیوە گیانەوە -سەید-

ئەمشەو تەنیایی تەنیام، جگە لە خەم هاودەمێکم نییە. باوەشێك نییە پەنای بۆبەرم، لایلایەیەك نییە ژێرم بکاتەوە! ئەم شەو تۆ هەناسەکانت لێ ستاندمەوە. ئەمشەو چرای ژوورەکەمت بردوو نەتدامەوە. ئەمشەو گوڵی نێو باخچەکەت هەموو خستە نێو بوخچەکەتو جگە لە گەڵای زەرد هیچت بۆ جێنەهێشتم. بۆ وات کرد؟ خۆخەریکە بۆنی خەزان دەمتاسێنێو ڕەنگی خەزان دەمتۆقێنێ!!

لە ژێر چەتری ئەم شەوگارە، خەم ئەنۆشم بە ئەسپایی

بێجگە لە تۆ کەس شك نابەم، بمداتەوە دڵنەوایی -ئەحمەد محمد-

ئەم شەو جگە لە تەنیایی میوانێکی دیم نییە!

هەر کە دەزانێت تۆ دەڕۆی ئیتر دەبێتە دێوەزمەی سەر دڵم. ئازارم دەدات، ئەشکەنجەی ڕۆحم دەدات!

گیانەکەم... بۆ دەهێڵی، ئازارم بدەن؟ چۆن دڵتهات خۆت بڕۆیی‌و منیش تەسلیمی تەنیاییو بێ کەسی‌و غەمو دووری بکەیت؟

واتزانی بەم کارەت، پەشیمانم دەکەیتەوە؟

ڕێم نییە ئاسوودە ساتێ دابنیشم بێ خەیاڵ

دەس ترازاندن لە عیشقت بۆتە فکرێکی مەحاڵ -راجی-

من خولیای ئەوینی تۆم، بێ سرودی ئەوینی تۆ دڵم ئۆقرە ناگرێ. عیشقی تۆ، ڕەگی لە نێو ڕۆحمدا داکوتیوە. بە نێو شادەماری دڵمدا ڕۆچووە! تۆ نمەی بارانێکی کە بەیاری عومرم. بێ ئەو پروشەیە وشکەڵانێکی زەردەو ڕۆحی شەکەتم بێ چرپەی لێوی تۆ سرەوتن نازانێت!

ئەی کە خولیامت بە خۆ ڕەنگاندووە

عەتری عەشقت تاسەمی تاساندووە

من بە ڕووی چاوت ئەپەرمم واکەوا

سوری ئەم عەشقەم لە دڵ گەوزاندووە

تاکە باران ڕۆحی خاك بشواتەوە

ڕۆحی من هەردەم بەبێ تۆ ماندووە

مەستە شیعرم چونکە باسی تۆ دەکا

شیعری ئاڵم خۆی لە تۆ ئاڵاندووە

قەت مەتۆرە لەم دڵەی سەوداسەردەم

قەت مەگۆڕە خۆم بە تۆ ڕازاندووە

ئەشلێو ئاهم سەوزەکا شیعران لە دووت

چوون، کە چاوم ئەو دڵەی خوساندووە -نیان فاتمی-

کەی دێیتەوە، منو هەموو ئاواتو خۆزگەو حەزەکانم بە چەپکە نێرگزێکی ئەم بەهارەوە چاوەڕوانین.. دەتوخوا ئیتر مەڕۆو ئەم هەوارە جێمەهێڵە. باچیدی تەنیایی نەبێتە میوانم، با چیدی غوربەتی عیشق نەمکوژێ!

ئەم دەڤەرە بێ تۆ چۆڵە. ئەم بەهارە بێ تۆ زەردە. ئەم وڵاتە بێ تۆ بێ نازە..


من ئاخەوم، ئەمشەو چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆم، تا ئەو کاتەی تۆ دەگەیتە مەملەکەتی ئەوین لەگەڵ (فانی)دا، دەڵێم:

ئەگەر پێتخۆشە کوردستان وەکو جەننەت موهتەداکەی

بکە زوڵفی تەڕت شانەو سەعاتێ ڕوو بەرەو باکە

جلی کوردی لەبەرخۆکە لە بەزمی مۆدە پۆشانا

حەیاو حوسنو سەفا دەرخە، هەموویان بێ سەرو پاکە.



هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیانو دڵ دەرێ

کوا نەسیمی سوبحدەم بێ، عەرزوحاڵی من بەرێ

دەردەدارم، بێ زمانم، بێ دڵم، سەودا سەرم

ئاخ لە بۆ دڵ میهرەبانێ، هەم زمانێ، هەم سەرێ!! -وەفایی-

گەرمیانی

ئەوەل سەحەری ڕۆژێکی موبارەکە، پێش بانگی بەیانی هەزاران ئەویندارى بێدارى ئەوینى خودایی وەکو پەروانە وەدەورى کەعبەى پیرۆزدا دەخولێنەوە، هەزاران لە سوژدەو کڕنووشی ملکەچبوونو عبودییەتدا فرمێسک دەڕێژن، هەزاران دەستی نزاو پاڕانەوەیان بەرەو لاى خوداوەند بڵندکردووەو بە درودى "یارب یارب" سکاڵاى دڵى خۆیان دەکەن...!

چى ژوانێکى ئاوەدانە بە کۆڕى گەرمى عاشقانى ڕاستەقینە!

حەرەم چراخانى نورى دیدەو نورى دڵو گڕى ئەوینو شەوقى ئیمانە!

وەرەو ئازیزم لەم سەحەرە موبارەکەوە با بۆنى میسکو عەنبەرى کەعبەى شەریف ناخى دڵت مەست بکاتو سەرتاپاى بەدەنت بهەژێنێ، چاوەکانت لێکبنێو بە ئەسپى خەیاڵ ئاسمان تەى کەو بگەرە بەتحاى مەککە، بەو سەرابەدا گوزەرکە کە تیایدا بیلال بە دروشمى "أحد، أحد" گوێچکەى ئەبو جەهلەکانى کەڕ دەکرد!!

تەماشاى بسکى بە خوێن شەلاڵى سومەییە بکەو پشتى داخکراوى خەبباب ببینە!

لە دەرگاى "بەنى شەیبەوە" وەژوورکەوەو ڕووەو بەردى ڕەشو کلى چاوى ئەویندارن هەنگاو بنێ، تا تێر تێر ماچى بکەىو بە بۆنى نبووەتو ریسالەکەت ئاشنا بیت!

لە تەنیشت مەقامى ئیبراهیمەوە بە خێرایى گوزەر مەکە...

یادى "و اذ یرفع ابراهیم القواعد من البیت واسماعیل..." بکەرەوەو... لەگەڵ شنەى "رب اجعلنی مقیم الصلاة ومن ذریتی..."دا نوێژى دڵ دابەستە!

بچۆ "ملتزم"و لەگەڵ یادى "هنا تسکب العبرات"دا ئەسرینى چاوت ببارێنە!

تەماشا... عاشقانى خوداوەند چەند زۆرن!!

گەر گەواهى ئەوینو خۆشەویستىو ئیخلاصو عبودییەتت پێ نەبێت، لە نێو ئەو عاشقانستانەدا چى دەکەیت؟!

ئێرە دەڤەرێکە لە بەهەشت، سروەیەکە لە فیردەوس، لەزەتێکە لە لێوى ڕەحیقى مەختومەوە!

لێرە ئەزیزم خۆرئاوا دەبێت، بەڵام نورئاوا نابێت!

لێرە لەم دەڤەرى نورەدا جریوەى ئاوازى "ورتل القرآن..." و زیکرو یادى خوداوەند شنەى نەشئەى موستەغفیرینى ئەسحارە!

لە نیوەى شەودا گوێت لە تەپەى پێى ئەویندارانە لە نێوان سەفاو مەروادا بە سەداى "رب اغفر وارحم و تجاوز عما تعلم، انك انت الاعز الاکرم"وە، بە هەڵەداوان بەرەو عەفووى خودایى ڕادەکەن!!

خوڕەى زەمزەم گوڵاوپرژێنى ڕۆح دەکات، دڵەکان وەکو بەرگى ئیحرامەکان سپى دەبنەوە! بە ئاوى زیو دەشۆرێن!

چاوەکان بە کلى "کەعبە" سورمەڕێژ دەبن، سەرابى دونیا فەرامۆش دەکەنو بە ناخى حەقیقەتا ڕۆدەچن! لە وەهمى دونیاى فانىو مەتاعى پڕ غرور ئازاد دەبن، لێرە ئەزیزم بەندەکانى خودا لە ژێر تامى بەندایەتى بۆ خوداوەندا شا بە سەپان ناگرن!

وەکو پەروانەى دەورى شەم بە دەورى "بیت الله الحرام"دا دەخولێنەوە، ئاى لە ساتە وەختەکانى تەوافى دڵو ئۆخژنى ناخو سوکنایى ڕۆح!!

ئەو ساتەى کە فرمێسک وەکو مروارى بەسەر گۆناى تۆبەکارانا دێتە خوارێ، لاپەڕەى تاوانو گوناهى خۆیانى پێ دەسڕنەوە!

لێرەدا گەورەیى خوداو بچوکى مرۆڤ دەردەکەوێت....

دەسەڵاتى خوداو بێهێزى مرۆڤ.....

بچوکى دونیاو فراوانى مەلەکوتى خودایى!

نەعیمى زائلى دونیاو بەهەشتى نەبڕاوەى خودایى!

لێرەدا دەبینى چەندە جیاوازن ئەوانەى پەروانەى دەورى عەرشى خودانو لێرە جگە خەڵاتى لێخۆشبوونى خودایى هیچ ئاواتێکى دییان نییەو کەسانێکیش لە دۆڵى تارى دنیادا نوقم بوونو جگە لە کۆکردنەوەى خاشاکى دنیا ئامانجێکى دییان نییەو ڕاکردنیان بە شوێن دنیادا جگە لە بازنەیەکى بەتاڵ چیدى نییە!

لێرە هەموو شتەکان تامیان هەیە، هەموو ڕەنگەکان درەوشاوەن، سروەى بەیان بە بۆى چرپەى ئەویندارن موعەتتەرە!

لێرەدا ژیان بەنرخە، چرکەکانى تەمەن بەهادارە، مرۆڤ هەست بە وجودى خۆى دەکات!

لێرە لە نێو ئاپۆڕاى عاشقاندا دێیتو دەچى!

بۆنى هەناسەى فریشتە دەکەى! سەکینەى خودایى ئارامى دەبەخشێ بە ڕۆح! لە دەریاى ئەویندا دەتوێینەوە!

نامە نوریەکان

گەیشتن بە ماڵی ئەویندارى مـەزن، لەزەتێکی هێندە گەورەیە زمان ناتوانێ گوزارشی لێوەبکات..!

سەرخستنە سەر بەر دەرگای خوداوەند دوای تەمەنێك لە تامەزرۆیىو سوتانو گریانو هەڵقرچان، گەیشتنە بە موارادی دڵ!

خۆشەویستێك کە هەموو ئاواتی گەیشتنبێت بە خانەی ئەویندارەکەی دەبێت کاتی لیقا چی هەستێکی هەبێت!!

لەوێ پڕ بە گەروت دەڵێی، خوداوەند خۆشم دەوێی، گەر خۆشم نەویستبای لەو ڕێیە دوورەوە نەدەهاتم، شەرمت لێدەکەم، لە سزای سەختت دەترسم، وەگەر نا ئەوها بە کوڵ نەدەگریام، ئارەقی خەجاڵەتیم نەدەڕشت!!

خوداوەند هەموو کەسو کارو ماڵو حاڵم جێهێشتو خۆم هاویشتە نێو ماڵەکەی تۆو پەنام بۆ تۆ هێنا!

منی هەژار کێم هەیە تۆ نەبێ؟!
من بێ کەسم، بێ دەرو بێ نەوام....
تۆ نەبێ من چیم، چۆن دەژیم!
خودایە تۆ گەورەی.. بە گەورەیی خۆت بمبەخشە!
تۆ میهرەبانی بە میهری خۆت بمبورە!
تۆ دەوڵەمەندی من هەژارم
تۆ بەهێزی من لاوازم
تۆ بەخشندەی من تاوانبارم

من شەرمەندەم خودایە، وەلێ من بەندەی تۆم! خۆم بە بەندەیەکی بچوکی تۆ دەزانم، لەم گوڵزاری ڕەحمی خۆتە دەرم مەکە!

چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە، یا ڕەبی بمبەخشی
ببەخشە،بگرە،دۆزەخ،خۆڵەمێشی کەم بوو،یەك مسقاڵ -مەحوی-



ع.ش.شێرکۆ

نامەی بیستو شەش

لەگەڵ کامەران موکری شاعیردا

چاوت کەوتە نیگا ڕشتن
ئەی فریشتەی بەهەشتی من
لەرزینی دڵۆپی ئەسرین
لەسەر خونچەی گوڵمی شیرین
مەلی دڵی داخورپانم
ئاگری بەردا لە گیانم
پرسیت ئەرێ بەڕاست گیانە
تۆو (شیرینی ئەم ژیانە)؟
تۆ منت خۆش ئەوێ بە دڵ؟
وەك من گیانت هاتۆتە کوڵ؟!
من ئەڵێم: هەرچی شك ئەبەم
بە یەك تریقەی تۆی ئەدەم
تەنیا، بۆ یەك زەردەخەنە
بۆ لەرەی ئەو بەرگەردنە
هەرچیم هەیە مایەی ژیان
بە، ئانێ، ئەیکەم بە قوربان

(حەمەی ئەحمەدی تەها) ناسراو بە (کامەران موکری).
ساڵی ١٩٢٩ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، تا پۆلەکانی ئامادەیی خوێندووە.
لەسەردەمی پاشایەتی بۆگەندا چەندجار زیندانی کراوە.
لە دە ساڵ زیاتر مامۆستای (ئەدەبی کوردی) لە بەشی کوردی – کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی (سەلاحەدین) بووە.
زۆربەی چوارینە شیعرەکانی، دروشمی شۆڕشی کوردو ویردی سەر زوبانی شۆڕشگێڕانو کوردپەروەران بووە.
ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٤ لە شاری هەولێر دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو لە گردی (سەیوان)ی شاری سلێمانی سپاردەی خاك کرا.

ئاگر بە نەختێ ئاو کوژایەوە
گوڵ بە بای پاییز سەری نایەوە
بەڵام ژیلەمۆی تێکۆشانی کورد
دوای (هەزاران ئاو) هەڵگیرسایەوە
گوڵاڵە سووورەی جوانی ئازادی
دوای خەزانی زەرد هەر گەشایەوە

وەك بە تەنیا هەنگاو بنێم وەهایە
کەس لەگەڵما بەرەو ڕووناکی نایە
ئەو کەسانەی هاوڕێگەمن وەك من نین
چاوچنۆکن هەر بۆ گیرفانیان ئەژین
هەش بەسەرو زەبوون ئەو هەژارانەن
کە چاوەڕێی ڕەنجی درۆی ئەمانەن

چاوم هەڵهێنا دیم ئەم میللەتە
دیمەنی ژینی قەنارەو پەتە
گوێم بە دەنگی (ئاخ) زرنگایەوە
دەمم بە هاوار هەڵهێنایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشکۆی تۆڵە بم
قوربانی خاکو هی ئەم خۆڵە بم

